# یاساکانی

## داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری

## لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

## شلێر ڕەسوڵ محەمەد بەرزنجی

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی

کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا

لە زمانی کوردیدا

بە سەرپەرشتی

## پرۆفیسۆر. وریا عومەر ئەمین

گەلاوێژی 2704 ئابی 2004 ڕەجەبی 1425

بسم الله الرحمن الرحيم

وَ يَسئلوُنكَ عَن آلرُّوحِ قُل الرُّوحُ مِن أَمرِ رَبّيِ وَمَا أُوتِيتُم مِنّ العِلِم الاَّ قَلِيلاً.

سورة الأسراء (85)

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سەلاحەدین ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی (دکتۆرا) لە زمانی کوردی (ڕستەسازی) دا.

ناو: پ . وریا عومەر ئەمین

مێژوو: / / 2004

بە پێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: د. پەخشان سابیر حەمەد

سەرۆکی لێژنەی خوێندنی باڵا

مێژوو: / / 2004

ئێمە ئەندامانی لێژنەی تاوتوێ کردن و هەڵسەگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ قوتابییەکەدا گفت و گۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارمان دا کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                    ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردی (ڕستەسازی ) دا پێ بدرێت.

| | | |
|---|---|---|
| ناو: | ناو: | ناو: |
| ئەندام: | ئەندام: | سەرۆکی لێژنە: |
| مێژوو: | مێژوو: | مێژوو: |

| | | |
|---|---|---|
| ناو: | ناو: | ناو: |
| ئەندام: | ئەندام: | ئەندام و سەرپەرشت: |
| مێژوو: | مێژوو: | مێژوو: |

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلیجی ئادابەوە پەسندکرا.

ناو: د . سەلام حەسەن خۆشناو

عەمیدی کۆلیجی ئاداب

مێژوو:   /   / 2004

## سوپاس و پێزانین


- سوپاسێکی بێ پایانی مامۆستای سەرپەرشتم بەڕێز (پڕۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین) دەکەم کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەی گرتە ئەستۆی خۆی.
- سوپاس بۆ مامۆستای بەڕێز (پڕۆفیسۆر د . محەمەد مەعروف فەتاح) .
- سوپاسی تایبەت بۆ برای بەڕێز (د . قەیس کاکل) کە درێغی نەکردووە لە یارمەتی دانم .
- سوپاسی زۆرم بۆ هاوسەری خۆشەویستم (ئازاد) و کوڕی شیرینم (بایەخ) کە لە چاپکردنی نامەکەدا هاوکارییەکی زۆریان کردم .
- سوپاس بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و مامۆستایانەی کە بە هەر جۆرێك یارمەتییان داوم .

قوتابی

شلێر ڕەسوڵ بەرزنجی

# ئەو نیشانە و هێمایانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکارهاتووە

## ئەو هێمایانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکار هاتووە:

ئا = ئامراز

ئا ب = ئامرازی بەستن

ئا خ = ئامرازی خستنە سەر

ئا گ = ئاوەڵگوزارە

ئا گ ش = ئاوەڵگوزارەی شوێن

ئا گ چ = ئاوەڵگوزارەی چۆنیەتی

ئا گ ك = ئاوەڵگوزارەی کات

ئا گ ه = ئاوەڵگوزارەی هۆ

ئاو = ئاوەڵناو

ئە ئا گ = ئەرکی ئاوەڵگوزارەیی

ئە ب = ئەرکی بکەری

ئە بە = ئەرکی بەرکاری

ئە د = ئەرکی دیارخەری

ب = بکەر

بە = بەرکار

بە ڕ = بەر ڕستە

بە ڕا = بەرکاری ڕاستەوخۆ

بە ناڕا = بەرکاری ناڕاستەخۆ

ج = جێناو

ج خ = جێناوی خۆیی

ج ن = جێناوی نیشانە

ژ = ژمارە

ڕ = ڕسته

ك = كار

گ ك = گرێی كاری

گ ن = گرێی ناوی

گه = گەیەنەر

لا = لاڕسته

لا ئا گ = لاڕستەی ئاوەڵگوزارەیی

لا ب = لاڕستەی بكەری

لا به = لاڕستەی بەركاری

لا د = لاڕستەی دیارخەری

لا د ئا گ = لاڕستەی دیارخەری ئاوەڵگوزارە

لا د ب = لاڕستەی دیارخەری بكەری

لا د به = لاڕستەی دیارخەری بەركاری

لا د د = لاڕستەی دیارخەری دیارخەر

ن = ناو

نا = ناسیاری

هه = هەیی (تملك)

و = وشه

یا لا ب = یاسای لابردنی بكەر

# پێناسەی هەندێ زاراوە و چەمکی بەکارهاتوو لە لێکۆڵینەوەکەدا

## پێناسەی هەندێ زاراوە و چەمکی ڕێزمانی بەکارهاتوو لە لێکۆڵینەوەکەدا:-

### 1- ڕیککەوتن (Concord):

لە زمانی کوردیدا دوو دەستە ڕاناوی لکاو هەن. ئەرکی سەرەکییان ئەوەیە لەگەڵ کاردا دەردەکەون بۆ دەربڕینی ڕێککەوتن لەگەڵ بکەر و بەرکاردا. جێناوەکان بە پێی کەس و ژمارە لەم خشتەیەدا خراونەتە ڕوو:

| | | A | B |
|---|---|---|---|
| تاک | 1 | م | م |
| | 2 | ت | ی |
| | 3 | ی | Ø |
| کۆ | 1 | مان | ین |
| | 2 | تان | ن |
| | 3 | یان | ن |

کۆمەڵی (A) لەگەڵ ڕابردووی تێپەڕدا دەردەکەوێ.

کۆمەڵی (B) لە هەموو حاڵەتێکی تر (جگە ڕابردووی تێپەڕ) دەردەکەوێ.

کۆمەڵی (A) شوێنی لە ڕستەدا چەسپاو نییە، بە پێشەوەی ئەم پێنج بەشەی ڕستەوە دەلکێ بەم ڕیزە:

1- بەرکاری ڕاستەخۆ

2- بەرکاری ناڕاستەوخۆ

3- ئامرازی پەیوەندی

4- پێشگر

5- ڕەگی کار

کۆمەڵی (B) هەمیشە بۆ کەسی سێیەمی تاك لە ڕابردوودا هیچ سیمایەکی نییە، هەروەها لە داهاتوودا.

## 2- هەمان لابردن (Equidelation):

یاسایێکی بە خورتییە (زۆرەکی)یە لە ڕێبازی گوێزانەوەدا..... بە پێی ئەم یاسایە ئەو گریێ ناوییەی، کە لە لاڕستەکەدا دووبارە دەبێتەوە و ئاماژە بە یەك شت دەکەن، لەگەڵ هەمان شت لە ڕستە سەرەکییەکەدا..... لادەبرێ بۆ نموونە:

1- ئەو پیاوەی کە دوێنێ هات ئەمڕۆ ڕۆیشت.

ئەم ڕستەیە لە بنجدا لە دوو ڕستە پێك هاتووە:

أ- ئەو پیاوە دوێنێ هات.

ب- ئەو پیاوە ئەمڕۆ ڕۆیشت.

(ئەو پیاوە) لە هەردوو ڕستەکەدا ئاماژە بە یەك شت دەکەن و لە کاتی لێکدانی هەردوو ڕستەکە دووبارە دەبنەوە بۆیە لە لاڕستەکەدا لادەبرێت و (کە) ی گەیەنەری دەخرێتە سەر بەم شێوەیە:

أ- ئەو پیاوە | دوێنێ هات. | ب- ئەو پیاوە | ئەمڕۆ ڕۆیشت.

1 | 2 | 3 | 4

Ø (3)

1 + کە + 2 + Ø + 4 دەبێتە

ئەو پیاوەی کە دوێنێ هات ئەمڕۆ ڕۆیشت.

(1) و (3) ئاماژەن بۆ هەمان شت، هی دووەم لادەبرێ، چونکە بکەر لە ڕستەی زمانی کوردیدا دەکەوێتە سەرەتای ڕستە (ب، بە، ك).

یاساکەی بەم جۆرەیە:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گ ن | ئا گ | ك | گ ن | ئا گ | ك |
| 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 |
| 1 | 2 | 3 | Ø + ی کە | 5 | 6 |

تەنیا 1 و 4 (ئاماژە بە یەك شت دەکەن)

**2- بنج (Deep Structure) و سیما (Surface Structure) و یاساکانی گوێزانەوە (Transformational Rules):**

أ- بنج: ئاستێکی ڕووتی ڕستەیە، کە هەموو کەرەسە سیمانتیکی و سینتاکسی و سروشتی پەیوەندییەکانی ئەم کەرەسانە تیا ڕوون کراوەتەوە.

به سەپاندنی دەستەیەك یاسای گوێزانەوە....... هەندێ بە ئارەزوو و هەندێ بە خورتی بنجەکە دەگوێزرێتەوە سیما....... بۆ نموونە:

1- ئێمە ئەوان دەنێرین.

2- ئەوان دەنێرین.

3- ئێمە دەیانێرین.

4- دەیاننێرین.

ئەم ڕستانەی سەرەوە هەموو هاو واتان و سیمای هەمان بنجن بە سەپاندنی یاسای جیاجیا، سیمای جیاجیایان وەرگرتووە. بۆ نموونە: ڕستەی دووەم بە سەپاندنی یاسای لابردنی بکەریی هاتۆتە ئەنجام.

5- ئێمە ئەوان دەنێرین.

Ø


ک گ ن گ ن

3 2 1

3 2 Ø

ڕستەی سێیەم بە سەپاندنی یاسای جێگرکردنی بەرکار بە جێناوی لکاو، کە یاسایێکی بە ئارەزووە هاتۆتە ئەنجام:

ئێمە ئەوان دە نێرین.





دەیانێرین

ئێمە دەیاننێرین.

ڕستەی (4) لە ئەنجامی سەپاندنی هەردوو جۆرە یاساکانی لە سەرەوە باس کران.... هاتۆتە ئەنجام.

ئێمە ئەوان دەنێرین




دەیاننێرین.

## 3- ئاخنینی ڕۆنانی (SI):

کورتکراوەی (Structural Input) ە لە ڕێبازی بەرهەمهێناندا. هێمایە بۆ هەموو کەرەسە سەرەکییە پێکهێنەرەکانی سینتاکسی و سیمانتیکیی ڕستە لە بنجدا.

لە ئەنجامی سەپاندنی یاساکانی گوێزانەوە هەندێ لەم کەرەسانە لادەچن یا جێگۆڕکێ دەکەن، یا شتی زیادیان دەخرێتە سەر. ئەم کەرەسانە بە ژمارە ئاماژەیان بۆ دەکرێت و ئەنجامەکەی بە (SC) ناو دەبرێ ( گۆڕینی ڕۆنانی ) کە کورتکراوەی (Structural change) ە لە ڕێبازی بەرهەمهێناندا. ئەنجامی سەپاندنی یاساکانی گوێزانەوەیە بە سەر (SI)دا. بۆ نموونە سەپاندنی یاسای لابردنی بکەر بە ئارەزوو بە سەر ئەم ڕستەیەدا:

6- من تۆ دەبینم.

| گ ن | گ ن | ك |
|---|---|---|
| 1 | 2 | 3 |
| \| | | |
| Ø | 2 | 3 |

## 4- جێناواندن (Pronominalization): جێگیرکردنی ناوێکە یا گرێیەکی ناوییە بە جێناوێکی سەربەخۆ.

7- تۆ [ قوتابییە زیرەکەکە] دەناسیت.

↓

ك 3 ت

↓

جێناو

↓

ئەو ← تۆ ئەو دەناسی.

## 5- پێکهاتەی ڕاستەوخۆ IC (Immediate Constituent):

ڕستە هەر ئەوە نییە لە چەند وشەیێکی ڕیزکراو بە شێوەیێکی ئاسۆیی پێك هاتبێ... بەڵکو لە ڕیزە بەشێك پێك دێت. هەر بەشەی لە وشەیەك یا لە کۆمەڵە وشەیەك پێك دێت. وشەکان پێکەوە دەوری هەموو بەشەکە دەبینن و هەر یەکە دەشێ بە یەك یا چەند قۆناغێك بە تاکە وشەیێك جێگیر بکرێت بێ ئەوەی کار لە ڕێزمانێتی ڕستەکە بکات، واتە پەیوەندیی نێوان وشەکانی ڕستە لە سەر بناغەیێکی ستوونی دامەزراوە. بۆ نموونە:

8- ئەڤین و ئەسرینی خوشکم گوڵێکی جوان و قەشەنگ دەچێنن.

یەکەم دابەشکردنی ئەم ڕستەیە ئەوەیە کە دەکرێتە دوو بەشی بنجی:

ئەڤین و ئەسرینی خوشکم / گوڵێکی جوان و قەشەنگ دەچێنن.

ئەسرینی خوشکم .... دەشێ بە تاکە وشەیەك جێگیر بکرێ کە (ئەسرین) ە.

لە قۆناغی دووەمدا (ئەڤین و ئەسرین) بە تاکە وشەیەك جێگیر دەکرێ کە (ئەوان) ە.

یەکەم دابەشکردنی دەبێتە:


ئەوان گوڵێکی جوان و قەشەنگ / دەچێنن.

لە بەشی یەکەمدا دەشێ (گوڵێکی جوان و قەشەنگ) تەنیا بە (گوڵێکی جوان) جێگیر بکرێ و ئینجا تاکە وشەیەك کە (گوڵە) واتا (گوڵ دەچێنن) ئەمەی دواییش بە (دەچێنن) جێگیر دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

10- ئەوان دەچێنن.

هەنگاوەکانی شیکردنەوەی (IC) ڕستەکە لەم وێنەیەدا ڕوون دەکەینەوە:

11- ئەڤین و ئەسرینی خوشکم گوڵێکی جوان و قەشەنگ دەچێنن.




## 6- لوتکاندن (Topicalisation):

ڕێزمانی دێرین دوو بەشی بۆ ڕستە دەستنیشان کردووە کە (بنە) و (Subject) (بنەبار) (Predicate) ن.

بنە ئەو بەشەیە کە لە سەرەتای ڕستەدا دێت و باسی لێوە دەکرێ و (باسلێکراو) ی پێ دەوترێ لە ڕێزمانی نوێدا زاراوەی (Topic) بۆ ئەم چەمکە بەکار دەهێنرێت. بنەباریش باسەکەیە و ڕێزمانی نوێ زاراوەی (Coment) بۆ ئەم چەمکە بەکار دەهێنێت.

هەر یاسایێکی ڕێزمانی بەشێکی ڕستە بگوێزێتەوە سەرەتای ڕستە (بیکا بە باسلێکراو) بە لوتکاندن (Topicalisation) ناو دەبرێت بۆ نموونە:


12- هاتن شەهیدەکان بە جلی سووری ......

لە ڕستەی (12) دا شوێنی سروشتی (هاتن) کە کارە بە پێی سیستەمی ڕیزبوونی کەرەسەکان لە زمانی کوردیدا دوای بکەرە. هێنراوەتەوە پێش بە مەبەستی بایەخ پێدان و جەخت لە سەر کردن بە پێی یاسای لوتکاندن.

ئەگەر بەرکار لە ڕستەی کوردیدا کرا بە لوتکە لە ڕستەکەدا دەبێ جێناوی لکاوی سەر بەهەمان کەس و ژمارە شوێنی بگرێت وەك:

13- ئێمە تۆ دەبینین.

لە ڕستەی (13) دا (تۆ) بەرکارە بۆ لوتکاندنی دێتە بەشی پێشەوەی ڕستەکەوە. ئەمجا بە جێناوێکی لکاو (بە پێی یاساکانی دەوری بەرکاری جێناوە لکاوەکان) جێگیر دەکرێ، ڕستەکە بەم جۆرە دەگوێزرێتەوە:




## 7- تێهەڵکێشکردن (Subordination):

پرۆسەی گەیاندنی چەند دانەیەکی ڕێزمانییە بە یەکتری کە یەکی لەم دانانە سەرەکی دەبێ و ئەوەکەی (یا ئەوەکانی) ترسەر بەو دانە سەرەکییە دەبن. واتا پایەی سینتاکسییان جیا دەبێ بۆ نموونە:

14- کە تۆ هاتی نانم دەخوارد.

(کە تۆ هاتی) وەك لاڕستەیەك تێهەڵکێشی ڕستەی (نانم دەخوارد) کراوە، کە ڕستەیێکی سەرەکییە. واتە، لاڕستەکە گەیێنراوە بە ڕستە سەرەکییەکە و سەر بە ئەوە.

## 8- بەستن (هاوتاکردن) (Coordination):

پرۆسەی لێك بەستنی چەند دانەیەکی ڕێزمانییە کە لە ڕووی سینتاکسییەوە هاوپایەن (بە پێچەوانەی تێهەڵکێشکردن کە هاوپایە نین) بۆ نموونە:

[ من و تۆ و ئازاد] هاتین.

(ئازاد هات) و (نەوزاد ڕۆیشت).

کچە [ جوانە نازدارە چاو شینەکە] هات.

# فەرهەنگی زاراوەکان

# فەرهەنگی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| **Structure Input** | ئاخنینی ڕۆنانی |
| **Adverb** | ئاوەڵکار |
| **Adverbial** | ئاوەڵگوزارە |
| **Relative - Article** | ئامرازی گەیەنەر |
| **Grammatical Function** | ئەرکی ڕێزمانی |
| **Coordination** | بەستن |
| **Adjunet** | بزۆك |
| **Deep - Structure** | بنج |
| **Interdependency** | بەندێتی |
| **Optional** | بە ئارەزوو |
| **Immediate Constituent** | پێکهاتەی ڕاستەوخۆ |
| **Predictable** | پێشبین |
| **Ambiguity** | تەمومژی |
| **Pronominalization** | جێناواندن |
| **Modifier** | دیارخەر |
| **Simple Sentence** | ڕستەی سادە |
| **Compound Sentence** | ڕستەی لێکدراو |
| **Complex Sentence** | ڕستەی |
| **Dependent Clause** | ڕستەی بنجی |
| **Kernel Sentence** | ڕستەی سەرەکی |

# ژياننامەى قوتابى

قوتابى دكتۆرا (شلێر ڕەسوڵ بەرزنجى) لە پايزى ساڵى (1955) دا لە شارە خنجيلانەكەى حاجى هاتۆتە دنياوە و خوێندنى سەرەتايى لە هەولێر و ناوەندى و دواناوەندى لە كۆيە تەواو كردووە . لە ساڵى (1976) دا بڕوانامەى بەكالۆريۆسى (زمانى كوردى) لە زانكۆى سلێمانى پێدراوە بە پلەى (زۆرباشە) و چوارەمى بەشەكەى خۆى بووە .

دواتر ماوەيەك لە قوتابخانە دواناوەنديەكانى كۆيە و هەولێر مامۆستا بووە ، ماوەيەكيش لە پەيمانگەى پێگەياندنى مامۆستايان .

لە ساڵى (1989) دا لە زانكۆى سەلاحەدين بڕوانامەى ماجستێرى لە زمانى كوردى (ڕستەسازى) بە پلەى (زۆرباشە) پێدراوە و لە كۆتايى ساڵى (1992) دا ڕاژەى گواستۆتەوە بۆ زانكۆ و لە كۆليژى ئاداب – بەشى زمانى كوردى بووە بە مامۆستاى زمان تا ساڵى 2000 – 2001 لە خوێندنى باڵا (دكتۆرا) وەرگيراوە و ئێستاش نامەكەى ئامادەيە بۆ گفتوگۆ كردن .

# ناوەرۆك

**بابەت:** **لاپەڕە:**


**پێشەكی ........................................................................ 1**

1- ناونیشانی نامەكە ........................................................................1

2- هۆی هەڵبژاردنی نامەكە ........................................................................ 1

3- سنووری لێكۆڵینەوەكە ........................................................................ 2

4- گرنگی بابەتەكە ........................................................................ 2

5- ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە ........................................................................ 2

6- گیروگرفتەكانی لێكۆڵینەوەكە ........................................................................ 3

7- كورتەی نامەكە ........................................................................ 5-3

**بەشی یەكەم:**

1- پێداچونەوە و كورتە هەڵسەنگاندنێكی كارەكانی پێشتر ........................ 6

2- سەرەتا ........................................................................ 6

3- لە ڕووی ناو بردن و بەكارهێنانی زاراوەوە ........................................ 11-6

4- لە ڕووی پێناسەكردنی لاڕستەی دیارخەری ................................ 13-11

5- لە ڕووی پۆلكردنی جۆرەكانی لاڕستەی دیارخەری ........................ 21-13

6- لە ڕووی بەكارهێنانی ئامرازەكەوە ................................................ 26-21

7- لە ڕووی تێكەڵكردنی جۆری لاڕستەكان ........................................ 30-27

**بەشی دووەم:**

**1-** ڕستە و جۆرەكانی لە ڕووی ڕۆنانەوە ............................................ 36-35

أ-   ڕستەی سادە ........................................................................ 37
ب- ڕستەی لێکدراو ..................................................................... 38
پ- ڕستەی ئاڵۆز ........................................................................ 39
2- بەشە پێکهێنەرەکانی ڕستەی ئاڵۆز ........................................... 40
أ-   ڕستەی سەرەکی ............................................................... 40
ب- لاڕستە ................................................................................ 41
پ- ئامرازی گەیەنەر ............................................................. 45-41
3- فراوانکردنی ڕستە .............................................................. 60- 45

## بەشی سێیەم:

1- پۆلکردنی واتایی و ئەرکی لاڕستەکانی ڕستەی ئاڵۆز ................... 61
2- سەرەتا ........................................................................ 62-61
3- پۆلکردنی واتایی ........................................................ 64-62
4- کەموکورتییەکانی ئەم پۆلکردنە ............................................. 64
أ-   پۆلکردنی ئەرکی ........................................................ 65-64
5- هۆیەکانی پەسەند کردنی پۆلکردنی ئەرکی ................................ 66-65
6- ئەرکەکانی لاڕستە .................................................................. 66
أ- ئەرکی بکەری ............................................................... 71-66
ب- ئەرکی بەرکاری ........................................................... 76-71
پ- ئەرکی ئاوەڵگوزارەیی ....................................................... 85-76
ت- ئەرکی دیارخەریی ........................................................ 86-85

## بەشی چوارەم:

1- پێناسە و سروشتی لاڕستەی دیارخەریی ........................... 87

2- لاڕستەی دیارخەریی ........................................................ 87

3- سروشتی لاڕستەی دیارخەریی ...................................... 87-90

4- بنەما سینتاکسییەکانی پەیوەندی ئاوێتە بوون ........................ 90

أ- بوونی ئامرازی گەیەنەر.............................................. 90-91

ب- بوونی نووسەك ................................................ 91-103

پ- بوونی بۆشایی سینتاکسی ......................................... 103-108

**بەشی پێنجەم:**

1- سەرەتا ................................................................. 109

2- جۆرەکانی لاڕستەی دیارخەریی بە پێی ئەرکی سەرە و یاساکانی داڕشتنیان. 109

أ- لاڕستەی دیارخەریی بکەری و یاسای داڕشتنی ................ 109-114

ب- لاڕستەی دیارخەریی بەرکاری و یاسای داڕشتنی ........... 114-117

پ- لاڕستەی دیارخەریی دیارخەرو یاسای داڕشتنی ........... 117-121

ت- لاڕستەی دیارخەریی ئاوەڵگزارەیی و یاسای داڕشتنی ...... 121-125

3- جۆرەکانی لاڕستەی دیارخەری بە پێی شوێنیان لە ڕستەدا و یاساکانی داڕشتنیان ......................................................... 125

أ- لاڕستەی دیارخەری ناوەوە ......................................... 125 -133

ب- لاڕستەی دیارخەری دەرەوە ....................................... 133 -134

4- تەمومژی لە ڕستەی ئاڵۆزدا و یاسای داڕشتنی .............. 135-144

- ئەنجامەکان ........................................................... 145-146

- سەرچاوەکان ......................................................... 147-154

- کورتەی نامەکە بە زمانی عەرەبی ................................ 155-157

- کورتەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی ................................. 158

# پێشەکی

# پێشەکی

## 1- ناونیشانی نامەکە:

نامەکە لە ژێر ناونیشانی (**یاساکانی داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا**) یە، کە بۆ شیکردنەوە و چۆنیەتی داڕشتنی یاساکانی لاڕستەی دیارخەری تەرخان کراوە.

نامەکە کە ئەم ناونیشانەی سەرەوەی هەڵگرتووە تیایدا ئا ماژە بە زۆر بەی یاساکان کراوە، بەلاّم لەگەلّ ئەوە شدا مەرج نیە، هەرچی یا سایێك هەبێت ئاماژەی پێکرابێت، بەلاّم ئەوەندە دەڵێم: کە بە پێی توانا هەوڵی ئەوەم داوە کە ئاماژە بە زۆربەیان بکەم.

## 2- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ئەم بابەتەم لەبەر ئەم هۆیانە هەڵبژاردووە:

أ-لیکۆڵینەوەکە بابەتێکی گرنگی زمانەوانیە کە لەم دەیا نەی دوا یی (سەدەی بیستەم) دا گرنگی زۆری پێدراوە و لێکۆڵینەوەی زۆری بۆ کراوە.

ب- لە زمانی کورد یدا تا ئێستا وەك با بەتێکی تایبەتی یاساکانی داڕشتن و ڕۆنانی ڕستەی ئاڵۆز و جۆرەکانی لاڕستە بە گشتی و لاڕستەی دیارخەریی بە تایبەتی لێی نەکۆڵراوەتەوە. تەنیا نامەیێکی دکتۆرای لە سەر کراوە. بەلاّم لێکۆڵینەوەکە ڕێگای شیکردنەوەی نەگرتۆتە بەرو بە شێوەیێکی تەقلیدی نووسراوە و بایەخی سەرەکی بە کۆکردنەوەی نموونە داوە.

## 3- سنووری لێکۆڵینەوەکە:

ئا ستی سینتاک سی لە لایە نە هەرە فراوان و ئاڵۆز و کێ شەدارەکانی زمانە..... ئەم کارە هەوڵدا نێکە بۆ شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی هە ندێ لە یاساکانی دارِشتنی لارِستەی دیارخەری لە ز مانی کورد یدا کە بە شێکە لە یاساکانی دارِشتنی رِستەی ئاڵۆز و روونکردنەوەی سروشتی ئەم جۆرە رِستە و لارِستانە و جۆرەکانی، ئامرازەکانی، پێکهاتە و شوێنی لە رِ ستەدا و نزیکی و ئاشنایەتی لەگەڵ رِستەی نزیك خۆیدا. لێکۆڵینەوەکە لە چوار چێوەی ز مانی کوردی، زاری کر مانجی ناوەرِا ستدایە و هە ندێ لە نموو نەکان لە چیرۆك و بلاّوکراوەکاندا وەرگیراون.

## 4- گرنگی بابەتەکە:

رِستەی ئاڵۆز وەك بابەتێکی سینتاکسی فراوان تا ئێ ستا وەك پێوی ست لێی نەکۆڵراوەتەوە. ئەو چەند کارەش کە تا ئێستا لەم بوارەدا ئەنجام دراون زۆربەیان بە شێوەیێکی گشتی چاولێکەری و بە دەگمەن هەندێ لە یاساکانی دارِشتنی رِستەی ئاڵۆزی زمانی کوردیان دەستنیشان کردووە.

گرنگی بابەتەکە لەوە دایە، کە هەوڵ دەدا بە پێی پ ێرِەوی شیکاری کارە کە ئەنجام بدات و لە ئەنجامی شیکردنەوەدا یا ساکان دە ست نی شان دکات و بۆشاییەك ئەگەر بچوکیش بێ لەم لایەنەی رِێزمانی کوردی پرِ بکاتەوە.

## 5- رِێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینوەکە بە پێی پەیرِەوی رِێبازی وەسفی شیکاری گشتی ئەنجام دراوە. سوود لە رِێ بازی بونیەو یەت و قۆنا غە سەرەتاییەکانی رِێ بازی چۆم سکی

وەر گیراوە.... بە شێوەیێکی بابەتییا نە کەرە ستەکان پێ شکەش کراون و شیکراونەتەوە.

## 6- گیروگرفتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

ڕێزمانی کوردی بە شێوەیێکی گشتی و تاڕادەیێك با یەخێکی ئەوتۆی بە لا یەنی ڕستە سازی نەداوە. زۆر بەی ئەو چەند یا سایەی، کە لەم بارە یەوە پێشکەش کراون زیاتر لە چوار چێوەی ڕستەی سادە دان و زۆر بەیان گشتین و یاساکانییان پێش بینن(Predictable) واتە لە ئەنجامی شیکردنەوەی تیۆری نەهاتوونەتە ئەنجام.

بە شێوەیێکی گشتی کەمی باس و لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕستەی ئاڵۆز و نەبوونی سەرچاوە بە زمانی کوردی و کێشەی زاراوە...... لە گیروگرفتەکانی بە ئەنجام گەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوو.

## 7- کورتەی نامەکە:

نامەکە وەك بابەتێکی سینتاکسی بۆ دەستنیشانکردنی یاساکانی داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری تەرخان کراوە و ڕێبازی شیکردنەوەمان گرتۆتە بەر و بە پێی یاساکانی گوێزانەوە کارەکە ئەنجام دراوە.

لاڕستەی دیارخەری جۆرێکە لە جۆرەکانی لاڕستە کە بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەی ئاڵۆز دە کات و وەك دیارخەرێکی فراوانی سەرەی گرێی ناوی ئەرك دەبینێت و بە ڕستەی سەرەکییەوە بەند دەبێت.

ناوەڕۆکی نامەکە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام بریتیە لە پێنج بەش:

**بەشی یەکەم** ناونیشانی (**پێداچوونەوە و کورتە هەڵسەنگاندنێکی کارەکانی پێشتر**)ی دراوەتێ، لە چەند ڕوانگەیە کەوە باس کراوە، لە یەکەمیا ندا جۆری بەکارهێنانی زاراوەیە لەلایەن هەندێ لە ڕێزماننوسان، بۆ ئەم مەبەستەش وەك

بەرهەمی چەند ڕێزماننوسێك سەرچاوە بەكار هاتووە و ئەو زاراوانە دەستنیشان كراون كە بەرامبەر بە لاڕستەی دیارخەری بەكارهاتوون وەك (پارچەی وەسفی، پارچەی ئاوەڵناوی، ڕستەی شوێنكەوتووی دیارخەری ...... هتد) دوا تر لە ڕووی پێناسەكردنییەوە چەند پێنا سەیێكی (لاڕستەی دیارخەری) خراوە تە ڕوو كە لەلایەن ڕێزماننوسانەوە بۆ (لاڕستەی دیارخەری) كراوە دوا بە دوای ئە مەش چۆنییەتی پۆلكردنی لاڕستەكانی ڕستەی ئاڵۆز بە گشتی و لاڕستەی دیارخەری بە تایبەتی خراوەتە ڕوو و ڕاوبۆچوونی هەندێ لە ڕێزماننووسان بۆ ئەم مەبەستە خراوەتە ڕوو، ئەمجا لە ڕووی بەكارهێنانی ئامرازی گەیەنەریش بە هەمان شێوە بیرو ڕای چەند ڕێزماننووسێك باس كراوە، دەربارەی چۆنییەتی بەكار هێنانی ئامرازی گەیەنەری (كە) وەك تاكە ئامرازێك بۆ گەیاندنی لاڕستەی دیارخەری بە ڕستەی سەرەكییەوە. بە باسكردنی لایەنی تێكەڵ كردنی جۆری لاڕستەكانی ڕستەی ئاڵۆزلە گەڵ یەكتری و شیكردنەوەی چەند ڕستەیێك لە بەرهەمی هەندێ لە ڕێزماننووسان، كە لایەنی ئەم تێكەڵییەی تیا بەدی دەكرێت، كۆتایی بە بەشی یەكەم هێنراوە.

لە **بەشی دووەمی** نامەكەدا كە لە ژێر ناونیشانی (**ڕستە و جۆرە كانی لە ڕووی ڕۆنان**) دەوەیە، بە كورتی باس لە جۆرەكانی ڕستە لە ڕووی ڕۆنا نەوە وا تە (سادە و لێكدراو و ئاڵۆز) كراوە و بە شێوەیێكی فراوانتر باس لە ڕستەی ئاڵۆزو پێكهاتەكەی كراوە و بەشە پێكهێنەرەكانی (ڕستەی سەرەكی، لاڕستە، ئامرازی گەیە نەر) دەستنیشان كراوە، ئیذ جا باس لە فراوانكرد نی ڕستە بە هۆی لاڕستەی جیاجیاوە كراوە، دوا بەدوای ئە مەش باس لە بە دوایە كدا هاتنی لاڕستەكان وەك (زنجیرە لاڕستە) كراوە.

لە **بەشی سێیەمدا** بە ناونیشانی (**پۆلكردنی واتایی و ڕێزمانی لاڕستەكانی ڕستەی ئاڵۆز**) بە سەرەتایێك دە ست پ ێدەكات، دوا تر هەردووپۆلكردنە كە

(واتایی و ڕێزمانی ) لە یەكتری جیا كراوەتەوە و هەر یەكەیان بە تەنیا باسكراوە و خاڵی لاوازی و چاكەكانی هەر پۆلكردنێك و هۆ یەكانی پە سەند كرد نی پۆلكردنی ڕێزمانی دەستنیشان كراوە و دوا تر ئەركی لاڕستەكان وەك ( ئەركی بكەری و بەركاری و دیارخەری و ئاوەڵگوزارەیی ) دەستنیشان كراوە.

لە **بە شی چوارەمی** نامە كەدا كە بە ناونیشانی **(پێنا سە و سرو شتی لاڕستەی دیارخەری)** یە تیایدا پێناسەی لاڕستەی دیارخەری كراوە و سروشتی لاڕستەكە لە چەند خاڵێكدا خراوەتە ڕوو، ئینجا باس لەو بنەما سینتاكسییانە كراوە (بە پێی بیر و ڕای هەندێ لە ڕێزماننووسان ) كە بوونە تە هۆی دروست بوونی ئاوێتە بوون و بەیەكەوە بەستنی بە شەكانی ڕستەی ئاڵۆز وەك ( بوونی ئامرازی گەیەنەر، بوونی نوسەك، بوونی بۆشایی سینتاكسی ) لەگەڵ دەربڕینی ڕاو بۆچوونی تایبەتی خۆمان دەربارەی بابەتەكە.

لە **بەشی پێنجەمدا** كە دوا بەشی نامەكە دەگرێتە خۆ لە ژێر ناونیشانی **(جۆرەكانی لاڕستەی دیارخەری بە پێی ئەركی سەرە و یاساكانی داڕشتنییان)** لەم بە شەدا بە وردی لە ئەر كەكانی لاڕ ستەی دیار خەری وەك (بكەری و بەركاری و دیارخەری و ئاوەڵگوزارەیی ) دواوین و یاساكانی داڕ شتنی هەر یەك لەم ئەركانە دەستنیشان كراوە. دواتر جۆرە كانی لاڕستەی دیار خەری بە پێی شوێنییان (دوای ناو و دوای كار) دەستنیشان كراوە و بە هەمان شێوە یاساكانی داڕشتنییان دەستنیشان كراوە. لە كۆتایی بە شی پێنجەمیشدا كە كۆتایی نامەكەیە باس لە (تەمومژی لە ڕستەی ئاڵۆزدا ) كراوە، بۆ ئە مەش پێناسەی تەمومژی و جۆرەكانی خراوەتە ڕوو لە ڕستەدا بە گشتی و لە ڕستەی ئاڵۆزدا بە تایبەتی.

نامە كە بە ئەنجا مەكان و لیستی سەر چاوەكان و (ملخص البحث) و (Abstract) كۆتایی هاتووە.

# بەشی یەکەم

## پێداچوونەوە و کورتە هەڵسەنگاندنێکی کارەکانی پێشتر

# بەشی یەکەم

## پێداچوونەوەو کورتە هەڵسەنگاندنێکی کارەکانی پێشتر

### سەرەتا:

ڕێزماننووسانی کورد کەم یا زۆر لە لێکۆڵینەوە سینتاکسییەکانیاندا باسیان لە ڕستەو پۆلکردنی(لەڕووی ڕۆنان ) ەوە کردووەو بە شێوەیەکی گ شتی ئەو پۆلکرد نە دێرینە پە سەند کراوە[1] کە ڕ ستە دە کات بە دوو جۆر سادەو نا سادە. نا سادەش دەکات بە دوو جۆر ، لێکدراو و ئاڵۆز یا ئەوەتا یەکسەر سێ جۆری لێ جیا دەکا تەوە ، کە (سادە و لێکدراو و ئاڵۆز)ن. هەر چەندە ئەم پۆلکرد نە بێ کەم و کورتی نی یە لە گەڵ ئەوە شدا تا ئێ ستا ڕەخ نەی کەمی لێ گیراوەو هەوڵی ئەوە نەدراوە کە بە شێوەیەکی ترو جارێکی تر پۆلکردنی بۆ ئەنجام بدرێت و هە ندێ لە کەموکورتییەکانی کەم بکرێنەوە .

ئەم لێکۆڵینەوە یە سنووری ڕ ستەی سادەی بەزا ندووە و دەر بارەی بە شێکی ڕستەی ئاڵۆزە کە بەناوی (لاڕستەی دیارخەری ) یە بۆ یە تەنیا بە سەر ئەم بیرو بۆچوونانەدا دەچینەوە کە دەربارەی ئەم بەشە خراوەتە ڕوو.

بۆ پێداچونەوەکەش وامان بەباشتر زا نی کە لە چەند ڕووانگەیە کەوە بە سەر کارەکانی پێشتردا بچینەوە لەمانەش جۆری زاراوەی بەکارهاتوو و پێنا سە کردن و پۆلکردنی لا ڕستەکان و....

### 1- لە ڕووی ناوبردن و بەکارهێنانی زاراوەوە:-

ئەو لێکۆڵینەوە ڕێزمانییانەی کە دەربارەی لایەنەکانی (لاڕ ستەی دیار خەری) پێ شکەش کراون ، زارەوەی جیاجیا یان بەکارهێناوە، ئە مەش لە لایە نە کێ شەدارەکانی بواری زمانەوانی یە . زۆر بەی زما نەوانان لە سەر یەك زاراوە ڕ ێك

[1] کوردستان موکریانی- 1986- ل 69 و 70 و لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە- 1981- ل12.

نایەن . هەشە لە زاراوەیەك زیاتر بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنێ. بە مە گێرە شێوێنیەك لە زاراوەسازی و شیکردنەوەی زمانەوانیی کوردی دروست بووە .


لێرەدا هەندێك لەو زاراوانە، کە لە لایان هەندێ لە ڕێزماننووسان بەرامبەر بە (لاڕستەی دیارخەری ) بەکارهاتووە، دەخەینە ڕوو.

کتێبی ( دەستووری زمانی کوردی )[1] زاراوەی ( بەند ) بەرامبەر بە (لاڕستە ) بەکاردەهێنێت. دەڵێ: لە ڕستەیەکدا چەند باس هەبێت ئەوەندە (بەند )ەی تێدایە و ڕستەیەکیش بە نموونە دەهێنێتەوە بەبێ ئەوەی شیی بکاتەوە و پارچەکانی لە یەکتری جیا بکاتەوە و ناویان لێ بنێ کە ئەمەیە:

**1- ئەو منداڵەی کە دوێنێ دیتت ئەمڕۆ نەخۆش کەوت.**

کتێبی (قواعد اللغة الكردية)[2] کە بە زمانی عەرەبییە . زاراوەی (الجملة المختلطة) وا تە (ڕستەی تێکەڵ) بەرامبەر بە (ڕستەی ئاڵۆز) بەکاردەهێنێت و زاراوەی (الفقرة) بەرامبەر بە (لاڕستە) و (الفقرة الوصفية) ش بەرامبەر بە (لاڕستەی دیارخەری) بەکاردەهێنێت . ڕستەیەك بە نموونە دەهێنێتەوە و تیا یدا بە شەکانی ڕستەکە جیا دەکاتەوە و ناویان دەنێ:

**2- پیاوێ کە ئابرووی خۆی خۆش بوێ درۆ ناکا.**




---

[1] تۆفیق وەهبی □ 1929- ل30.

[2] تۆفیق وەهبی □ 1956- ل13.

کتێبی (قەواعیدی زمانی کوردی ) [1] زۆر بەکورتی لە جۆرەکانی ڕستە دەدوێ و زاراوەی ڕستەی (تێك ئالاّو) بەرامبەر بە (ڕستەی ئالۆّز) بەکارهێناوە و نموونەی بۆ دەهێنێتەوە بەبێ ئەوەی بەشەکانی ڕستەکە جیا بکاتەوە و ناویان بنێ:

**3- ئەگەر قارەمان نەکەوتایە، دەستی نە ئەشکا.**

کتێبی (قەواعیدی زمانی کوردی )[2] لە بری (ڕستەی تێك ئالاّو ) زاراوەی (ڕستەی تێ کەڵ ) بەکاردەهێنێت و هەردوو بەشی ڕستەکە (شاپارچە) کە بەرامبەر بە ڕستەی سەرەکی و (پارچەی تابیع) کە بەرامبەر بە (لاڕستە) بەکاری دەهێنێت لە یەکتری جیادەکاتەوە و (پارچەی وەسفی)یش بۆ (لاڕستەی دیارخەری) بەکاردەهێنێت .

لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی)[3] دا جیاوازیەکی ئەوتۆ لە بەکارهێنانی زاراوەکاندا بەدی ناکرێت. تەنیا ئەوەندە نەبێت، کە لەبری (پارچەی تابیع) (پارچەی شوێنکەوتوو) و (پارچەی ئاوەڵناوی) ش بۆ (لاڕستەی دیارخەری) بەکاردەهێنێت.

کتێبی (ڕێزمانی کوردی)[4] زاراوەی (ڕستەی شوێنکەوتوو) بەرامبەر بە (لاڕستە) دادەنێت و باس لە لاڕستەی دیارخەری ناکات.

لە کتێبی (ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتووخواز لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری لە دیالێکتە ناوەندیەکانی زمانی کوردی دا )[5] زاراوەی (ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری) بەرامبەر بە (لاڕستەی دیارخەری) بەکارهێناوە.

---

[1] نوری عەلی ئەمین  1956 ل13.

[2] نوری عەلی ئەمین - 1958 ل22-25.

[3] نوری عەلی ئەمین 1960 ل49-53.

[4] ئەحمەد حەسەن ئەحمەد  1978  ل 172.

[5] ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم- 1980- ل35.

لە کتێبی (زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراوورددا)[1] زاراوەی (ڕستەی ئاوێتە) لەبری (ڕستەی ئاڵۆز) بەکارهاتووە و (ڕستەی سەرەکی) و (ڕستەی لاوەکی) وەك دوو زاراوە بۆ بەشەکانی ڕستەکە (ڕستەی سەرەکی و لاڕستە) بەکار دەهێنێ و نموونە یەك دەهێنێتەوە تیا یدا لاڕستەکە دەستنیشان دەکات و دەڵێ (وەختی وا هەیە ڕستەی لاوەکی جێگای ئاوەڵناو دەگرێتەوە):

**4- ئەو پیاوەی کە زۆر قەڵەوە ، لەسەرخۆ دەڕوات بەڕێوە.**

لاڕستەی ئاوەڵناوی

ڕستەی سەرەکی

وتاری [ (کە) لە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کورد یدا][2] زاراوەی (وەچەڕستە)ی بەرامبەر بە (لاڕستە) دا ناوە و دەڵێ ( ئەم وەچەڕستانە پەیوەندیی یەکی ئاوەڵناوییا نەیان لەگەڵ وشەی ( سەرە) دا هەیە ، وا تە وەك سیفەتێکی سەرە بەکارهاتووە.

(کورتەیەك لە ڕێزمانی کوردی)[3] (ئاوێتەی ڕەوشی) بەرامبەر (لاڕستەی دیارخەری) بەکاردەهێنێ.

کتێبی (سینتاکسی ڕستەی سادە)[4] زاراوەی (ڕستەی تێکەڵ) بەرامبەر بە (ڕستەی ئاڵۆز) و (پارستەی شوێنکەوتووی دیارخەری) بەرامبەر بە (لاڕستەی دیارخەری) بەکار دەهێنێ.

---

[1] محەمەد ئەمین هەورامانی- 1980 ، ل310 و315.

[2] محەمەد ئەمین هەورامانی- 1982 ، ل20.

[3] صالح حسێن پشدەری- 1985 ، ل75.

[4] کوردستان موکریانی- 1986 ، ل 76.

کتێبی (ڕێزمانا کوردی کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری)[1] دوو زاراوەی بە هەردوو دیالێکت (ژوورو خواروو) بەکارهێناوە وا تە (ڕستەی گەلەلێکدای) و (ڕستەی تێکەڵ) بەرامبەر بە (ڕستەی ئاڵۆز) و (پرت) و (پارچە) ی بەرامبەر بە (کلۆس) بەکارهێناوە و (پرتا سەرەکە) بۆ (ڕستەی سەرەکی) و (پرتاب دوی کەفتی) بەرامبەر بە (لاڕستە). لاڕستەش دا بەش دەکاتە سەر سێ جۆر ناوی و ئاوەڵناوی و ئاوەڵکاری، (پارچەی ئاوەڵناوی) بەرامبەر بە (لاڕستەی دیارخەری) بەکاردەهێنێت و ئەم ڕستەیەشی بە نموونە هێناوەتەوە (کە تا ڕادەیێك لەنگی پێوە دیارە:

**5- ئازا گەیشتە ماڵ کە لەرزوتای هەبوو.**

پرتا سەرەکە — پرتا ب دوی کەفتی

کتێبی (دستور زبان کردی)[2] زاراوەی (ڕستەی تێکەڵاو) بۆ (ڕستەی ئاڵۆز) دادەنێ و زاراوەی (ڕستە پایە) بۆ (ڕستەی سەرەکی) و (ڕستەی پەیڕەو) بۆ (لاڕستە) بەکاردەهێنێ و (نەخشی سیفەت) بۆ ئەو لاڕستە دیارخەرییانە بەکاردەهێنێت کە وەك سیفەت کار دەکەن و ئەم نموونەیەش دەهێنێتەوە:

**6- ئەو پیاوەی کە لە جیرانەتی ئێمەدا دەژیا لە بۆمبابارانداکوژرا.**

ڕستەی پەیڕەو

ڕستەی پایە

لە کتێبی قوتابخانەکاندا[3] (زمان و ئەدەبی کوردی) زاراوەی (پاڕستەی هاوەڵناوی) بەرامبەر بە (لاڕستەی دیارخەری) بەکارهاتووە.

---

[1] صادق بهاءالدین- 1987 ل76.

[2] ئەحمەد قازی - 1988- ل94.

[3] لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە- 2002- ل 17.

به شێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردیدا دەربارەی بەکارهێنانی زاراوەوە هەردوو زاراوەی (پاڕستە) و (لاڕستە) بەکارهاتوون ، زاراوەی پاڕستە بۆ ئەو ڕستە بەندا نە بەکارهاتووە کە شوێنکەوتووی ڕ ستەیەکی ترن ، وا تە سەربەخۆیی سینتاکسییان نییە ، بەلاّم زاراوەی لاڕستە لە هە ندێ سەر چاوەدا[1] بەو چەمکە بەکارهاتووە کە دەشێ سەربەخۆیی خۆی هەبێت و بەندی ڕ ستەیەکی تر نەبێت ، بە تایبەتی لە پارچە گوتنێکدا، کە بە بیروڕای ڕێزماننووسە دێرینەکان، ئەگەر لە ڕ ستەیەکی سەرەکی و دوو پاڕستە پێك هاتبێت ئەوا لای د. محەمەد مەعروف ئەم پارچە گوتنە بە سێ لاڕستە دادەنرێت، واتە هەردوو پاڕستەکە و ڕستە سەرەکییەکە دەبن بە سێ لاڕستە، بەپێی ئەم بۆ چوونە لاڕ ستە دە شێ سەربەخۆ بێت لە هە ندێ کا تداو سەربەخۆ نەبێت لە هەندێکی تردا. پەسەند کردن و بەکارهێنانی زاراوەی لاڕستە لای ئێمە دیارە لەبەر ئەم هۆیانە بووە:

1- گرفتی تێکەڵ بوونی ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆز تاڕادەیەك چارەسەر دەکات.
2- لاڕستە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا ئەو کاتا نە بەکاردێت کە ڕ ستەکە ئاڵۆز بێت. ئە گەر ڕ ستەکەش سادە بوو ئەوا ئا سایی زاراوەی ڕ ستە بەکار دەهێنرێت.

## 2- لەڕووی پێناسە کردنی ((لاڕستەی دیارخەری)).

لاڕستەی دیارخەری لە سەرچاوە کوردییەکاندا چەند پێنا سەیەکی بۆ کراوە و بەشێوەیەکی گشتی لەزۆربەی پێناسەکاندا شیکردنەوەی ناوەڕۆك بووە بە بنەماو واتای لاڕستەکە لێك دراوەتەوە و لایەنی ڕێزمانی و شیکردنەوەی پێکهاتەکەی پشت گوێ خراوە ، بۆیە لە نێوان پێناسەکاندا جیاوازی کەمە. لێرەدا هەندێ لەو پێناسانە دەخەینە ڕوو:

[1] محەمەد مەعروف فەتاح- 1990 - ل97-100.

له كتێبی (قواعد اللغه الكرديه)[1] دا بهم جۆره پێناسهی (لاڕستهی دیارخهری) كراوه (ئهو لاڕستهیهیه كه وهسفی ئهو ناوه دهكات كه له ڕسته سهرهكییهكه دایه).

(كتێ بی قهواعیدی ز مانی كوردی)[2] لاڕ ستهی دیا خهری كه به (پار چهی وه سفی) ناوده بات بهم شێوهیه پێنا سه ده كات [ ئهو ڕ ستهیهیه ( ئهو پار چه شوێنكهوتووهیه) كه وهسفی ناوێ یا ڕاناوێ ئهكا له شاپارچهدا].

كتێ بی (ڕ ستهی لێ كدراوی شوێنكهوتووخوازن......هتد)[3] له پێنا سهكردنی لاڕستهی دیارخهری كه به (ڕستهی شوێنكهوتووی دیارخهری) ی ناو دهبات دهڵێ: (ڕستهی شوێنكهوتووی دیارخهری ئهركی دیارخهرێكی فراوان جێ بهجێ ده كات، كه دهگهڕێتهوه سهر بهشێكی ڕستهی سهرهكی و پێك هاتووه له ناوی وجودی).

كتێ بی (زاری ز مانی كوردی له ترازووی بهراووردا)[4] پێنا سهیهكی لهباری لاڕستهی دیارخهری نهخستۆته ڕوو تهنیا كه باسی ڕستهی لاوهكی ( كه له جیاتی لاڕستهی دیارخهری بهكاری دههێنێت) دهكات دهڵێ: ئهم ڕسته لاوهكییا نه بهپێی ئهركی سهرشانیان سێ جۆرن یهكێك لهوانه ئهوانهن كه جێگای ئاوهڵناو دهگرنهوه.

كتێبی (كورتهیهك له ڕێزمانی كوردی)[5] لهژێر ناوی ئاوێتهی ڕهوشی (وهسفی) یا ئاوهڵناوی ، دهڵێ: پاڕستهیهكه جۆره سیفهتێكی نیهادی شاڕستهكهی تێدایه.

كتێبی (سینتاكسی ڕستهی ساده)[6] له پێناسهی لاڕستهی دیارخهرییدا ده لێ: (ڕستهی شوێنكهوتووی دیارخهری وهك دیارخهر بهدوای نێو ێك ده كهوێت كه له

---

[1] تۆفیق وههبی – 1956- ل87 .

[2] نوری عهلی ئهمین – 1958 – ل25 و 1960- ل53.

[3] ئیبراهیم عهزیز ئیبراهیم – 1980 – ل35.

[4] محهمهد ئهمین ههورامانی- 1981- ل315.

6

[5] صالح حسێن پشدهری- 1985- ل75.

كوردستان موكریانی –1986- ل78.

ڕستەی سەرەکیدایە و ئەو نێوە چ بەرجە ستە بێت و چ د یاردە جۆری کاریگەری و باری ڕوون دەکاتەوە).

کتێبی (رێزمانا کوردی کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری)[1] بەم شێوەیە پێناسەی لاڕستەی دیارخەری دە کات: ( ئەو پارچە شوێنکەوتووەیە لە ڕستەی تێکەڵدا کە وەسفی ناوێ یا جێناوێ دەکات لە شاپارچەدا ).

لە کتێبی قوتابخانەکاندا (زمان و ئەدەبی کوردی)[2] لاڕستەی دیارخەری بەم شێوەیە پێناسەکراوە: (ئەو ڕستەیەیە کە سەر بە شارستەیە و واتاکەی بە واتای ویەوە بەندەو وەسفی ناوێك دەکات لە شارستەدا ).

لەم پێناسەی سەرەوەدا مەرج نییە هەمووکاتێك سەرەکە هەر ناو بێت و زۆربەی پۆلە ڕێزمانییەکان (بەشەکانی ئاخاوتن) دەتوانن ئەم ئەرکە بدینن هەتا گرێی بەندیش

## 3- لەڕووی پۆلکردنی جۆرەکانی لاڕستەی دیارخەری:-

گەلێ بیروڕای جیاواز دەربارەی پۆلکردنی لاڕستەی دیارخەری لە لایەن ڕێزماننووسانەوە خراوەتە ڕوو، ڕێزماننووسان کە دێنە سەرباسی ڕۆنان و پێکهاتەی ڕستەی ئالۆز و لەباسی لاڕستەکاندا ئاماژە بەچەند جۆرێك لەم لاڕستانە دەکەن وەك لاڕستەی ناوی و ئاوەڵناوی و ئاوەڵگوزارەیی[3]، لێرەدا هەندێ لەو پۆلکردنانە دەخەینە ڕوو:

---

[1] سادق بەهائەدین- 1987- ل461.

[2] لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە- 2002- ل17.

[3] (وەك تۆفیق وەهبی و نوری عەلی ئەمین و محەمەد ئەمین هەورامانی وهی تر).

لە (ڕێزمانی کوردی)[1] دا لاڕستەکان سێ جۆریان لێ جیاکراوە تەوە، ناوی و ئاوەڵ ناوی و ئاوەڵ کاری، بۆ پارچەی ناوی دە لێ دەبێ تە بکەرو بەدەل و موزاف ئیلەیهی و.....هتد ئەم ڕستانەش بە نمونە دەهێنێتەوە:

**7- ئەوەی کە ڕاوەستاوە باوکمە.**

**8- ئەوەی کە پشتیوانی کرێکار و جوتیارە پێشەوای مەزن عەبدولکەریمە.**

**9- ئەو هەنارەی کە لە جەواڵەکەدایە هی ئێوەیە.**

لە نموو نەکانی (7، 8، 9) دا کەوەك نموو نە بۆپار چەی ناوی هاتۆ تەوە لاڕ ستەکانی (کەڕاوە ستاوە) و (کەپ شتیوانی کرێ کار و جوت یارە) و ( کە لە جەواڵەکەدایە) بوونەتە بکەر و بەدەل و موزاف ئیلەیهی.

لە باسی پارچەی ئاوەڵناویشدا دوو نموونە دەهێنێتەوە:

**10- ئەو کوڕەی کە گالۆکەکەی بەدەستەوە بوو شوانە.**

**11- ئەوەم دی کە پەمووی ئەچاند.**

ئە گەر بە وردی سەرنج بدەینە ئەو پێنج ڕ ستەی سەرەوە (7، 11، 10، 9، 8) دەبینین کە لاڕستەکانی (کەڕاوەستاوە) و (کە پشتیوانی کرێکار و جوت یارە) و ( کە لە جەواڵەکەدایە) و (کە گالۆکەکەی بەدەستەوە بوو) و (کە پەمووی ئە چاند) لە ڕووی ئەرکی ڕێزمانییەوە هیچ جیاوازییەکیان نییە و هەموویان وەك لاڕستەیەکی دیار خەریی کاردە کەن و بوونە تە دیار خەری سەرەکان لە گرێی ناوی ڕ ستە سەرەکییەکانی ( ئەوە باوکمە) و ( ئەوە پێشەوای مەزن عەبدولکەریمە) و ( ئەو هەنارە هی ئێوەیە) و (ئەو کوڕە شوانە) و (ئەوەم دی).

لە نموو نەی (7)دا دە لێ: ( کە ڕاوە ستاوە) پار چەیەکی شوێنکەوتووە بۆ تە بکەری فرمانی (.. ـە) ی بێ هێز. لێرەدا دە لێین: ( کە ڕاوە ستاوە) نابێ تە بکەر،

---

[1]نوری عەلی ئەمین- 1960 ل52-53.

چونکه ناتوانێ شوێنی ( باوکم) بگرێتەوە، بەڵکووەك دیارخەرپێنا سەی ( ئەو کەسە) دەکات کە باوکمە (بکەری ڕستەکەیە) وا تە ئەو کە سە ( کە ڕاوە ستاوە) باوکمە.

بە هەمان شێوەش دەربارەی هەردوو نموونەی (8،9) لاڕستەکان بوونە تە لاڕستەی دیارخەریی بۆهەردوو سەرەکان لە گرێی ناویی ڕستەی سەرەکیدا کە بریتین لە (پێشەوای مەزن عەبدولکەریم) و ( ئەو هەنارە) کە ئەرکی بکەر دەبینن و لاڕستەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە.

لە باسی پارچەی ئاوەڵناویدا کە نموونەی (10،11)ی بۆ دەهێنێتەوە، لە ڕستەی (10) دا لاڕستەی ( کە گالۆکە کەی بەدە ستەوە بوو) لاڕستەیەکی دیارخەرییە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەی گرێ ی ناوی (کوڕ) ئەرکی بکەریی دەبینێ لە ڕستەکەدا.[1] بەلاّم لەڕستەی (11) دا لاڕستەی دیارخەری (کە پەمووی ئە چاند) وە سفی ( ئەو کەسە) دەکات کە پەمووی دەچاند، لێرەدا (ئەوە) جێناوی نیشانەیە نەك جێناوی کە سی. وا تە لاڕ ستە دیارخەرییە کە دەگەڕێ تەوە بۆ( بەرکار)ی ڕ ستەکە کە (ئەوە)یە. ئەمە ئەگەر لەڕووی ئەرکی ڕێزمانییەوە لە ڕستەکە بڕوانین، بەلاّم ئە گەر لە ڕووی واتاوە بڕوانینە ڕستەکەو ناوەڕۆکەکەی شی بکەینەوە ئەوکا تە دەردە کەوێ کە لە ڕستەی (11) دا لاڕستەی ( کە پەمووی ئە چاند) پەیوە ندیی کاتی ڕوودان دەستنیشان دەکات وا تا ( ئەوکە سە، پیاوە، کوڕە ......هتد)م د یت کە پەمووی ئەچاند، ئامرازی (کە) ش لێرەدا لە ڕووی واتاوە لێك دەدرێ تەوە و وا تای (کاتێك، لەکاتێ کدا ...) دەدات و ئا سایی لە شوێنی ( کە) بەکاردێن، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە جیاکردنەوەی واتا و ڕێزمان کارێکی ئاسان نییە، چونکە لەلا یەك

---

[1] بڕوانە (لاڕستەی د یارخەریی بکەری) ل 109.

پۆلەڕێزمانیەکان وا تادارن ولەلا یەکی تریش ڕستە خۆی لە بنەجدا دانە یەکی ڕێزمانییە.

لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی)[1] لە ژێر ناوی (ناوی گەیەنەر)دا (الاسم الموصول) ژمارەیەکی زۆر ڕستە بەرچاو دەکەوێت، بەبێ ئەوەی باس لە پۆلکردن بکات. بێجگە لە مەش زۆر بەی زۆری لاڕستەکان دیار خەریین بەلاّم ئاماژە یان پێ نەکراوە و دەستنیشان نەکراون وەك:

**12- ئەمە ئەوەیە کە ویستت.**

**13- ئەوانەی کە هاتن براکانم بوون.**

لە ڕستەی (12، 13) دا (کە ویستت) و(کە هاتن) وەك دوو لاڕستەی دیارخەریی سەرەی گرێی ناوی ڕستەی سەرەکی (ئەمە ئەوەیە) و(ئەوانە براکانم بوون) ئەرك دەبینن بەلاّم ئاماژەیان پێ نەکراوە و جۆرەکەیان دەستنیشان نەکراوە.

لە کتێبی (ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتووخوازی...)[2] دا هاتووە: (ئەو ناوەی کە ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەریی دەگەڕێتەوە سەری پێی دەوترێ ناوی دیارخراو و دەتوانێ ببێ بە موبتەداو، موبتەداش دەشێ ناو، ڕاناو، گرووپی سینتاکسی، ئاوەڵناو بێت)، بۆ هەموو ئەمانەش نموونەی هێناوەتەوە. لە نموونەیەکدا وای لەقەڵەم دەدا کە موبتەدا گرووپی سینتاکسییە و ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەریی بۆ دەگەڕێتەوە:

**14- ئازربایجان، کە دوو ملیۆن دانیشتوانی هەیە، هەمووی شوێنی کورد بووە.**

لە نموونەی (14) دا (ئازربایجان) وەك موبتەدا بە گرووپی سینتاکسی لە قەڵەم دراوە، لەحاڵەتێکدا تەنیا ناوێکە و بۆ شوێنێك بەکارهاتووە. لێرەدا بەکارهێنانی زاراوەی (گرێی ناوی) لەبارترە، چونکە گرێی ناوی دەشێ لە تاکە ناوێك

---

[1] ئەحمەد حەسەن- 1976- ل 178 □ 181.

[2] ئیبراهیم عەزیز□ 1980 □ ل37.

پێکهاتبێت، بەڵام وشەی (گروپ) واتای لە یەکێك زیاتر ڕادەگە یەنێت، هەروەك کتێبەکە خۆشی ئاماژە بەمە دەکات.

لە هەندێ ڕستەی تردا[1] وەك:

**15- تەوەزەل و گێل و گەوجەکان کەمایەی گاڵتەو قەشمەری هەموان بوون ...**

**16- چاوشین کە لەنێو هەموویاندا دیارو باڵا بەرزتر بوو دەستی بە نوکتە سازی کردو...**

(تەوەزەل و گێل و گەوجەکان) و (چاوشین) بە ئاوەڵناوی ناوی لە قەڵەم دراون، لە حاڵەتێکدا کە ناو و ئاوەڵناو لە ڕووی ڕستە سازییەوە لە یەکتری جیاناکرێنەوە[2] ، واتە ئاوەڵناویش ئا سایی دە توانێ ئەو ئەرکە ڕێزمانییا نە ببینێ کە لە ڕستەی کوردیدا ناو دەیان بینێت، بۆیە ئەگەر (ناو یا ئاوەڵناو) بەکاربهێنرێ با شترە، نەك (ئاوەڵناوی ناوی) کە لە شیکردنەوەی زمانەوانیدا کەم بەکاردێت.

لە نموونەیەکی تردا[3] هاتووە:

**17- خوایە ئەم دڵەم هێزێکی بەرێ،**

**کە خەم لەناو خۆی بکاتە دەرێ.**

دەربارەی ڕستەی (17) ئیبراهیم عەزیز دەڵێ:(هەندێ جار ناوی د یارخراو کە بەرکاری ڕستەی سەرەکییەئاوەڵناوە). لەم دێرە هۆنراوەیەدا (هێزێك) بە بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناوی دیارخراو لە قەڵەم دراوە کە لاڕستەی دیارخەری (کە غەم لەناو خۆی بخاتە دەرێ) ی دەگەڕێتەوە سەر.

---

[1] هەمان سەرچاوە- ل38 .

[2] محەمەد مەعروف فەتاح- ل125  1990.

[3] ئیبراهیم عەزیز- 1980- ل40 .

ئەوەی لە ڕستەی (17) دا تێبینی دەکرێت ئەوە یە کە وشەی (هێز) ئاوەڵناو نییە بەڵکو (ناوی مەعنەوی)یە و ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆی بینیووە وا تە خۆی بەم شێوەیە بووە:

خوایە تۆ هێزێك بدە بە ئەم دڵە.

لێرەدا (ئەم دڵە) لووتکێنراوە بە یا سای لووتکاندن (Topicalization)، ئە مە لەلا یەك لەلا یەکی تردا لاڕستەی (کە غەم لەناو خۆی بکا تە دەرێ) لاڕستەی دیاخەری نییە و ناگەڕێتەوە بۆ بەرکاری ڕستەکە کە (هێز)ە بەڵکو لاڕستەیەکی ئاوەڵگوزارەی مەبەست و ئامانجە و پەیوەندی بە ئەنجام گەیشتن دەستنیشان دەکات. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دە توانین لە شوێنی ئامرازی گەیەنەری (کە) (بۆ ئەوەی، تا، هەتا، هەتاوەکو....) دابنێین. لاڕستەی ئاوەڵگوزارەی ئەنجامیی (کە غەم لەناو خۆی بکاتە دەرێ) پەیوەندی ئەنجامی ڕوودانەکە ڕوون دەکاتەوە بەم شێوەیە:

خوایە ئەم دڵەم هێزێکی بەرێ،

(بۆ ئەوەی هەتا) کە خەم لەناو خۆی بکاتە دەرێ.

کەواتە (کە) لە دێرە هۆنراوەکەی سەرەوەدا مەبەست و ئامانج ڕوودانی کارەکە دەستنیشان دە کات. دوای ئە مەش دە ڵێ: (ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر ئەو ناوەی کە لە ڕستەی سەرەکیدا ئاوەڵکارە، ئاوەڵکاریش یا شوێن و کات یا بەراووردی و ئامراز دەبێ)[1]. دوای ئە مەش چەند نموونە یەك بۆ جۆرەکانی ئاوەڵکار دەهێنێتەوە وەك:

**18- چووم بۆ چێشتخانەکەی ئەوسەر کە جاران نانمان پێکەوە تێدا دەخوارد.**

لە ڕستەی (18)دا (چێشتخانەکەی ئەو سەر) بە ئاوەڵکاری شوێن لەقە ڵەم دراوە کە لاڕستەی دیارخەری ( کە جاران نا نمان پێکەوە تێدا دە خوارد)ی بۆ

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل42.

دەگەڕێتەوە لە کاتێکدا کە (چێشتخانەکەی ئەوسەر) گرێیەکی ناوی یە، چونکە لە زمانی کوردیدا بە دەگمەن چەند وشەیەکی سادە بەرچاو دەکەوێ کە بەر چەمکی ئاوەڵکاری (بە هەموو جۆرەکانییەوە) بکەوێت.[1] وەك (ئێستا، دێرە، ئەوێ..... هتد) جێی ئاماژە پێکردنە کە لە ڕێزمانی دێرینیشدا جۆرەکانی ئاوەڵکار لە یەکتری جیاکراوەتەوە، بۆیە دەڵێین ئاوەڵکار لە ڕووی دارشتن و پێکهاتنەوە بەندە بە ناو و ئاوەڵناو و ......هتد. واتە بەهۆی بەشەکانی تری ئاخاوتن ئەرکی جۆرە جیاجیاکانی (ئاوەڵگوزارە)[2] دەبینێت، بۆیە دەڵێین: (چێشتخانەکەی ئەوسەر) وەك گرێیەکی ناوی ئەرکی ئاوەڵگوزارەی شوێنی بینیوە و ئاوەڵکار نییە. بە هەمان شێوەش لەم ڕستانەی خوارەوە:

**19- بە خۆی و کوڕەکەی هەر ئەو ڕۆژە مردن کە تۆی تیا بریندارکرا.**

**20- قسە خۆشەکانی ئەو کاتانەی نەمابوو کە لەگەڵ هاوڕێکانیدا ئەیکردن.**

لە ڕستەی (19) و (20)دا (ئەو ڕۆژە) و (ئەو کاتانە) بە ئاوەڵکاری کات دانراون کە لاڕستەی دیارخەری (کە تۆی تیا بریندارکرا) و (کە لەگەڵ هاوڕێکانیدا ئەیکردن) یان بۆ دەگەڕێتەوە. جێگای سەرنجە، کە بڵێین: (ئەو ڕۆژە) و (ئەو کاتانە) وەك دوو گرێ دەردەکەون کە لە (ئامرازی نیشانە+ناوی کات) پێك هاتوون و ئەرکی ئاوەڵگوزارەی کاتییان بینیوە. ئەمە لەلایەك لەلا یەکی تریشەوە لاڕستەی دیارخەری (کە لەگەڵ هاوڕێکانیدا ئەیکردن) لە ڕستەی (20) دا نابێتە دیارخەری

---

[1] شلێر ڕەسول- 1989- ل 41.

[2] کوردستان موکریانی (من زاراوەی ئاوەڵگوزارەم بۆ ئەو بەشە ناسەرەکییەی ڕستە دانا کە کات، شوێن، چۆنییەتی و هۆی ڕوودانی رووداوی کاری گوزارەکە پێشان دەدات، لەوانە یە ئاوەڵگوزارە لە تاکە نێوێك، ئاوەڵنێوێك وەیان ئاوەڵکارێك پێك هاتبێت وە یا لە فرێزێك، جا لە بەر هەر تەنیا ئاوەڵکار ئەم ئەرکە گرنگەی ڕستە ناگێڕێت، بەڵکو نێو و ئاوەڵنێو و ئامرازیش هاوبەشی دارشتنی دەکەن، بۆیە زاراوەی ئاوەڵگوزارەم بۆ دانا). واتە مامۆستا زاراوەی ئاوەڵگوزارەی بەرامبەر بە (ئادڤێر بەڵ) بەکارهێناوە (ل 155) کە لەم کارەدا بەهەمان شێوە و بۆ هەمان چەمك بەکاردەهێنرێت.

(ئەو کاتانە)، بەڵکو دەبێتە لاڕستەیەکی دیارخەری بۆ سەرەی گرێی ناوی ڕستەی سەرەکی کە (قسە خۆشەکان) ە، چونکە قسە دەکرێت نەك کات. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش لە ڕستەکەدا بە ئاسانی دەتوانرێ (ئەو کاتانە) لابرێت بێ ئەوەی کار لە ڕێز مانێتی ڕستەکە بکات، بەلاّم (قسە خۆشەکانی)ناتوانرێ لا ببرێت، چونکە (سەرەی گرێی ناوی بەهیچ شێوەیەك لانابرێت).

کتێبی (زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراووردا)[1] ئەرکەکانی لاڕستە دەستنیشان دەکات و سێ جۆری لێ جیا دەکاتەوە. یەکێکیان جێگای ناو دە گرێ، (بەرکار) یاخود (کارا)، یا جێگای بەرکار، یا ئاوەڵناو، یا ئاوەڵکار دە گرێ. نموونەیەکیش بۆ ئاوەڵناو دەهێنێتەوە کە ئەمەیە:

**21- ئەو پیاوە کە زۆر قەڵەوە لە سەرخۆ دەڕوات.**

لەم ڕستەیەدا مامۆستا دەڵێ: (زۆر قەڵەوە) جێگای ئاوەڵناوی گرتۆتەوە.

لە کتێبی (کورتەیەك لە ڕێز مانی کوردی)[2] لاڕستەی تەواوکەری و لاڕستەی حاڵی و کاتی و ڕەوشی دەستنیشان دەکات بێ ئەوەی ئاماژە بەو بنەمایە بکات کە ئەم جۆرانەی لەسەر دەستنیشان کردووە، تەنیا ئەوە نەبێت ڕستەیەك بە نموونە دەهێنێتەوە بۆ لاڕستەی (ڕەوشی) کە دیارە مەبەستی لاڕستەی دیارخەرییە:

**22- ئەوەی ببێتە سیخوڕ دەبێتە پردیش بۆ نەیار.**

لە کتێبی (سینتاکسی ڕستەی سادە)[3] دا هاتووە: (ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری دەگەڕێتەوە بۆ ناوێك لە ڕستەی سەرەکیداو ناوە کە لەوانە یە سەرکار، دیارخەر، بەرکار، ئاوەڵگوزارە بێت. لێرەدا مامۆستا ئەرکی ڕێز مانی لاڕستەکان بەگشتی و لاڕستەی دیارخەری بە تایبەتی دەستنیشان دەکات.

---

[1] محەمەد ئەمین هەورامانی- 1981- ل 315.

[2] صالح پشدەری- 1985- ل75.

[3] کوردستان موکریانی- 1986  ل 76  81 .

کتێبی (ڕێزمانا کوردی کرمانجی یا ژۆری و ....)[1] وەك زۆربەی ڕێزماننووسان لە با سی جۆرە کانی لاڕ ستەدا سێ جۆری جیاکردۆ تەوە ئەویش لاڕ ستەی ناوی و ئاوەڵناوی و ئاوەڵکارییە. لاڕستەی دیارخەری کە بە پارچەی ئاوەڵناویی ناو دە بات پۆل ناکات، تەنیا ڕستەیەك بە نموونە دەهێنێتەوە:

**23- ئازا گەیشتە ماڵ، کە لەرزوتای هەبوو.**

لە ڕ ستەی (23) دا لەنگی و ناڕێز مانێتی بەدی دەکر ێت کە ئە مەش دەگەڕێتەوە بۆ ناتەواوی ڕیزبوونی کەرەسەکان. (لاڕستەی کە لەرزوتای هەبوو) وەك لاڕستەیەکی دیارخەری دەبوایە بکەوێتە دوای سەرەکەی (ئازا) کەچی لێی ترازاوە و کەوتۆتە دوای کارەکە دەبوایە بەم جۆرە بێت:

**- ئازا کە لەرزو تای هەبوو گەیشتە ماڵ.**

لەم پێداچوونەوەیەداو لە چەندین ڕستەی تردا دەردەکەوێت کە ڕێزماننوو سان بە شێوەیەکی گ شتی لە دەستنیشانکردنی جۆرە کانی لاڕ ستە و ئەرکەکانیا ندا پۆلکردنێکی یەکلاکەرەوەیان نەخستۆتە ڕوو و بە تەواوی لا یەنی ئەرکی ڕێز مانی و لایەنی واتایی لاڕستەکانیان لە یەکتری جیا نەکردۆتەوە، هەر چەندە جیاکرد نەوەی ئەم دوو لایەنە لەیەکتری ئاسان نییە، لە کاتێکا کە ڕستە خۆی یەکەیەکی واتادارە و ڕێزمانیش ئەو یاسا و ڕێسایانەیە، کە ڕستەیان پێ داڕ ێژراوە. هەتا ئە گەر سەرنج بدەینە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ئاستی واتاسازیدا ئەنجام دراون بە پ لەی یە کەم بایەخ بە واتای ڕستە و پەیوەندیی واتای ڕستە بە واتای وشەکان دەدەن.

---

[1]سادق بەهائەدین- 1987  ل 461.

## 4- لە ڕووی بەکارهێنانی ئامرازەوە:

بە شێوەیەکی گشتی لای ڕێزماننووسان ئامرازی ( کە ) وەك گەیە نەر لاڕستە دەگەیەنێتە ڕستەی سەرەکی و هۆیەکە لە هۆیەکانی بەندکردنی لاڕستە بە ڕستەی سەرەکییەوە بەکار هاتووە. لێرەدا بیرو ڕای هەندێ لە ڕێزماننووسان دەخەینە ڕوو:

کتێبی (مختصر صرف و نحوی کوردی) [1] (کە) بە (اداتی توقیت) لە قەڵەم دەدات واتا ئامرازی کات.

کتێبی (دە ستوری زمانی کوردی) [2] ئامرازی گەیە نەری ( کە) بە (بۆ ناوی لێکدەر) لە قەڵەم دەدات و دەڵێ: جێگای ناوێك ئەگرێتەوە کە لە پێشا ڕا بورد بێ و دوو ڕستەش بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هەروەها (کە،ی) بە بۆ ناوی لێکدەر دادە نێ و دەڵێ: (ئەم دوو بۆناوە لە کارا فەرقیان نییە، بەلاّم بۆ ناوی لێکدەری (ی) جێ ی ناوێ ئەگرێتەوە کە حەرفی تەعریفی مەعەیەن یان سیفەتی نیشانی لە تەکا بێ و ڕاستەوخۆ لەپاش شارەکەوە (سەرەکە) بێ، هەرچی بۆناوی (کە) یە ئەگەر لەپاش ناوەکەوە ئەداتی تەعریف، سیفەتی نیشانی و موبهەمی لە گەڵ بێ و نەبێ بەکار دەهێنرێ و هەم لەمەیانی دوو جوملەکەدا بەکاردەهێنرێ) . ئینجا چەند ڕستەیەك بە نموونە دەهێنێتەوە لەوانە:

**24- من لە خانووەکە <u>کە</u> پار ئێوە کڕیتان دانیشتووم.**

**25- ئەو پیاوە<u>ی</u> بێرەدا ڕابورد ناسیاوم بوو.**

لە ڕستەکانی (24) و (25)دا ( کە،ی) بە بۆ ناوی لێکدەر لەقە ڵەم دەدات و دەڵێ: دەتوانن شوێنی ناوەکەی پێش خۆیان بگرنەوە. ئەم نموونەیە دەهێنێتەوە:

**26- ئەو کوڕەی کە ئاوی بۆ هێناین قوتابییە.**

---

[1] سعید صدقی کابان- 1928  ل70.

[2] تەوفیق وەهبی- 1929- ل 105- 107.

شیکردنەوە دەری دەخات کە نە (کە) و نە (ی) هیچ یەکێکیان جێناو نین و ناگەڕێنەوە بۆ ناوەکەی پێش خۆیان. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە دەڵێین:

لە ڕستەی (26)دا ناوەکەی پێش (کە) (کوڕ)ە، ئەگەر (کە)ی لە پێش دابنێین شیرازەی ڕستەکە تێك دەچێت و گونجان لە نێوان کەرەسەکانی ڕستەکە نامێنێت و وەك ڕستەیەکی نارێزمانی دەردەکەوێت:

*-ئەو کوڕەی کوڕ ئاوی بۆ هێناین قوتابییە.

لە کتێبی (قەواعدی زمانی کوردی ....) [1] دا (کە) بە ڕاناوی گەیەنەر لە قەڵەم دراوە و دەڵێ: ئەم ڕاناوانە بێجگە لەوەی کە دوو ڕستە بەیەکەوە ئەبەستن جێگای ناوێکیش دەگرن لە پارچەی شوێنکەوتوودا بە مەرجێ ناوەکە لە پێشەوە بێژرا بێ. ئەمجا نموونەشی بۆ دەهێنێتەوە:

**27- ئەمە ئەو کوڕەیە کە چوو بۆ پێنجوین.**

لە ڕستەی (27)دا مامۆستا (کە) بە ڕاناو لە قەڵەم دەدات و دەڵێ: وجێی (کوڕ) ی گرتۆتەوە لە لاڕستەکەدا.

ئەمجا ڕاناوی گەیەنەر دەکات بە سێ جۆر (ی،کە،ی کە) [2] کە لە دوای ناو یا ڕاناو یا ئاوەڵناوی ئیشاری دێن و جێیان دەگرنەوە، لە دوایدا ئەرکەکانی ڕاناوی گەیەنەر دەستنیشان دەکات کە دەبێتە (بکەر) و (تەواوکەری فرمان) و (تەواوکەری ناو) ئەم ڕستانەش بە نموونە دەهێنێتەوە:

**28- ئێوە کە نەیاری گەلن، بۆ کوێ ڕائەکەن.**

**29- ئەمە ئەو بەرخەیە کە کڕیم.**

**30- پیاوەکەی کە دانیشت بوو، بەلایا ڕابوردم.**

---

* ئاماژەیە بۆ نارێزمانی ڕستەکە.

[1] نوری عەلی ئەمین 1958  ل 81 و 1960- ل 99.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لە ڕستەکانی (28) و (29) و (30)دا (کە) بە (بکەر) و (تەواوکەری فرمان) و (موزاف ئیلەیهی) لە قەڵەم دراوە.

لە ڕاستیدا لە ڕستەکانی سەرەوەدا ( کە) بە هیچ شێوەیەك ئەم ئەرکا نەی سەرەوە نابینێت، بەڵکو لە هەرسێ ڕستەکەدا (کە) وەك گەیەنەر بەکارهاتووە و لە هەرسێ ڕستەکەدا لاڕستەی دیارخەری ( کە نەیاری گەلن) و ( کە کرێم) و ( کە دانیشت بوو) ی گەیاندۆتە هەرسێ ڕستەی سەرەکی (ئێوە بۆ کوێ دەچن) و (ئەمە ئەو بەرخەیە) و (پیاوەکەی بەلایا ڕابوردم) .

لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی)[1] دا هاتووە: [ (کە) ی گەیەنەر وەك گەیەنەری (ئەوەی) و (ئەوانەی)[2] وایە هیچ جۆرە پا شگرێك وەر ناگرێ و دە شێ لە دوایا ندا بێت و واتای ئەوان دەگەیەنێت ] . لە هەندێ شوێنی تردا و لە هەمان کتێبدا ( کە) بە ئامرازی کات لە قەڵەم دراوە نەك وەك گەیەنەر، واتە دەتوانرێ (لە کاتێکدا ) ی لە شوێن دابنرێ و بۆ ئەم مەبەستەش ئەم نموونانە دەهێنێتەوە:

**31- ئەم نامانە کە داخراون مەیانکەوە.**

**32- ئەم گایانە کە زلن بۆ جووت باشن.**

لە کتێبی (دستور نامە)[3] دا (کە) وەك ئامرازێك سێ جۆری لێ جیا کراوەتەوە: (کە)ی موصولی وا تە وەك ئامرازی گەیە نەر لە هەر شوێنێك دا ( کە) بە شێکی ڕستەی گەیاندە بەشێکی تر گەیەنەری پێ دەوترێ، ئەمجا ئەر کەکانی تری ( کە) دەستنیشان دەکات وەك ئامرازی بەستن کە دوو دەستەواژە یا دوو ڕ ستە بەیە کەوە دەبەستێتەوە، یا وەك ئامرازی پرس کردن بە واتای جیا جیا بەکاردێت.

---

[1] ئەحمەد حەسەن ئەحمەد- 1976- ل 173- 177.

[2] (ئەوەی) و (ئەوانەی) لە کتێبەکەدا بە گەیەنەری تاك و کۆ لە قەڵەم د راون.

[3] دکتر محمد جواد مشکور 1346  ل 198  199.

کتێبی (دستور زبان فارسی)[1] (که) وەك ئامرازی بەستن و گەیەنەر لە قە ڵەم دەدات کە بەپێی شوێنی لە ڕستەدا بە واتای جیا جیا بەکاردەهێنرێ، دوای ئە مە باس لە بەکارهێنا نەکانی تری (کە) کراوە کە پەیوە ندی هۆو مەرج و.....هتد ڕادەگەیەنێ.

کتێبی (دستور زبان کوردی)[2] (کە) بە ئامرازی پەیوە ندی لە قە ڵەم دەدات و چەند جۆرێکی لێ جیادەکا تەوە، وەك: ئامرازی پەیوە ندی فاعیلی و بەرکاری (مفعولی) و کات و شوێن و ......هتد دەڵێ: ئەو ئامرازە بۆ غەیری ئادەمیزادیش هەر بەو شێوەیە بەکاردێت.

لە کتێبی (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی)[3] دا هاتووە [(کە) لە هیچ ڕوویە کەوە دەست نادات پێی بگوترێ ڕاناو و لەوە زیاتر نییە کە بە ئامرازێکی ئاسایی حیساب بکرێ لەم صفتەی ئامرازبوونیشدا تا بلێی خۆش جڵەوە و هەر جارە بۆمەبە ستێك بەکاردێت].

لە کتێبی (هەندێ ئامرازی سینتاکسی)[4] دا (کە) وەك ئامرازی گەیەنەر بەکار هاتووە کە جۆرە جیا جیا کانی لاڕستە دەگەیەنێ تە ڕستە سەرەکییەکان وەك (موبتەدایی، خەبەری،بەرکاری، دیارخەری ...... هتد).

لە کتێبی (ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتووخواز لە گەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری لە دیالێکتە ناوەندییەکانی زمانی کورد یدا)[5] دا (کە) وەك گەیە نەر

---

[1] پنج استاد  1373- ل 208.

[2] احمد قازی- 1367  ل 96 و 97.

[3] کۆڕی زانیاری کورد  1976  62.

[4] ئیبراهیم عەزیز- 1980  ل 56.

[5] ئیبراهیم عەزیز- 1980  ل 58.

بەکار هاتووە و دەڵێ: (کە) لە زمانی کوردیدا ناتوانێ ببێتە بەشێك لە بە شەکانی ڕستە و هەروەها بەکارهێنانی بە ئارەزووە.

لە کتێبی (سینتاکسی ڕستەی سادە)[1] دا (کە) وەك ئامرازی گەیەنەر بەکارهاتووە و دەڵێ: (کە) دەچێتە نێو پێکهێنان و داڕشتنی لاڕستەکەوە و بە شی زۆری لاڕستەکان وەك لاڕستەی گوزارەیی، دیارخەری، هۆیی، ئامانجی ...... هتد بەم ئامرازە دەست پێ دەکەن و بوونی ئامرازی گەیەنەریش لە ڕستەدا ئەوە پیشان دەدەن کەوا ڕستەکە خۆی واتا بەخش نییە و لە ڕووی ڕێزمان و واتاوەش پەیوە ستە بە ڕستەی سەرەکییەوە.

لە ئەنجامی شیکردنەوەدا چەند تێبینییەك دەربارەی (کە)ی گەیەنەر دەخەینە ڕوو:

1- ئامرازی (کە) بە هیچ شێوەیەك دەوری جێناو نابینێت و بۆ هیچ ناوێك ناگەڕێتەوە لە ڕستەی سەرەکیدا. ئەگەر جێناو بووایە، لە ڕستەدا دەیتوانی شوێنی ناوە باسلێکراوەکە بگرێتەوە. (کە)ی گەیەنەر ئاشکرا بە پێی ڕەفتاری لە جێناو جیادەکرێتەوە، ئەگەر جێناو بووایە، دەبووا یە لە ڕستەدا ئەرکی بکەری و بەرکاری ببینێت و کەس و ژمارە نیشان بدات بۆ نموونە:

**33- ئەو کوڕەی کە دوێنێ هات ماڵیان لە مەهابادە.**

**34- ئەو نامەیەم بۆ هات کە دەمێکە چاوەڕێ ی بووم.**

**35- ئەو قوتابییانەی کە هاتن زیرەك بوون.**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا ئامرازی (کە) وەك گەیەنەر بەکارهاتووە، نەیتوانیوە شوێنی بکەر بگرێتەوە لە ڕستەی (33) دا و هی بەرکار لە ڕستەی (34) داو ڕێککەوتنی لە کەس و ژمارەدا لە ڕستەی (35) دا ئەنجام نەداوە.

[1] کوردستان موکریانی- 1986- ل 76  77.

2- ئەو (ی) یەی کە هە ندیَ جار لە گەلَ ئامرازی ( کە ) دا د یَت، نابێ تە بەشێك لە ئامرازەکە و لەگەڵیدا نابیَ بە جۆرێکی تر لە شێوەی (ی کە)دا، وەك هەندیَ لە ڕێزماننوو سان وای بۆ دە چن[1]، بەڵکو (ی) بۆ خستنە سەر بەکاردێت بە شێوەیێکی گشتی.

2- ئەرکی ( کە ) لە ڕ ستەی ئاڵۆزدا گەیا ندنی لاڕ ستەکانە بە ڕ ستەی سەرەکییەوە، ئەم ئەرکانەی کە بۆ (کە) دەستنیشانکراوە، وەك ( ئەرکی بکەری و بەرکاری و ...)، لە لایەن هەندیَ لە ڕێزماننوو سان لە ڕا ستیدا ئەم ئەرکا نە بە هیچ شێوەیەك ئەرکی ( کە ) نین، بەڵکو لاڕ ستە دیارخەرییەکان وەك دیارخەر دەگەڕێنەوە بۆ سەرەی گرێی ناوی کە لە ڕستەی سەرەکیدا ئەم ئەرکانە دەبینن.

## 5- لە ڕووی تێکەڵکردنی جۆری لاڕستەکان:

لە بەرهەمی هەندیَ لەو ڕێزماننووسانەی کە باسیان لە ڕ ستەی ئاڵۆز و جۆرە جیاجیا کانی لاڕ ستە کردووە، تێکەڵی یەکی زۆر لە دەستنیشانکردنی جۆرەکا ندا دەبینرێت، لێرەدا چەند وێنەیەکی ئەم تێکەڵییە دەخەینە ڕوو:

لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی)[2] دا چەند نموونەیەك بە ڕستە هاتۆتەوە و تیایا ندا وا لە قە ڵەم دراوە کە ( کە ) گەیە نەر ن یە، بەڵکو ئاوەڵ کاری کا تە و وا تای ( لە کاتێکدا ) دەگەیەنیَ، ئەمانەی خوارەوەش چەند ڕستەیەکن کە چەند خاڵێکی ئەم تێکەڵییە دەخەنە ڕوو:

**36- ئەم گایانە، کە زلن، بۆ جووت باشن.**

**37- ئەو دارە، کە پتەوە، بۆ دارتاش دەست ئەدا.**

---

[1] وەك نوری عەلی ئەمین.

[2] ئەحمەد حەسەن ئەحمەد- 1976- ل 177.

**38- ئەم نامانە، کە داخراون، مەیانکەوە.**

لە ڕستەکانی (36) و (37) و (38) دا لاڕستەکانی (کە زلن) و (کە پتەوە) و (کە داخراون) لاڕستەی دیارخەریین. بوونەتە دیارخەری سەرەی گرێی ناوی ڕستە سەرەکییەکانی (ئەم گایانە بۆ جووت باشن) و (ئەو دارە بۆ دارتاش دەست ئەدا) و (ئەم نامانە مەکەوە). کەوا تە لەم ڕستانەی سەرەوەدا (کە) وەك گەیە نەر بەکارهاتووە و ئاوەڵکاری کات نییە و لاڕستەکانیش پەیوەندی کات نیشان نادەن، بەڵکو لاڕستەکان دیارخەریین و ئەرکی وەسف کردن و پێناسینی سەرەکان دەبینن. ئەگەر بڵێین: دەتوانین لە شوێنی (کە) دا (لە کاتێکدا) دابنێین، ئەوا ڕستەکە لەنگ دەبێ و لە زمانەکەدا ئەم شێوازە بەکارنایەت وەك:

*** ئەم گایانە (لە کاتێکدا) کە زلن، بۆ جووت باشن.**

*** ئەو دارە (لە کاتێکدا) کە پتەوە، بۆ دارتاش دەست ئەدا.**

*** ئەم نامانە (لە کاتێکدا) کە داخراون، مەیانکەوە.**

ئەمەش یاسای داڕشتنی یەکێك لە ڕستەکانە:


- ئەم گایانە، کە زلن، بۆ جووت باشن.

ڕ ← گ ن + گ ك

گ ن ← گ ن + لا

لا ← ئا گە+ ڕ

گ ك ← ڕ




لە كتێبی (ڕستەی لێكدراوی شوێنكەوتووخواز لە گەڵ ڕ ستەی شوێنكەوتووی دیارخەری لە دیالێكتە ناوەندییەكانی زمانی كوردیدا )[1] دا لە هە ندێ ڕ ستەدا كە وەك نموونە بۆ جۆرە جیاجیا كانی لاڕ ستەكان هاتۆ تەوە تێكەڵی یەكی زۆر بەر چاو دەكەوێ، چ لە ڕووی دەستنیشانكردنی بەشە پێكهێنەرەكانی ڕستەی ئاڵۆز (ڕستەی سەرەكی و لاڕ ستە و ئامرازی گەیە نەر) و چ لە ڕووی د یاریكردنی جۆری لاڕستەكاندا. جێی ئاماژە پێكردنە، كە بڵێین: بۆ لێكدانەوە و شیكردنەوەی با سەكە هەندێ نموونەی شیعری هێناوەتەوە، كە بۆ شیكردنەوەی زما نەوانی پە سەند نی یە، بەڵكو پێویستە، پشت بە گفتوگۆی سرووشتی ڕۆژانە ببەسترێ، چونكە زۆر جار لە

[1] ئیبراهیم عەزیز- 1980.

شیعردا پێویستی کێش سەروا وا لە شاعیر دەکات، کە لە یا ساکانی زمان لا بدات، وەك لەم نموونەیەدا:

**39- عەرەق نییە لە عالەما**

**کە لابەرێ لە دڵ خەما**

ڕاستییەکەی دەبێ (لە دڵا خەم) بێ و هیچ یاسایەك لە زمانی کوردیدا (لە دڵ خەما) قبوڵ نا کات. چۆمسکی لە پێڕەوەکە یدا زۆر جەخت لە سەر ئەم خا ڵە دەکات. لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێ لە نموونەکانی ئەم سەرچاوەیە بە شێوەیەکی زانستانە شیبکەینەوە، وەك:

**40- کە بەفر ئەباری تا پشتێنەی پیاو**

**نە ئەتوایەوە بە تینی هەتاو**

بەر لە هەر شتێك لە نیوە دێری یەکەمدا کارە کە (ئەباری) یە نەك ( ئەبارێ) چونکە ڕابردووە.

لە نموونەی (40)دا و لە نیوە دێڕی یەکەمی هۆنراوەکەدا (کە بەفر ئەباری تا پشتێنەی پیاو) لە ڕووی ڕوخسار و داڕشتنەوە لاڕستەیەکی کاتیە و کاتی ڕوودا نی کارەکە دەستنیشان دەکات. ڕستەی ( نە ئەتوا یەوە بە تینی هەتاو)یش ڕستەی سەرەکییە. لە کتێبەکەدا ڕۆنانی ڕستەکە شێوێنراوە و تەنیا بە شێکی لاڕستەکە جیاکراوەتەوە کە (پشتێنەی پیاوە) ەو بە لاڕستەی کاتی لە قەڵەم دراوە، لە کاتێکدا کە نیوە دێری (کە بەفر ئەباری تا پشتێنەی پیاو) هەمووی بەسەر یەکەوە لاڕستەیە نەك تەنیا پشتێنەی پیاو.

شیکردنەوەو یاسای داڕشتنی بەم جۆرەیە:

ڕ ⟵ گ ك + گ ن

گ ن ⟵ گ ن + لا


گ ن ⟵ ن

لا ← ئا گە + ڕ

گ ک ← ڕ

**- کە بەفر ئەباری تا پشتێنەی پیاو**

**نە ئەتوایەوە بە تینی هەتاو**




ئەمجا بە پێی یاسایێکی گوێزانەوە گەیەنەری ( کە ) گوێزراوە تەوە پێش گرێ ناوی (بەفر).

له نموونەیەکی تردا هاتووە:-

**41- کە تۆ هاتی لە نەومێدی نەما باس**[1]

**لە هیجرو ئینتیزار ئیدی نەما باس**

لە نموونەی (41)دا و لە نیوە دێڕی یەکەمدا، کە ڕستەیەکی ئاڵۆزە و لە (کە تۆ هاتی) وەك لاڕستەیەکی کاتی و (لە نەومـێدی نەما باس) وەك ڕستەی سەرەکی پێکهاتووە. بەم شێوەیەی خوارەوە لێك دەدرێتەوە:

لاڕستەی کاتی ( کە تۆ هاتی) بە یا سای (لـووتکا ندن) (Topicalization) چۆتە پێ شەوە، ڕ ستە سەرکییەکەش ڕ ستەیەکی لێ کدراوە و پێوی ستی شیعری گۆڕانکاریی لە ڕۆنانەکەیدا دروست کردووە. وا تە، لە پێ شدا بەم جۆرەی خوارەوە بووە:

(لە نەومێدی نەما باس و لە هیجرو ئینتیزار نەما باس). ئەمە وەك ڕ ستەیەکی لێکدراو و دوای ئەمەش بە پێی یاسای (هەمان لا بردن) (Equidelation) و شەی دووبارە بۆوە کە (نەما باس) ە لابدەین، بەم شێوەیەی لیٚ دێت:

(کە تۆ هاتی لە نەومێدی و لە هیجرو ئینتیزار ئیدی نەما باس)

کەچی لە کتێبەکەدا (نەومێدی نەما باس)ی بە لاڕ ستەی کاتی دا ناوە. لە کاتێ کدا ( کە تۆ هاتی) بە تەنیا لاڕ ستەی کاتی یە و پەیوە ندی کاتی ڕوودا نی دەستنیشان کردووە و ڕ ستەی سەرەکی ( لە نەومـێدی و لە هیـجرو ئینتـیزار نەما باس) ە.

له نموونەیەکی تردا هاتووە:

**42- لەم وەختە، کە پڕ فتنە و ڕیٚ بەستنە ئێستا**[2]

**خۆشی، کە ببیٚ مردنە یا نووستنە ئێستا**

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕستەی (42) بەم جۆرە لە کتێبەکەدا هاتووە:

(پڕ فتنە و ڕێ بە ستنە ئێ ستا) و (مرد نە یا نوو ستنە ئێ ستا)ی بە لاڕ ستەی مەرجی لە قە ڵەم داوە کە وەلا می پر سیاری (ئە گەر؟) دەدە نەوە و بە یار مەتی (کە)ی گەیەنەر گەیشتوونەتە ڕستەی سەرەکی.

دەشێ نموونەکە بەم جۆرەی خوارەوە لێك بدرێتەوە:

بەر لە هەر شتێك لە نموونە کەدا تەنیا لاڕ ستەکان د یاریکراون و ڕ ستە سەرەکییەکان دەستنیشان نەکراون.

لەم نموونەیەدا:

- (لەم وەختە، خۆشی مردنە یا نووستنی ئێستا) ڕستەی سەرەکییە و لە ڕووی ڕۆنانەوە ڕستەیێکی لێکدراوە.
- (کە پڕ فتنە و ڕێ بەستنە ئێستا) و (کە ببێ) لاڕستەن.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئیبراهیم عەزیز (کە پڕ فتنە و ڕێ بە ستنە ئێ ستا) بە لاڕستەی مەرجی لە قەڵەم دەدات. بەڕای ئێمە ئەم لاڕ ستەیە بە هیچ شێوەیێك پەیوەندی مەرجی دەستنیشان ناکات بەڵکو لاڕستەیێکی دیارخەریی کاتییە و بۆتە دیارخەری ئاوەڵگوزارەی (لەم وەختە) کە لە شێوەی گرێیەکی بەندی کاتیدا هاتووە، ئەگەر لە شوێنی (کە)ی گەیەنەر (ئەگەر)ی مەرجی دابنرێ ڕستەیێکی نا ڕێزمانی دەردەچێت، چونکە (ئەگەر) لەگەڵ کاتی کارەکەدا ناگونجێت بەم شێوەیە:

*لەم وەختە ئەگەر پڕ فتنە و ڕێ بەستنە ئێستا.

لە دوای ئەمە و لە ذ یوە د ێری دووە می هۆنراوە کەدا (خۆ شی) وەك گرێ یەکی ناوی لاڕستەی مەرجی ( کە ب بێ )ی بۆ دەگەڕێ تەوە، بەلام ئ یبراهیم عەزیز دە ڵێ: (مردنە یا نووستنە ئێستا) لاڕستەی مەرجییە، لە کاتێکدا، کە (مردنە یا نوو ستنە ئێ ستا) ڕ ستەی سەرەکییە و ( کە ب بێ) بە تەنیا دەبێ تە لاڕ ستەی مەرجی و

دەگەڕێتەوە بۆ گرێی ناوی (خۆشی). لەلایێکی ترەوە ( کە)ی گەیەنەر هەمیشە لەگەڵ لاڕستەدایە نەك ڕستەی سەرەکی.

لە نموونەیەکی تردا:

**43- کە مەشکەی لە کۆڵ داگرت شۆڕە ژن[1]**

**شڵپەی ئاو دێنێ بە خرنگەی بازن**

لە نموونەی (43)دا ئیبراهیم عەزیز (کە مەشکەی لە کۆڵ داگرت شۆڕە ژن) بە لاڕستەی مەرجی لە قەڵەم دەدات، کە وەڵامی پرسیاری (ئەگەر؟) دەدا تەوە و بە یارمەتی (کە)ی گەیەنەرگەیشتۆتە ڕستەی سەرەکی. ئەم نموونەیەش وەك ئەوانی تر دەتوانرێ، بە شێوەیەکی تر لێك بدرێتەوە. واتە، ناشێ لاڕستەی (کە مەشکەی لە کۆڵ. هتد) بە لاڕستەی مەرجی دابنرێ. واتە، ئەگەر ئامرازی ( کە) بخرێتە شوێنی ئامرازی (ئەگەر): (ئەگەر مەشکەی لە کۆڵ دا گرت شۆڕە ژن) ڕستەکە مەبەستەکە ناگەیەنێت و (ئەگەر) لەگەڵ کاتی کارە کە ڕێکنا کەوێت کە (دا گرت)ە، بەڵکو دەبێت کارە کە (دابگرێت) بێت. وەك دەردەکەوێت ( کە مەشکەی لە کۆڵ دا گرت شۆڕە ژن) لاڕستەیەکە، پەیوەندی کاتی ڕوودان دیاریدەکات و دەشێ (کاتێك، لە کاتێکدا...... هتد) لە شوێنی ( کە) دابنرێ و ڕستەکە ئەم شێوەیە وەردەگرێت:

کاتێك، کە مەشکەی لە کۆڵ داگرت شۆڕە ژن

شڵپەی ئاو دێنێ بە خرنگەی بازن

---

[1] هەمان سەرچاوە ل 57.

# بەشی دووەم

# ڕستە و جۆرەکانی لە ڕووی ڕۆنانەوە

# بەشی دووەم

## ڕستە و جۆرەکانی لە ڕووی ڕۆنانەوە

ڕستە وەك زاراوەیەکی بواری زمانەوانی گەلێ پێناسەی جیا جیای بۆ کراوە. لە کاتێکدا کە پێناسەکردنی ئەم جۆرە زاراوا نە کارێکی ئا سان نی یە. بە شێوەیەکی گشتی و لە زۆربەی سەرچاوە ڕێزمانییە کۆنەکاندا (ڕێزمانی دێرین) ڕێزماننووسان هەریەکە بە پێی بۆچوون و ئەو ڕێبازەی، کە پشتی پێ بەستووە پێناسەی کردووە و بە شێوەیەکی گ شتیش لە پێنا سەکاندا لا یەنی وا تایی ڕ ستەکە ڕە چاو کراوە، نەك ڕێزمانی (ئەرك و ڕۆنان).

ئەم پێناسانە زۆربەیان ڕستە وەك کۆمەڵە وشەیەکی واتادار لە قە ڵەم دەدەن[1]، کە لە لێکۆڵی نەوە زمانەوانی یە نوێیەکا ندا ڕەخ نەی زۆر یان لێ گیراوە، چونکە لە ڕێزمانی نوێدا زیاتر جەخت لەسەر ئەو پێناسانە دەکرێت، کە ڕستە بە گەورەترین دانە دادەنێن لە شیکردنەوەی ڕێزماندا.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە دانەی لە ڕستە گەورەتر نییە، بەڵکو ئەمە سەلماوە کە دا نەی لە ڕ ستە گەورەتر هە یە و سنوورەکەی بە ئا سانی بەهۆی نی شانەی ڕێزمانییەوە دیار دەکرێت.[2] لە لێکۆڵینەوە ڕێزمانییە نوێیەکاندا شیکردنەوەی ڕ ستە لە سەر بنەمای ڕۆنان و دەستنی شانکردنی ئەرکی بە شە پێکهێنەرەکا نی دا ئەنجام دەدرێت. بە پێی ئەمە ڕستە دابەش دەبێتە سەر دوو بەش: گرێی ناوی کە هەمی شە و شەیەکی سەرەی تێدا یە و گر ێی کاری کە کاری ڕ ستەکە دەگرێ تە خۆ و بە (کۆمەڵەی کار) یش ناودەبرێت. لەم لێکۆڵینەوە یەدا ئەو پێنا سەیە هەڵدە بژێرین، کە لەلا یەن ڕۆنانکارییەکا نەوە بۆ ڕ ستە کراوە، کە دەڵێ:(ڕ ستە گەورەترین و


---

[1] وەك تۆفیق وەهبی و نوری عەلی و ......

[2] محەمەد مەعروف فەتاح 1990- ل 98.

بڵاو ترین دا نەی زما نە، کە لە ڕووی ڕۆنا نەوە سەربەخۆبێت)[1]، وا تە پەیوە ندی ڕێزمانیی لەگەڵ کەرەسەی دەرەوەی خۆیدا نەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێز مانی دێریندا ڕ ستە لە ڕووی پێکهاتن و ڕۆنا نەوە دەکرێ بە سێ جۆر: ڕستەی سادە و لێکدراو و ئاڵۆز. لە ڕێزمانی کوردیدا دوو جۆری سەرەکیی لێ دەستنیشان کراوە[2]: ڕ ستەی سادە و ڕ ستەی نا سادە. نا سادەش دوو جۆری لێ دەبێ تەوە لێکدراو و ئاڵۆز. لـ ێرەدا کورتە یەك دەر بارەی هەر جۆرێک یان دەخەینە ڕوو:




[1] محەمەد مەعروف فەتاح 1990- ل 98- 100.

[2] بڕوانە نوری عەلی ئەمین وکوردستان موکریانی و لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەدە و.....

**1- ڕسته‌ی ساده(Simple Sentence):** ئه‌و ڕسته‌یه‌یه‌، كه‌ له‌ ساده‌ترین ڕۆنانیدا له‌ گرێیه‌كی ناوی و گرێیه‌كی كاری پێك هاتبێ[1]، گرێی ناویش ده‌شێ ناو، جێناو...... هتد بێت وه‌ك:

44- **ئازاد نووست.**

ئه‌گه‌ر (ڕ) بۆ ڕسته‌ و (گ ن) بۆ گرێی ناوی و (گ ك) بۆ گرێی كاری و (ن) بۆ ناو و (ك) بۆ كار دابنێین ڕۆنانی ڕسته‌كه‌ له‌م یاسایه‌دا به‌رجه‌سته‌ ده‌كرێت:


ڕ ⟵ گ ن + گ ك (ئازاد + نووست)

گ ن ⟵ ن (ئازاد)

گ ك ⟵ ك (نووست)

ده‌ شێ ڕ سته‌ی ساده‌ به‌هۆی هه‌ ندێ كه‌ره‌ سه‌ی تره‌وه‌ فراوان بكر ێت. وه‌ك(به‌ركار، ئاوه‌ڵناو، دیارخه‌ر.... هتد)، كه‌ ده‌بنه‌ ته‌واوكه‌ری ڕسته‌كه‌ و ڕسته‌یه‌كی ساده‌ی فراوانكراو پێك ده‌هێنن، كه‌ بێجگه‌ له‌ (بكه‌ر و به‌ركار) ده‌توانێ ژماره‌ یه‌كی بێ كۆتایی له‌م كه‌ره‌ سانه‌ بگرێ ته‌ خۆ و بێ ئه‌وه‌ی لابردنیان كار له‌ ڕێز مانێتی ڕسته‌كه‌ بكات بۆ نموونه‌:

45- **ئازادی هاوڕێم له‌ باخه‌كه‌دا نووستبوو.**





شیكردنه‌وه‌ و یاسای داڕشتنی:

ڕ ⟵ گ ن + گ ك

---

[1] وریا عومه‌ر ئه‌مین  2004 - ل 199.




ده‌شێ هه‌ر هه‌مان ڕسته‌ی ساده‌ی فراوانكراو له قه‌باره‌دا بچووك بكرێته‌وه و له قاڵبی وشه‌یێكدا ده‌ربكه‌وێت. له‌م باره‌دا هه‌ست به بوونی بكه‌ر ده‌كرێت، چونكه له ئا ستی ژ ێره‌وه‌دا (Deep Structure) هه یه و له ئا ستی سه‌ره‌وه‌دا ( Surface Structure) ده‌رنه‌كه‌وتووه. وه‌ك:

**46- نووستبوو** Ø.

**2- ڕسته‌ی لێكدراو(Compound Sentence):** ئه‌و ڕسته‌یه‌یه، كه له ئه‌نجامی لێكدانی دوو ڕسته یا زیاتر دروست ده‌بێت، ئامرازی لێكده‌ر به شه‌كانی به یه كه‌وه ده‌به ستێته‌وه، وه‌ك (و، به‌ڵام، ئیذ جا ...... هـ تد) و هه‌ر ڕسته‌یه‌ك وه‌ك ڕ سته‌یه‌كی

سەربەخۆ و پڕ لە ڕووی ڕێزمانەوە ڕەفتار دەكات و ئامرازەكە نا چێتە ناو داڕشتنی ڕستەكە، بەڵكو تەنیا ڕستەكان بە یەكەوە دەبەستێتەوە وەك:

**47- لە قەراخی ڕووبارەكەدا دانیشتبووین و دەمانڕوانییە شەپۆلەكان.**

ڕستە لێكدەر ڕستە

ژ مارەی ڕ ستەكانی ڕ ستەی لێ كدراو تا ئێ ستا بەهۆی ژ مارەی كارە كان دەستنیـ شان دەكر ێت. وا تە، چەند كار لە ڕ ستەیەكدا هەبێت، ئەوە ندە ڕ ستە بەشداری لە دروستكردنی ڕستە لێكدراوەكە دەكات. هەر ئەمەشە، كە دەبێ تە هۆی دروستبوونی تێكەڵی لە دەستنیشانكردنی جۆرەكانی ڕستە لە ڕووی ڕۆنانەوە[1].

لە ڕ ستەی لێ كدراودا لە ڕووی بیردۆزەیـ یەوە سنوور بۆ ژ مارەی ڕ ستە بەشداربووەكان نییە، بۆیە تا بێ پا یان ڕ ستە دە توانن بە شداری داڕشتنی ڕ ستە لێكدراوەكە بكەن، وەك لە:

**48- نەوزاد هاتەوە و نانی خوارد ئینجا نووست و....... هتد**

(3) (2) (1)

**3- ڕستەی ئاڵۆز (Complex Sentence):** بەو ڕستانە دەوترێت، كە دوو ڕ ستەی لە ڕووی سینتاكـسەوە جـ یاواز دەگرێـ تە خۆ، كە یەكێكیان سەرەكی و ئەوی تر لاڕستەیە، كە دەگەڕێتەوە بۆ ڕستە سەرەكییەكە[2].


---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە- بەكر عومەر - 1992 ل 28.

[2] كوردستان موكریانی  1986- ل 76.

کەواتە ڕستەی ئاڵۆز لە ڕستەیێکی سەرەکی و لاڕستەیێك یان زیاتر پێك د ێت، ئامرازی گەیەنەر هەردوو بەشەکە دەگەیەنێتە یەکتری[1]. بۆ نموونە:

**49- ئەو منالّەی، کە بینیت برام بوو.**




**50- دوو چاوی ئەو کەوتنە خەیالّم، ئەو دوو چاوانەی کە بۆ یان دەژیم و دە مرم و شێت دەبم.**

(2) (1) (3)

ڕستەی (49) لە ڕستەی سەرەکی ( ئەو منالّە برام بوو) و لاڕستەی ( کە بینیت) پێك دێت و ڕستەی (50) لە ڕستەی سەرەکی (دوو چاوی ئەو کەوتنە خەیالّم) و هەر سیّ لاڕستەی (1) و (2) و (3) کە بە هۆی یا سای لێکدان (Coordination) لێکدراون پێك هاتووە.

## بەشەکانی ڕستەی ئاڵۆز:

1- **ڕستەی سەرەکی(Independent Clause):** ئەو ڕستەیەیە کە سەربەخۆ بیّ، واتە پەیوەندی ڕێزمانی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا نەبیّ، وەك ڕستەکانی (49) و (50) تیایاندا:

(ئەو منالّە برام بوو) و (دوو چاوی ئەو کەوتنە خەیالّم) وەك دوو ڕستەی تەواو (سەرەکی) ڕەفتار دەکەن.

[1] Richard A. A Iden – p209, Susan Emolyn Harman 1961 – 349 & Muhammad A. Al-Khuli 1991- p163.

2- **لاڕستە (ڕستەی بە ند) (Dependent Clause):** ئەو بە شەیە لە ڕ ستەی ئالۆزدا، کە هەر چەندە کەرە سە پێوی ستییەکانی ڕ ستەی تێدا یە، بەلاّم ناتوانێ وەك ڕستەیەکی تەواو و سەربەخۆ بوە ستێ، بەلّکو لە ڕووی وا تا و ڕێزمانەوە بەندە بە ڕستەی سەرەکی و دەگەڕێتەوە بۆ (سەرە) بە پێی ئەر کە جیا جیاکانی و ئامرازی گەیەنەر لەگەلّیدا بەکاردێت[1]. وەك:


**51- ئەو ڕووبارەی، کە بەناو دێیەکەدا دەهات، وشك بوو.**

لە ڕستەی (51)دا (کە بەناو دێیەکەدا دەهات) ئەرکی لاڕ ستەی دیار خەری دەبینێ.

3- **ئامرازی گەیەنەر(Relative Article):** ئەو ئامرازەیە کە لاڕستە دەگەیەنێتە ڕستەی سەرەکی و هۆیەکە لە هۆیەکانی بەندبوونی لاڕستەکە پێیەوە.

پەیوەندیی نێوان ئامرازی گەیەنەر و لاڕستە ئەوەیە، کە ئامرازی گەیەنەر خۆی ئاماژە بە باسلێکراوێك (توخمێك) ناکات بۆیە پێویستی بە ڕستەیەك دەبێت، کە بە ڕ ستەی سەرەکی بیبە ستێتەوە و ئەرکی خۆ یان بدینن لە تەواوکردنی وا تا و ناساندنی سەرەکەی پێش خۆیان[2] وەك:

**52- ئەو مرۆڤەم خۆش دەوێ کە چاکە دەکا.**



[1] Geoffrey leech – 1992 -p381 & Muhammad A. Al- Khuli 1991- p240.

[2] خلیل أحمد عمایره – 1984 – ص200.

له ڕستەی (52)دا (ئەو مرۆڤەم خۆش دەوێ) وەك ڕستەیێکی سەرەکی پێویستی بە ڕوونکردنەوە و تەواو کردن هەیە و لاڕستەی (کە چاکە دەکا) ئەم ئەرکە دەبینێت.

له زۆربەی کاتدا جێناوی نیشانەی (ئەمە) و (ئەوە) بە تاك و کۆ یەوە لە گەڵ ئامرازی گەیە نەری ( کە)دا دەردە کەوێت و سەرە ئا ماژە پێکراوە کەی ڕ ستەی سەرەکی دەناسێنێ وەك:

**53- ئەو ژوورەی، کە ئەکرا بە ژووری قوتابخانە، حە سیری قامیش و هە ندێ جار بەڕەشی لێ ڕائەخرا. (کوردەواری ل 84)**

**54- ئەوانەی، کە خەریکی کشتوکاڵن زستانان دەگەڕێنەوە بۆ شار.**

ئامرازی ( کە) لە گەڵ زۆر بەی لاڕ ستەکانی وەك ( کاتی، مەرجی، هۆیی، دیارخەری..... هتد) بەکاردێت.

ئامرازی (کە) لە لاڕستەی دیارخەریدا دەشێ بە ئارەزوو (Optional) لابېرێت. بێ ئەوەی کار لە ڕێز مانێتی ڕ ستەکە بـ کات، لەم بارەدا (ی)ی خستنە سەر دەمێنێتەوە و بۆشایی لە ڕستەکەدا دروست نابێت. بۆ نموونە:

**55- ئەو گوڵەی، کە دات بە من، بێ بۆن بوو.**

**56- ئەوەی، کە لەلاتە، بەیانی بۆم بهێنەوە.**

**57- ئەوانەی، کە یارمەتییان داین، خەڵکی دێیەکە بوون.**

لە ڕستەکانی (55) و (56) و (57)دا دەشێ (کە) لابېرێت، بێ ئەوەی کار لە ڕێزمانێتی ڕستەکە بکات. بەم شێوەیە:

- ئەو گوڵەی دات بە من، بێ بۆن بوو.
- ئەوەی لە لاتە، بەیانی بۆم بهێنەوە.
- ئەوانەی یارمەتییان داین، خەڵکی دێیەکە بوون.

دەبێ، تێبینی ئەوەش بکرێ کە ئامرازی ( کە) لە هەندێ باردا بە ئارەزوو لانابرێت. لادانی کار لە ڕێزمانێتی ڕستەکە دەکات، بەتایبەتی ئەگەر (ی)ی خستنەسەری لەگەڵدا نەبێت، وەك ڕستەیێکی لاواز دەردەکەوێت، وەك:

**58- ولاٌتێك، کە تۆی پێگەیاند، لە بیری مەکە.**

**59- بەرز، کە قوتابی زانکۆیە، هۆنراوە دەنوسێ.**

**60- ئێوە، کە هیوای دواڕۆژن، بخوێنن.**

**61- ئەو گوڵەش، کە لە سەر مێزەکە بوو، وشك بوو.**

**62- لە خۆپیشاندانەکەدا، کە دژی داگیرکەر بوو، برینداركرا.**

**63- هۆنراوەکەم، کە هێشتا بلاٌو نەکراوەتەوە، پێشکەشی تۆیە.**

**64- کابرای خاوەن ماڵ، کە لە نزیکمانەوە دانیشتبوو، هیچ قسەی نەکرد.**

لە ڕستەکانی ( 58، 59، 60، 61، 62، 63، 64 )دا گەیەنەری ( کە) ناشێ لابرێت و بەبێ یارمەتی (ی)ی خستنەسەر ئەرکی گەیاندنی لاڕستە دیارخەرییەکان بە ڕستە سەرەکییەکانەوە دەبینێ، ئەمەش لەو کاتانەدا دەبێ، کە[1]:

1- دیاخراو (ێك)ی نەناسیاوی وەربگرێ.

2- دیارخراوەکە ناوێکی تایبەتی بێ.

3- دیارخراوەکە جێناوێکی سەربەخۆ بێ.

4- دیارخراوەکە مۆرفیمی (ش)ی پەیوەندیی پێوە لکابێ.

5- لاڕستەکە بووبێتە دیارخەری گرێیەکی بەند.

6- دیارخراوەکە یەکێك لە جێناوە لکاوەکانی پێوە لکابێ.

7- دیارخراوەکە (سەرەکە) دیارخەری خۆی لەگەڵ بێ.

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئیبراهیم عەزیز، 1980، ل 48 و 49.

بەم جۆرە بە شێوەیێکی گشتی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە تا ئێستا لە هەموو ئەو سەرچاوانەی، کە بە زمانی کوردین، تەنا نەت لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە نوێیەکانیشدا[1]، لە ڕووی ڕۆنانەوە هەر هەمان پۆلکردن پەسەند کراوە، کە ڕستە دابەش دەکاتە سەر (سادە و ناسادە)، هەرچەندە بێ کەم و کورتی نییە، چونکە پۆلکردنەکە شوێنی هەندێك ڕستە دیاری ناکات، وەك تێکەڵکردنی ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆز[2]. بۆ نموونە:

**65- ئەگەرچی ناشیرینە، بەڵام هەموو کەس خۆشی دەوێت.**

ڕستەی (65) دوو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت: جارێکیان وەك ڕستەیێکی ئاڵۆز و جارێکی تر وەك ڕستەیەکی لێکدراو لێك دەدرێتەوە. ئەمەش بە لابردنی ئامرازەکان. بەم شێوەیە:

أ- ناشیرینە.

ب- هەموو کەس خۆشی دەوێت.

واتە: لە ڕستەی لێکدراودا، کە ئامرازی لێکدەر لا برا، هەر ڕستەیەك خاوەنی سەربەخۆیی خۆیەتی، هەر لەم پۆلکردنەدا ڕستەی سادە و لێکدراویش بە ئاسانی[3] لە یەکتری جیا ناکرێتەوە. وەك:

**66- نەسرین و پەرژین لەلام بوون. (سادە)**

**67- ئازاد شیرێکی خواردەوە و نووست. (لێکدراو)**

لە ڕستەی (66)دا دەتوانرێ، ڕستەکە وەك دوو ڕستە سەیر بکرێت:

- نەسرین لەلام بوو.
- پەرژین لەلام بوو.

---

[1] وەك بەکر عومەر ل 27.

[2] هەمان سەرچاوە- ل 28 .

[3]هەمان سەچاوە.

دانانی ڕستەی (66) بە ڕستەی سادە تەنیا لە بەرئەوە یە کە یەك کاری تێدایە. وێرای ئەوە کە کۆمەڵەی بکەر (نەسرین و پەرژین) هەردووکیان لە کارەکەدا بەشدارن.

بە هەمان شێوە لە ڕستەی (67)دا هەر لە بەرئەوەی کە دوو کاری تێدا یە بە ڕستەی لێکدراو دانراوە.

## فراوانکردنی ڕستە

### سەرەتا:

ڕستە بلاّوترین دانەی زمانییە، کە دەتوانێت چاری ڕۆنان و پۆلە ڕێزمانیەکان بکات. هەرچەندە ئەم پێناسەیە ئەوە ناگەیەنێت، کە لە شیکردنەوەی ڕێزماندا دانە نییە لە ڕستە گەورەتر بێت، بەڵکو دانەی لە ڕستە گەورەتر هەیە و هەندێ جار (گوتن) و هەندێ جاری تریش بە(پەرەگراف)ناو دەبرێت[1].

ڕستە لە سادەترین شێوەیدا لە گرێیەکی ناوی و گرێیەکی کاری پێك دێت. لێرەدا مەبەستمان ڕستە بنجییەکە یە کە تەنیا کەرەسە سەرەکییەکانی ڕستە دەگرێتە خۆی، وەك (بکەر و کار) و دە کرێ لە یا سایێکی گشتیدا بەرجەستەی بکەین:

ڕ ⟵ گ ن + گ ك

لە گرێی ناویدا هەمیشە وشەیێکی (سەرە) هەیە کە دەبێتە ناوکی فرێزەکە و بەهیچ شێوەیێك لانابرێت و هیچ لە کەرەسەکانی تری ڕستە شوێنی ناگرنەوە. بۆ نموونە:

**68- ئەو دوو گوڵە جوانە ببە.**

---

[1] محەمەد مەعروف □1990 ل 97 □ 98.

لە ڕستەی (68)دا (گوڵ) سەرەیە و بوونی لە ڕستەکەدا پێویستە. وا تە، بێ بوونی ڕۆنانی ڕستەکە دەشێوێت.


شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕ ⟵ گ ن + گ ك

گ ن ⟵ ج ن + ژ + ن + ئاو

گ ك ⟵ ك

پەیوەندی نێوان کەرەسەکان لەم درەختەدا ڕوون دەکرێتەوە:



لەم ڕستەیەدا دەشێ هەموو دیارخەرەکان لابرێن، بەڵام ناشێ سەرەکە لابرێ .

ئەو کەرەسانەی کە بەشداری لە فراوانکردنی گرێی ناویدا دەکەن، هە ندێکیان پێش سەرە دەکەون و هەندێکیان دوای سەرە[1] لە یەکەوە تا چوار کەتیگۆری لە گەڵ یەکتردا د ێن و کەرە سەیەکی ناوی فراواذ کراو پێ کدەهێنن. ( سەرە) لە ڕۆ ڵی دیارخراودا کەرەسەکانیش ئەرکی (دیارخەر)ی سەرەکە دەبینن.

لە زماندا لە ڕووی بیردۆزەییەوە سنوورێك بۆ فراوانکردنی گرێی ناوی نییە. واتە، قسەکەری ز مان بۆی هە یە بێ کۆتایی گر ێی ناوی ڕ یز بکات، بەڵام لە ڕووی کارەکییەوە دەبێت، توانای دەربڕین لەلای قسەکەر و توانای وەرگرتن لەلای گوێگر لە بەرچاو بگیرێ و شتێکی ئاسایی نییە کە لە چوار چێوە ی گرێیە کدا ژمارە یەکی زۆر وشە ڕیزبکرێن.

دەشێ لەگەڵ سەرەدا کەرەسەی تر دەر کەون و بە شداری لە داڕ شتنی گر ێی ناویدا بکەن و وەك دیارخەری گرێیەکە ئەرك ببینن.

شوێنی سەرە و دیارخەر لە هەموو زمانێکدا بە پێی یاساکانی داڕ شتنی گرێ یی تایبەت بە ئەو زمانە دیاری دەکرێن. واتە دا نان و ڕیزکردنی یان بە ئارەزوو نی یە و بەندە بە یاساکانی ئەو زمانە. ئەو کەرەسانەش کە لەگەڵ گرێی ناویدا دەردە کەون بەم شێوەیە ڕیزدەبن:

کەرەسەکانی پێش سەرە:[2]

هەر + ئامرازی نیشانە + چەندێتی + ژمارە + ئاوەڵناوی پلەی باڵا

بەم جۆرە فراوانکردنەی گرێ دەوترێ (فراوانکردنی گرێ بۆ دەرەوە)[3].

کەرەسەکانی دوای سەرە:

[1] ئاواز حەمە صدیق 1996- ل34.

[2]هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 34و 35 .

[3]ساجیدە عەبد وڵلا 2003 ل 89 .

ڕادە + ئاوەڵناو + لەقەب + چاوگ + ژمارەی تەرتیبی

بەم جۆرە فراوانکردنەش دەوترێ (فراوانکردنی گرێ بۆ ناوەوە) وەك:

**69- هەر ئەو دوو قوتابییە دەنگخۆشەی پۆلی چوارەم گۆرانییان دەوت.**

دیارخەری پێش سەرە        سەرە        دیارخەری دوای سەرە

(فراوانکردن بۆ دەرەوە)        (فراوانکردن بۆ ناوەوە)

مەرجیش نییە هەموو دیارخەرەکان لە ڕستەیەکدا پێکەوە دەرکەون. ئەمەو بێجگە لە وشەکان، کە وەك یارخەر بە شداری فراوانکرد نی گرێی ناوی دە کەن، (گرێی بەندیش) دەتوانێ ئەم ئەرکە ببینێت. وەك:

**70- کانییەکەی بەرماڵان ئاوەکەی ساردە.**

گ ب

بەم جۆرە دەکرێ ژمارەی بێ کۆتایی لە وشە و گرێ بە شداری لە فراوانکرد نی ڕستەکە بکەن و ڕستەیێکی سادەی فراوانکراو پێك بهێنن کە بێجگە لە بکەرو کار کەرەسەی تری وەك بەرکار (ڕا ستەوخۆ و ناڕا ستەخۆ)، ئاوەڵناو، ئاوەڵگوزارە ... بەشداری ڕۆنانی بکەن. وەك:

**71- ئازاد دوێنێ لێرە بە توڕەیی لە سەر تۆ قسەی بە براکەی وت.**

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕ ← گ ن + ئا گ + بە + گ ك


گ ن ← ن

ئا گ ← ئا گ ك + ئا گ ش + ئا گ چ + ئا گ ھ

به ——— ◄ به ڕا + به ناڕا

گ ك ——— ◄ك

پەیوەندیی نێوان کەرەسەکان لەم درەختەدا ڕوون دەکرێتەوە:



وەنەبێ تەنیا بە وشە و گرێ ڕستە فراوان بکرێت، بەڵکو ڕستەش دە توانێ ئەم ئەرکە ببینێ و بەشداری لە فراوانکردنی گرێی ناوی بکات. ئەم جۆرە فراوانکرد نە سنووری ڕستەی سادە دەبەزێنێت و بەرە و ڕستەی ئاڵۆزی دەبات.

لە ڕستەی سەرەکیی ڕستەی ئاڵۆزدا گرێی ناوی هەردەم سەرەیەکی تێدا یە و سەرەکە وەك (د یارخراو) ئەرك دەبیذ ێت و بە هۆی لاڕ ستەکەوە کە وەك (دیارخەرێکی فراوان) ئەرك دەبیذێت فراوان دەکرێت و لاڕستە دیارخەرییە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەکە. وەك:

**72- ئەو قوتابخانەیەی، کە بۆی ئەچووم، بە کوردی وانەی تیا نەئەوترایەوە.**


شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕ ←——— گ ن + گ ك

گ ن ←——— گ ن + لا


لا ←——— ئا گە + ڕ

گ ك ←——— ڕ




ئەگەر هەربەشێ لە بەشەکانی ڕستە بە لاڕستە فراوانکرا، ئەوا ڕستەکە دەچێتە خانەی ڕستەی (ئاڵۆز)، هەرچەندە ژمارەی لاڕستەکانی زیاتر بێت، ڕستەکە بەرەو پێکهاتەیەکی ئاڵۆزتر دەچێت. ڕستە سەرەکییەکە وەك (ڕستەی سەرە) ڕەفتار دەکات و ڕستە تێهەڵکێشراوەکانیش وەك (لاڕستە).

چۆنییەتی فراوانکردنەکە لەم نەخشەیەدا ڕوون کراوەتەوە[1]:




لە ڕستەی ئاڵۆزدا ژمارەیێکی بێ کۆتایی لاڕستە دە توانن بە شداری لە فراوانکردنی ڕستەکە بکەن. بەمەش زنجیرەیەك لاڕستە دروست دەبێت و ڕستەکە لە ناوەوەدا ڕۆنانێکی ئاڵۆزتر وەردەگرێت، کە تاڕادەیێك ڕووکاری ڕستەیی نامێنێت

---

[1] وریا عومەر ئەمین  1989  باسێکی بلاّو نەکراوە.

و وەك پارچە گوتنێك دەردەکەوێت. ئەم جۆرە ڕستانە لە ڕووی کارەکیدیەوە پە سەند ناکرێن و لە گفتو گۆی ڕۆژا نەدا هێ ندە بەکارنا یەن بۆ نموو نە:

**73- تەماشای ئەو پارچە کاغەزانەم دەکرد، کە لەسەر مێزەکەدا با لێی دەدان و بەم لاو بەولادا بلاۆی دەکردنەوە.** (جەمیلە  ل 78)

لە ڕستەی (73) دا لاڕستەی دیارخەری (کە لەسەر مێزەکەدا با لێی دەدان و بەم لاو بەولادا بلاۆی دەکردنەوە) لە دوو ڕستە پێك هاتووە:

أ-لە سەر مێزەکەدا با لێی دەدان.

ب- با بەم لاو بەولادا بلاۆی دەکردنەوە.

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:


ڕ ← گ ن + گ ك

گ ن ← ج

گ ك ← گ ن + گ ك

گ ك ← ك + لا

لا ← ئا گە + لا1 + ئا ب + لا2




ئەمجا  بە پ ێی یا سای ( هەمان لا بردن ) ب كەری دوو بارە  بۆوە لادە برێ و بەركارەكە دەچێتە نێوان  هەردوو بە شی  كاری لێكدراوی (تەما شا  كردن ) و  لەم شێوەیەدا دەردەكەوێت:

- تەماشای ئەو پارچە كاغەزانەم دەكرد، كە لەسەر مێزەكەدا با لێی دەدان و بەم لاو بەولادا بڵاوی دەكردنەوە.

ڕستەیەکی تر:

**74- باشترین هاوڕێیانمان ئەوانەن، کە ڕاستگۆن لەگەڵمان و هەڵەکانمان پیشان دەدەن و دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ دەکەن.**

ئەم ڕستە ئاڵۆزەی سەرەوە لەم چوار ڕستەیە پێك هاتووە:-

- باشترین هاوڕێیانمان ئەوانەن.
- هاوڕێکان ڕاستگۆن لەگەڵمان.
- هاوڕێکان هەڵەکانمان پیشان دەدەن.
- هاوڕێکان دەستی یارمەتیمان بۆ درێژدەکەن.

یاسای داڕشتنی بەم جۆرەیە:


ڕ ← گ ن + گ ك

گ ن ← ئاو + ترین + ن

گ ك ← گ ن + ك

گ ن ← ئا ن + لا

لا ← ئا گ + ڕ1 + ڕ2 + ڕ3


ڕ
گ ک
گ ن
ک
گ ن
لا
ئا ن
ڕ3
ئا ب
ڕ2
ئا ب
ڕ1
ن
دەستی
و
هەڵەکانمان
و
ڕاستگۆن
ئەوانە
ئەوانە
باشترین
یارمەتیمان
پیشان دەدەن
لەگەڵمان
هاوڕێکانمان
بۆ درێژ دەکەن
Ø +کە

لەم درەختەدا:

(ئەوانە) کە لە هەرسێ لاڕستەکەدا هەیە بە یاسای ( هەمان لا بردن ) لا براوە، بە هەمان شێوە ( کە )ی گەیە نەریش. ئەمجا بە پێی یا سایێکی تری گوێزا نەوە لاڕستە دیارخەرییەکان دەگوێزرێنەوە دوای کارەکە.

لە هەردوو ڕستەی (73) و (74)دا لاڕستە دیارخەرییەکان بە دوای یەکتردا هاتوون و زنجیرە لاڕستەیەکیان دروست کردووە. واتە لاڕستەکان لە ناو خۆیاندا وەك ڕستەی لێکدراوی فراوان دەردە کەون و بە یە کەوە ئەرکی لاڕستەی دیارخەری سەرەی گرێی ناوی ڕستەی سەرەکی دەبینن، ئەمە و دەشێ ڕستەی سەرەکیش لە ڕستەیێك زیاتر پێك هاتبێ، لاڕستەکانیش بە هەمان شێوە دەتوانن زنجیرەیێکی بێ کۆتایی پێك بهێنن (لێکدراو) بن. بەمەش ڕستە ئاڵۆزەکە لە ناوەوە ئاڵۆزتر دەبێ. بۆ نموونە:

**75- بە ئە سپایی پەلی ڕاکێشام و بردمیە ئەو ژوورەی، کە لێی هاتە دەرێ و دەرگاکەی پێوەدا.**

ئەم ڕستە ئاڵۆزەی سەرەوە لەم ڕستانەی خوارەوە پێك دێت:

1- ئەو بە ئەسپایی پەلی منی ڕاکێشا.

2- ئەو منی بردە ئەو ژوورە.

3- ئەو لە ژوورەکە هاتە دەرێ.

4- ئەو دەرگای ژوورەکەی پێوەدا.

لە هەر چوار ڕستەکەی سەرەوەدا بە پێی یا سای بکەر لا بردن بکەرەکان کە (ئەو) ە لابراون.

- ڕستەی (1) و (2) بە یاسای لێکدان بە ئامرازی بەستنی (و) لێکدراون.

- ڕستەی (3) و (4) بە هەمان یاسا لێکدراون.

- ڕ ستەی (3) تێهەڵکێ شی ڕ ستەی (2) کراوە بە یا سای تێهەڵکێ شان (Subordination) و وەك لاڕستەیەکی دیارخەریی سەرەی گرێی ناوی (ئەو ژوورە) لە ڕستەی سەرەکی (ئەو منی بردە ئەو ژوورە و دەرگا کەی پ ێوەدا )دا ئەرك دەبینێت.

ئەمجا (ئەو ژوورە) کە لە ڕستەی سێیەمدا دوو بارە کراوە تەوە لادە بریٚ، (لە) دەبێتە (لیٚ) بە پێی یاسای ڕێزمانی ڕا ناوی لکاو[1]. (ی)ی خ ستنە سەرو (کە)ی گەیەنەر بەکارهێنراوە و بۆتە:

- پەلی ڕاکێ شام و بردمی یە ئەو ژوورەی، کە ل ێی ها تە دەریٚ و دەرگا کەی پێوەدا.

لە ڕستەیێکی تردا:-

**76- ئەو باوك و دایکەی، کە دەیەوێت پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ منالٚەکانیدا هەبێت و ژیانێکی باشییان بۆ دەستەبەر بکات، دە بیٚ بە درو ستی ئەرکی خۆی بزانیٚ و بەکاری بهێنیٚ[2].**

ڕستەکە لە بنجدا لە چوار ڕستە پێك هاتووە. واتە، ڕستەی سەرەکی ڕستەیێکی لێکدراوە (لە دوو ڕستە پێك هاتووە) و هەروەها لاڕستەکەش. واتە:-

1- ئەو باوك و دایکە دەبیٚ بە دروستی ئەرکی خۆیان بزانن.

2- ئەو باوك و دایکە دەبیٚ بە دروستی ئەرکی خۆیان بەکار بهێنن.

3- ئەو باوك و دایکە دەیانەوێت، پەیوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ منالٚەکانییاندا هەبێت.

4- ئەو باوك و دایکە دەیانەوێت ژیانێکی باش بۆ منالاٚن دەستەبەر بکەن.

---

[1] وریا عومەر ئەمین  2004  ل 326.

[2] محمد رضا باطنی – 1384 – ل 70.

له ڕستەی (76)دا ڕستەی (1) و (2) به یا سای (Coordination)، هەروەها (3) و (4) یش،

- ڕستەی (1) و (2)به یاسای (Coordination) لێکدراون هەروەها لاڕستەی (3) و (4) یش.
- هەردوو لاڕستەی (3) و (4) تێهەڵکێشی ڕستەی سەرەکی (1) و (2) کراوە. ئەمجا به پێی یاسایێکی گوێزانەوە کەرەسەی دووبارە کراو لابراوە.
- (کە)ی گەیەنەر بەکارهاتووە و ڕستەکە ئەم شێوەیەی وەرگرتووە:
- **ئەو باوك و دای کەی، کە دە یەوێت پەیوەندی یەکی دۆ ستانەی لە گەڵ منالەکانیدا هەبێت و ژیانێکی با شییان بۆ دە ستەبەر بکات، دە بێ بە دروستی ئەرکی خۆی بزانێ و بەکاری بهێنێ.**

ئەمەو هەر لە دووتوێی ڕستەی ئالۆزدا دەشێ زنجیرە لاڕستەکان جگە لەوەی، کە وەك لاڕستەی دیارخەری ئەرك دەبینن، جاری وا دەبێت، لاڕستەی یە کەم، کە دەبێتە دیارخەری سەرەی گرێی ناوی ڕستەی سەرەکی، لە هەمان کا تدا دەبێ تە ڕستەی سەرەکی بۆ لاڕستەی دیارخەری دووەم، لاڕستەی دووەمیش دەبێ تە ڕستەی سەرەکی بۆ لاڕستەی سێیەم و هەر بەم جۆرە ....... بۆ نموونە:

**77- من لەو قوتابخانە یەم، کە هەر لەکۆنەوە وا نەی تایبەتیی دیا وتراوە تەوە، لەلایەن ئەو مامۆستایانەی، کە پسپۆرن لە زانستی جیاجیا.**

له بنجدا ڕستەی (77) لەم ڕستانەی خوارەوە پێك هاتووە:

1- من لەو قوتابخانەیەم.

2- ئە و قوتابخانەیە لە کۆنەوە وانەی تایبەتی دیا وتراوە تەوە لەلا یەن ئەو مامۆستایانەوە.

3- ئەو مامۆستایانە پسپۆرن لە زانستی جیاجیا.

ڕستەی (1) ئەركی ڕستەی سەرەكی ڕستە ئاڵۆزە كە دەبینێت، تیایدا (قوتابخانە) ئەركی سەرەی گرێی ناوی دەبینێت و لاڕستەی دیارخەری (2) بۆی دەگەڕێتەوە.

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەكرێت، ئەوەیە، كە لاڕستەی دیارخەری (2) لە هەمان كاتدا ئەركی ڕستەی سەرەكی دەبینێت و لاڕستەی دیارخەری (3) دەگەڕێتەوە بۆ سەرەكە كە (ئەو مامۆستایانە) یە. واتە بەم هەنگاوانەدا ڕۆیشتووە:

- بە پێی یاسایێكی گوێزانەوە كەرەسە دووبارە بووەكان لادراون وەك ( ئەو قوتابخانەیە) لە لاڕستەی دیارخەری (2) دا و ( ئەو مامۆستایانە) لە لاڕستەی دیارخەری (3)دا.

- ئامرازی (كە) بەكارهێنراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- من لەو قوتابخانەیە بووم.

- ئەو قوتابخانەیە هەر لەكۆنەوە وانەی تایبەتی تیا وتراوەتەوە لە لایەن ئەو مامۆستایانەوە.

كە + Ø

- ئەو مامۆستایانە پسپۆڕن لە زانستی جیاجیا.

كە + Ø

دوای هەموو ئەم هەنگاوانە ڕستەكە لەم شێوەیەدا دەركەوتووە:

**- من لەو قوتابخانەیەم، كە هەر لەكۆنەوە وانەی تایبەتیی تیا وتراوەتەوە، لەلایەن ئەو مامۆستایانەی، كە پسپۆڕن لە زانستی جیاجیا.**

# بەشی سێیەم
## پۆلکردنی واتایی و ئەرکی لارستەکانی ڕستەی ئاڵۆز

# بەشی سێیەم

# پۆلکردنی واتایی و ئەرکی لاڕستەکانی ڕستەی ئاڵۆز

## سەرەتا:

لێکۆڵینەوەی زمانەوانی چاولێکەری بە شێوەیێکی گشتی لە سەربنەمای زمانەوانی یۆنانی کۆن ئەنجام دراوە، کە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە دەیانڕوانییە زمان. تەنانەت لەو کاتانەی کە لە ڕێزمان و دیاردە ڕێزمانییەکانیان دەکۆڵییەوە تێڕوانینەکانیان لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی و لۆجیکییەوە بوو. زیاتر پشتیان بە واتای کەرەسەکان دەبەست نەک ڕۆنانیان. بۆ نموونە، لە پۆلکردنی ڕستەدا بۆ دوو بەش (نیهاد و گوزارە)، بۆ ئەوە نەبوو کە ڕۆنانی ڕستەکە ئەم دابەشکردنە دەسەپێنێ، بەڵکو زیاتر بە هۆی زاڵبوونی بیری دووانەیی (مبدأ الثنائیة) بووە و هەوڵی ئەوەیان داوە کە ئەم دووانەییەش لە ڕستەدا دەستنیشان بکەن، کە ئەمە بنەمایێکی فەلسەفییە نەک ڕێزمانی. هەتا ئەگەر تێبینی پێناسە دێرینەکانیش بکەین، بە زۆری لە سەر بنەمای واتا داڕێژراون نەک ئەرکی ڕێزمانی.... بۆ نموونە، لە پێناسەی ناودا دەڵێن: (ئەو وشەیەیە کە بۆ ناونانی کەس و شت و...... هتد بەکاردێت). ئەو پەیوەندییەی لە نێوان (ناو و ناولێنراودا) دەبینرێ پەیوەندییەکی واتاییە، کە لە زۆربەی زۆری لیکۆڵینەوە و شیکردنەوە زمانەوانییەکاندا پەیڕەوی کراوە، تەنانەت لە لێکۆڵینەوە نوێیەکانیشدا. بۆ نموونە: پۆلکردنی لاڕستەکانی ڕستەی ئاڵۆز و دەستنیشانکردنی جۆرەکانی وەك ( کاتی، شوێنی، هۆیی........ هتد) کە چەمکی واتایین و بە پەنا بردنە بەر بیر و سەلیقەی لێکۆڵەر لێکدەدرێنەوە، تێکەڵ کراون لەگەڵ ئەو لاڕستانەی کە ئەرکی ڕێزمانی وەك (بکەری و بەرکاری و.......) دەبینن لە ڕستەی ئاڵۆزدا و بە پێی ئەرکیان لە ڕستەکەدا دەستنیشان دەکرێن. بۆ نموونە:

**78- نەهات لەگەڵمان، چونکە نەخۆش بوو.**

**79- دیاره، که ئاشتی هیوای گەلانە.**

لە ڕستەی (78)دا ( چونکە نەخۆش بوو) لاڕستەیەکی هۆیە و جۆرە کەی لەرێی واتاکەیەوە دەستنیشان دەکرێت، کەچی لە ڕستەی (79)دا لاڕستەی ( کە ئا شتی هـ یوای گەلا نە) ئەرکی بـ کەری دەبینـ ێت، چونکە لە ڕ ستەکەدا بـ کەر دەرنە کەوتووە و لاڕ ستەکە خۆی ئەرکی بـ کەری دەبینـ ێت. کە ئە مەش شیکردنەوەیێکی ڕێزمانییە و لە سەر بـنەمای ئەرکی لاڕستەکە ئەنجام دەدرێت و پەیوەندە بە ڕۆنانی ڕستەکە نەك واتاکەی.

لێکۆلێـ نەوەی زما نەوانی لە قۆنا غەکانی گە شەکردنیدا ( سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیست ) دوو سیمای بنەڕەتی بە خۆیەوە بینی، کە بریتی بوون لە زاڵ بوونی ڕۆناذ کاری بە سەر چەمکی زما نەوانی و فراوان بوونی سنووری هاریکاری لەگەڵ بوارە جیاجیاکانی تری زا نین[1]. لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییا نە کۆمەڵێ بۆچوونی جیاجیا دژ بە بۆچوونی دێرینەکان سەریان هەڵدا. بۆ نموو نە، لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکیدا مەبەستی ئەوە بوو، کە زما نەوانی لە قۆناغی وەسفییەوە بگوێزێتەوە قۆناغی تیۆری یا لێکدانەوە[2]. بە بیروڕای چۆمسکی ناتەواوی شیکردنەوەی ڕستە لای دێریـنەکان لەوەدا یە، کە نەیانتوانیوە جـیاوازی ذ ێوان ئا ستی سەرەوە و(Surface- Structure) ئا ستی ژ ێرەوەی( Deep-Structure ) ڕۆنانی ڕێزمانی دەستنیشان بکەن. لە خوارەوەدا کورتە یەك دەربارەی هەردوو پۆلکردنەکە دەخەینە ڕوو:

---

1 میلکا افتیش  1996 - ص 108.

2 عالم الفكر- ص247.

**1- پۆلكردنی واتایی:** ئەگەرچی لە زمانەوانیدا تا ڕادەیێك ئاستەكانی زمان (دەنگ و واتا و ڕێزمان) لە یەكتری جیاكراوەتەوە، بەڵام سنووردانان لە نێوان ئەم ئاستانەدا كارێكی ئاسان نییە، چونكە لە شیكردنەوەی هەربە شێكی زمانەوانیدا دەبێ پشت بە واتا ببەسترێت. ڕستەش وەك پۆلێكی ڕێزمانی واتادارە و ئەركی ڕێزمانیش وەسفكردنی ڕۆنانییەتی. پۆلكردنی لاڕستەكانی ڕستەی ئاڵۆزیش بەشێوەیێكی گشتی لە سەربنەمای پەیوەندی واتایی نێوان لاڕستەكان ئەنجام دراوە. واتە، ئەو لاڕستانەی كە چەمكی (كات و شوێن و هۆ و......) ڕادەگەیەنن و بە پێی واتا شیدەكرێنەوە، لەناو خۆیاندا تێكەڵ بە یەكتر كراون و بە چەند شێوەیەك لێكدراونەتەوە. بە هەمان شێوەش دەربارەی ئامرازی گەیەنەركە بەپێی جۆری ئەو واتا یەی لە ڕستەكەدا دەیبەخشێ لێكدراوە تەوە، وەك لەم ڕستانەدا بەرچاو دەكەوێت.

**80- هەتاكو خانووەكەم نەفرۆشم، ناچم بۆ لادێ[1].**

لە ڕستەی (80)دا لاڕستەی (هەتاكو خانووە كەم نەفرۆشم) بە لاڕستەیەكی كاتی لە قەڵەم دراوە كە كاتی ڕوودانی كارەكە دەستنیشان دە كات. لەم ڕستەیەدا تێبینی ئەوە دەكرێت كە لاڕستەی (هەتاكو خانووەكەم نەفرۆشم) بە هەمان شێوە وەك لاڕستەیەكی مەرجیش لێك دەدرێتەوە و ئاسایی لە شوێنی ئامرازی ( هەتاكو) دەتوانرێ ئامرازی مەرجی (ئەگەر) دابنرێ، بێ ئەوەی كار لە واتا و ڕێزمانێتی لاڕستەكە بكات، وەك[2]:

**81- ئەگەر خانووەكەم نەفرۆشم، ناچم بۆ لادێ.**

---

[1] ك. ك. كوردۆییێڤ- 1984 ل 361.

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە- ئازاد ڕەمەزان- 1999 ل 42.

لە ڕستەی (81)دا ڕستەکە لە یەك کا تدا پەیوە ندیی ( کاتی و مەرجی ) دەستنیشان دەکات[1].

## کەم و کورتییەکانی پۆلکردنەکە:

1- ئەم پۆلکردنەی کە بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی لاڕستەی ڕستەی ئاڵۆزدا ئەنجام دراوە، هەر چەندە بە ڕوو کەش لە چوار چێوەی ڕێزما ندا لێی کۆڵراوەتەوە و وەك بابەتێکی سینتاکسی سەیر کراوە، بەڵام پۆلکردنە کە لە سەر بنەمایێکی واتایی داڕێژراوە.

**2-** بە پشت بەستن بەم پۆلکردنە ئەرکی کەرە سەکانی ڕستە د یاری ناکرێن، چونکە پشت بە سەلیقە و بیری لێکۆڵەر دەبەستێ.

**3-** هەر لەم پۆلکردنەدا تێکەڵییەکی زۆر لە نێوان جۆری ئەو پەیوەندییانەی، کە ڕستەکە ڕایدەگە یەنێ دەبینرێ. تەنا نەت لە لێکۆڵینەوە نوێیەکانیشدا هەمان شت دووبارە بۆتەوە. گۆڕانکارییەکانیش تەنیا لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەداخۆیان دەنوێنن[2].

## 1- پۆلکردنی ئەرکی (ڕێزمانی):

ئەو پۆلکردنە یە کە لە سەر بنەمای ئەرکی کەرە سە پێکهێنەرەکانی ڕستە ئەنجام دەدرێت دوور لە لێکدا نەوەی وا تا و ناوەڕۆك. وا تە، دەستنیشانکردنی کەرەسەی بەشداربوو لە ڕستەکەدا. وەك، دابەشکردنی ڕستە بۆ گرێی ناوی و گرێی کاری.

---

[1] بۆ نموونەی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە ل 23 و 29 ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[2]قەیس کاکل  2002  ل 205.

له دەستنیشانکردنی ئەرکی ڕێزمانیی لاڕستەکانی ڕستەی ئاڵۆزوەك ئەرکی (بکەری و بەرکاری و دیارخەری و ئاوەڵگوزارەیی) و جیاکردنەوەی لە جۆرەکانی تری لاڕستەوەك ( کاتی و شوێنی و مەرجی و..... هتد) کە پەیوەندی وا تایی دەستنیشان دەکەن، دانانی سنوورە لە نێوان (واتا و ئەرکی ڕێزمانی لاڕستەکان)دا. لەگەڵ ئەوەشدا کە ناتوانرێ لایەنی واتایی فەرامۆش بکرێت، چونکە ڕستە خۆی دانەیێکی واتادارە. لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت، ئەویش ئەوەیە: ئا یا لە ڕووی زمانەوانییەوە کام پۆلکردن پەسەندترە؟ لە وەڵامدا دەڵێین لە ڕووی زمانەوانییەوە و لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا پۆلکردنی ئەرکی (ڕێزمانی) پەسەند دەکرێ.

## هۆیەکانی پەسەندکردنی ئەم پۆلکردنە:-

1- ڕێزمانی کوردی ڕزگاری دەبێت لەو تێکەڵییەی، کە لە ئارادا هەیە لە پۆلکردنی جۆرەکانی لاڕستەدا، کە تاکە ڕستەیێك بە چەند شێوەیێك لێك دەدرێتەوە[1]، بێ ئەوەی کار لە ڕێزمانێتی ڕستەکە بکا. لێرەدا ئەوەش دەردەکەوێت، کە جیاکردنەوەی جۆرەکانی لاڕستە کارێکی ئاسان نییە.

2- پۆلکردنە واتاییەکان بە شێوەیێکی گشتی دوورن لە وردەکاری. بۆ نموونە دەستنیشانکردنی لاڕستەکان، تەنانەت ناو و ئاوەڵگوزارە و.... هتد کە چەند پۆلکردنی جیاجیایان بۆ کراوە، ئەگەر یەکێك بە هەمان ئەو پۆلکردنانەدا بچێتەوە، ئارەزوو دەکات کە دووبارە بە جۆرێکی تر پۆلکردنەکە ئەنجام بدات.

3- زاڵبوونی شیکردنەوەی واتایی بە سەر پۆلکردنەکاندا دەبێتە هۆی ئەوە، کە پۆلکردنێکی یەکگرتوو دروست نەبێت.

---

[1] بڕوانە ل (29 و 32)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

4- بە پشت بە ستن بە وا تا لە شیکردنەوەدا سنوور لە ذێوان وا تا و ئەرکدا نامێنێ و ڕێزماننووسان دەکەونە هەڵەوە، چونکە ئەو بنەمایەی کە بە هۆیەوە لاڕستەکانی (کات و شوێن و هۆ و ئەنجام و..... هتد) دیاری دە کرێن، دە بێ جیاب ێت لەوبنەما یەی کە بە هۆ یەوە ئەرکی ڕێز مانی کەرە سە پێکهێنەرەکانی ڕستە دەستنیشان دەکرێن، وەك ئەرکی (بکەری، بەرکاری، دیاخەری، ئاوەڵگوزارەیی).

لەم کارەدا پۆلکردنی ڕۆنانکارەکان پەسەند دەکەین و لەسەر بنەمای ئەم پۆلکردنە ئەرکی لاڕستەکان دیاری دەکەین:

## ئەرکەکانی لاڕستە

1- **ئەرکی بکەری:** لە ڕێزمانی زمانی کوردیدا بە شیوەیێکی گشتی ئەوە چەسپاوە کە سادەترین ڕستە لە گرێیەکی ناوی و گرێ یەکی کاری پ ێك د ێت. جەخت لە سەر ئەوەش کراوە، کە ئەو گرێ ناوییەی ئەرکی بکەر دەبینێت، (بکری لۆجیکی و بکەری ڕێزمانی) بەلای کەمی لە تاکە ناوێك یا جێناوێك پێك هاتبێ. واتە، بکەر لە ڕستەدا چالی سەرەکییە و بێ بوونی ڕستە دروست نابێ. وەك:

**82- قوتابییەکە کتێبەکەی خوێندەوە.**

**83- من ئازادم بینی.**

**84- گەورە و بچووك ڕێزییان لێ گرتین.**

لە ڕستەکانی (82، 84،83)دا (قوتابی) و ( من) و ( گەورە و بچووك) ئەرکی بکەریی دەبینن. ئەم شیکردنەوە ڕەهایەی کە بۆ ڕستە کراوە بە تایبەتیش بۆ بکەری ڕستە، کە بریتییە لە ناو یا جێناو شایانی ئەوە یە کە بە وردی شیبکەینەوە و لە سەری بوەستین چونکە لە زۆر حاڵەتدا ڕەنگە نەتوانین پێ لە سەر ئەوە دابگرین کە ئەمە شیکردنەوەی کۆتاییە. دیسان ئەم شیکردنەوەیە ڕەنگە بۆ ڕستەی سادە لەبار

بێت وەك ڕستەی (82، 84،83) بەلاّم بۆ ڕ ستەی ئالّۆز گرفتی زۆر پە یدا دە كات. ئەمەش بە هۆی ئەوەوە درو ست دەبێت کە لە بنەڕە تدا گرێی ناوی لە ڕ ستەی سەرکیدا هەیە، بە زۆریش لەم دۆخانەدا کە دەبێتە کەسی سێیەمی تاك، کە جێناوە لکاوە کەی مۆڕفیمی سفرە و لە ئەنجا مدا گر ێی ناوی لە ڕ ستەی سەرەکیدا دەرناکەوێ و وا مەزەندە دەکرێ، کە گرێی ناوی لە ڕستەکەدا نیە، بۆ یە لاڕ ستەکە ئەگەرچی لە بنەڕە تدا ڕوونکەرەوەی ئەو گرێ ناویە دەرنەکەوتووە یە، بەلاّم وەك دەرکەوتووە لای زۆربەی زمانەوانانی پێشتر[] بە لاڕستەی بکەریی ناسراوە. وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەدەکەوێت:

**85- ئاشکرایە، کە تۆی خۆش دەوێت.**

**86- باشتر بوو ، کە باوکم هەموو چیرۆکەکانی خۆی تۆمار بکردایە.**

**(داغستانی من ل153)**

ئەگەرچی ڕستەی (85 و 86) بە پێی پۆلکردنەکە بە ڕستەی سادە دا نەنراون، چونکە هەر یە کە دوو کار یان تێدا یە، بەلاّم ئە گەر لەلا یەکی ترەوە سەیری ئەم ڕستانە و دە یان ڕ ستەی وەك ئەوا نە بکەین، دەبینین، کە (نیهاد)ی ڕ ستەکانی (ئاشکرایە) و (باشتر بوو) لە ناوێك یا جێناوێك پێك نەهاتووە، چونکە:

1- نیهادی ڕستەکان وەك گرێی ناوی دەرنەکەوتوون، وا تە وەك مۆڕفیمی سفر (Ø) ڕەفتار دەکەن، تەنانەت لە ڕۆنانی ژێرەوەشدا ئەم گرێیا نە هە ستیان پێ ناکر ێت. وا تە، لە ناو ێك یا جێناو ێك پ ێك نەهاتوون، تاکو بهێنرێنە ئاستی سەرەوە.

2- بۆشاییەکی سینتاکسی بۆ بکەری کاری (ئاشکرایە) و (باشتر بوو) دروست دەب ێت و لاڕ ستەکانی ( کە تۆی خۆش دەوێ) و ( کە باوکم هەموو

[] عەبدوللاّ حسێن [] 1991 [] ل 81 .

چیرۆکەکانی خۆی تۆمار بکردایە ) ئەم بۆشاییە پڕ دەکەنەوە، واتە وەك نیهاد لە هەردوو ڕستەی (ئاشکرایە ) و (باشتر بوو)دا ئەرك دەبینن.

3- هەردوو لاڕستەی (کە تۆی خۆش دەوێ) و ( کە باوکم هەموو چیرۆکەکانی خۆی تۆمار بکردایە ) هیچ کەرەسەیەکی لاوەکی و بە ئارەزوویان تێدا نییە، تا بتوانین لا یان بدەین. کەوا تە، هەموو کەرە سەکانی لاڕ ستەکان بەیە کەوە ئەرکی نیهادی هەردوو ڕستەکە دەبینن.

لە خوارەوەدا هەردوو ڕستەکە شیدەکەینەوە و یاسای داڕشتنیان دەخەینە ڕوو:-

تێبینی:[زۆر جار لە شیکردنەوەی درەختیی ڕستەکاندا لە (ڕستە)وە بۆ خوارتر (وردتر) شی ناکەینەوە. واتە، بۆ دانەی لە ڕستە وردتر ناچین، چونکە کارەکەمان لە ئاستی ڕستەسازیدایە].

ڕستەی (85):


- ئاشکرایە کە تۆی خۆش دەوێ.

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕ ← گ ن + گ ك

گ ن ← لا ب

گ ك ← ڕ




ئەمجا به پێی یا سایێكی گوێزا نەوه لاڕستەكه دەگوێزرێ‌تەوه كۆتایی ڕستەی سەرەكی و لەم شێوەیەدا دەردەكەوێت:

- ئاشكرایه كه تۆی خۆش دەویٚ.

له ڕستەی (86) دا:


- باشتر بوو، كه باوكم هەموو چیرۆكەكانی خۆی تۆمار بكردایه.

ڕستەكه له بنجدا بەم جۆرەیه:

شتەكه باشتر بوو.

لێرەدا شتەكه (نیهاد) ه به ڕسته دەردەبڕێت بەم شێوەیه:

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:





ڕ ← گ ن + گ ك

گ ن ← لا ب

گ ك ← ڕ

پەیوەندییەکە لەم درەختەدا ڕوون کراوەتەوە:



ئەمجا بە پێی یاسای گوێزانەوە لاڕستەکە دەگوێزرێتەوە دوای ڕستەی سەرەکی و لەم شێوەیەدا دەردەکەوێت:

- باشتر بوو کە باوکم هەموو چیرۆکەکانی خۆی تۆمار بکردایە.

لە زمانی کوردیدا ڕستەی لەم شێوەیەمان زۆرە، بەلاّم هەموو (کارێك) ئەم شێوازە دروست ناکات. بۆ نموونە:

**87- پێویستە، سەرێکی لێ بدەین.**

**88- دەرکەوت، کە خەتای ئەوانە.**

**89- ڕاستە، کە درۆزن هەگیز سەرناکەوێ.**

**90- بێ گومانە، کە ڕاستی سەردەکەوێ.**

## 2- ئەرکی بەرکاری:

بەرکاریش وەك کەرە سەیەکی ئەرکی بە شداری ڕۆ نانی ڕ ستە دە کات و دەکەوێ تە ژ ێرکارێ گەری کارە کە، ئە گەرکارە کە تێ پەڕ بوو بەرکار دەبێ تە کەرەسەیەکی سەرەکی ڕستە وەك:

**91- گوڵە جوانەکەم بۆ تۆ هەڵبژارد.**


لە ڕستەی (91)دا (گوڵ) ئەرکی بەرکاری ڕا ستەوخۆی ڕ ستەکە دەبینێت و وەك کەرەسەیەکی سەرەکی بوونی پێویستە.

لە ڕ ستەی ئاڵۆزیشدا دە شێ، بەرکار بە لاڕ ستە دەر ببڕێ و ئەو بۆ شاییە پڕ بکا تەوە، کە بە هۆی دەرنە کەوتنی بەرکارو خۆ نوا ندنی لە شێوەی مۆرفیمی (سفر)دا لە ڕستەکەدا دروست بووە. وەك:

92- بینیم کە ناڕەزاییت دەردەبڕی.

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە دەبێت:

(م) لە جیاتی (من) بەکارهاتووە بۆیە (من) لابراوە.





ڕ ← ب +به + ك

ب ← ج

به ← لا

پەیوەندییەکە لەم درەختەدا ڕوون دەکرێتەوە:



بەم جۆرە و بە پێی یاسایێکی گوێزانەوە لاڕستەکە دەگوێزرێتەوە دوای کارەکە و لەم شێوەیەدا دەردەکەوێت:

- بینیم کە ناڕەزاییت دەردەبڕی.

لە ڕستەی (92) دا تێبینی ئەوە دەکرێت کە ڕستەکە پێویستی بە کەرە سەیەك هەیە کە ئەرکی بەرکاری کاری (بینین) ببیذێت، چونکە بۆ شایێك لە ڕ ستەکەدا دروست بووە و پێویستی بە تەواوکردن هەیە و لاڕستەی (کە ناڕەزاییت دەردە بڕی) ئەم چاڵە پڕ دەکاتەوە و ئەرکی بەرکاری کاری (بینین) دەبینێت.

لە خوارەوەدا ئاماژە بە چەند کارێك دە کەین کە وەك کاری (دینین) ڕەفتار دەکەن، چونکە مەرج نییە، هەموو کارێکی زمانەکە ئەم شێوازە دروست بکەن. بۆ نموونە:

**93- ویستی، کە ڕێگاکەی بگۆڕێت. (هەڵۆ- ل 45)**

**94- دەیزانی، کە پێویستی پێی نییە. (گەلە گورگ- ل 5)**

**95- هەستی کرد، کە لەشی هاوڕێکەی کەوتە لەرزین. (هەڵۆ- ل 62)**

**96- دیتی، ئەو خێزانە هەموو لەگەڵی باشن. (داغستانی من- ل 13)**

**97- نەم توانی، ڕستەکە تەواو بکەم. (هەڵۆ- ل 45)**


**98- بڕیاری دا، کە خۆی بەناو کونە ئەشکەفتەکەوە بباو گورگەکە بکوژێ. (داغستانی من- ل 43)**

**99- دەیەوێت، هەواڵێکی نوێی پێ بگەیەنێت.**

لە خوارەوەدا چەند ڕستەیێك شیدەکەینەوە:-

93- ویستی، کە ڕێگاکەی بگۆڕێت.


شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:




ڕ ← ب +بە + ك

ب ← ج

بە ← لا




ئەمجا بە پ ێی یا سایێکی گوێزا نەوە وەك لە درەختە کەدا ڕوون کراوە تەوە، لاڕستەکە دەگوێزرێتەوە دوای کارەکە و لەم شێوەیەدا دەردەکەوێت:

- ویستی، کە ڕێگاکەی بگۆڕێت.

98- بڕیاری دا، کە خۆی بەناو کونە ئەشکەفتەکەوە بباو گورگەکە بکوژێ .

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ئەو          شتێکی          بڕیاردا


∅          کە خۆی بە کونە ئەشکەفتەکەوە

ببات و گورگەکە بکوژێ

ڕ ← ب +بە + ك

ب ← ج

بە ← لا




ئەمجا بە پ یی یا سایێکی گوێزا نەوە وەك لە درەختە کەدا ڕوون کراوە تەوە، لاڕستەکە دەگوێزرێتەوە دوای کارەکە و لەم شێوەیەدا دەردەکەوێت:

- بڕیاری دا، کە خۆی بەناو کونە ئەشکەفتەکەوە بباو گورگەکە بکوژێ.

## 3-ئەركی ئاوەڵگوزارەیی:

یەكێك لە كێشە گرنگەكانی بواری سینتاكسی دا نەنانی سنوورە لە نێوان ئاوەڵكار و ئاوەڵگوزارەدا[1].

ئاوەڵكار تا ئێستا لە زۆربەی سەرچاوەكاندا وەك بەشە ئاخاوتنێكی سەربەخۆ باس كراوە و بەم جۆرە پێناسە كراوە (ئاوەڵكار ئەو بەشە ئاخاوتنەیە كە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە كارەوە هەبێت لە ڕووی چۆنییەتی، كات، شوێن و جۆی ڕوودان و ڕوونەدانی هەر بارێكی ترییەوە بێت)[2].

ئاوەڵكاریش وەك بەشێكی نا سەرەكی بە شداری ڕۆنانی ڕستە دە كات و وەك بەشێكی ئاخاوتن خاوەنی تایبەتێتی مۆرفۆلۆژی و سینتاكسی و واتایی خۆیەتی.
نیشانەی دەنەڕەتی جیاكردنەوەی ئاوەڵكار لە بەشەكانی تری ئاخاوتن ئەو ئەركەیەتی كە لە ڕستەكەدا دەیبینێت بۆ پیشاندانی كات و شوێن و هۆ و چۆنیەتی ڕووداوەكە[3]. لە زمانی كوردیدا بە دەگمەن چەند وشەیێكی لە ڕووی ڕۆنانەوە سادە وەك (ئێرە، ئەوێ، هەرگیز...... هتد) بەرچاو دەكەوێت كە بەر چەمكی ئاوەڵكاری بكەوێت. بۆیە دەڵێین ئاوەڵكار لە ڕووی ڕۆنانەوە بەندە بە ناو و ئاوەڵناو و ئامراز و ...... واتە بە تەنیا و بە بێ یارمەتی ئەم فۆڕمانە ناتوانێ ئەو ئەركە ببینێت[4] بۆیە بەڕای ئێمەش بەكارهێنانی زاراوەی ئاوەڵگوزارە لە بارترە. بۆ ئەم مەبەستە چەند نموونەیەك دەهێنینەوە:

**100- بەهاران سەیران خۆشە.**

**101- نامەكەی بەجوانی نووسی.**

---

[1] كوردستان موكریانی  1986 ل 155.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[3] شلێر ڕەسوڵ  1989  ل41 .

[4] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پەراوێزی ل 18 ی ئەم لێكۆڵینەوەیە.

**102- له باخەکەدا خۆی حەشاردابوو.**

له ڕستەکانی سەرەوەدا (بەهار، جوان، باخ) وەك ناو و ئاوەڵناو به یار مەتی (ان) وەك له ڕستەی (100)دا و (به....ی) وەك له ڕستەی (101)دا و (له....دا) وەك له ڕستەی (102)دا وەك ئاوەڵگوزاره پەیوەندیی کات و چۆنییەتی و شوێن له ڕستەکەدا دەخەنه ڕوو.

به شێوەیێکی گشتی له زمانی کورد یدا ئاوەڵگوزاره و بەرکاری ناڕاستەوخۆ باس دەکرێت و هەوڵی جیاکردنەوەیان له یەکتری له لا یەن هه ندێ ڕێزماننووسان دراوه، بۆ ئەوەی که هێڵێکی یەکلاکەرەوه له نێوانیاندا بکێشرێ[1]، بەڵام لەبەر ئەوەی له ڕووی داڕشتن و ڕۆنانەوه جیاوازیێکی ئەوتۆ له نێوان ئەم دوو دیاردەیەدا نابینرێ، بۆیه جیاکردنەوەیان له یەکتری کارێکی ئاسان نییه و له زۆر ڕووەوه وەك یەکتروان. ئەو هەولانەش، که بۆ ئەم مەبەستە دراون نەگەیشتوونەته ئەنجام[2]، چونکه پەنا براوەته بەر بیر و سەلیقه نەك ئەرك و ڕۆنان. وەك:

**103- قوتابییەکه له خوێندن بێزار بوو.**

**104- کتێبەکەم لەلای خۆم دانا.**

له ڕستەی (103 و 104)دا هەر دوو گرێی بەندی (له خوێندن) و (لەلای خۆم) له ڕووی پێکهاته و ڕۆنانی سینتاکسی هیچ جیاوازییەکیان نییه و هەردووکیان له گرێیەکی بەند پێك دێن. تەنیا جیاوازییەك هەبێت له نێوانیاندا ئەوەیه که گرێی بەندی (لەلای خۆم) چەمکی شوێنی تێدایه. واته، (وا تا) پێوانەیه و له شیکردنەوەی ڕێزمانیدا (ئاوەڵگوزارەی شوێنی)ی پێ دەوترێ، ئەمە و به هەمان شێوەش بۆ جۆره جیا جیاکانی تری ئاوەڵگوزاره وەك کات و چۆنییەتی و هۆ و .......

له خوارەوەدا هەردوو ڕستەکه شی دەکەینەوه:

---

[1] بڕوانه مەحمود فەتحولا ل 119- 121 و قەیس کاکل ل 20.


[2] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوه بڕوانه سەرچاوەی پێشوو.

- قوتابییەکە لە خوێندن بێزار بوو.

ڕ ← گ ن + گ ک

گ ن ← ن

گ ک ← گ ب + ک





بەرکاری ناڕاستەوخۆ

- کتێبەکەم لەلای خۆم دانا.

ڕ ← گ ن + گ ک

گ ن ← ج

گ ک ← ئا گ ش+ ک




لە شیکردنەوەی هەردوو ڕستەی (103و 104)دا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە ڕووی ڕۆنانەوە لە نێوان ئاوەڵگوزارە و بەرکاری ناڕاستەوخۆدا نییە و ئەگەر هەردوو دیاردەکە وەك یەك سەیر بکرێن، هیچ گرفتێك دروست نابێت.

لە ڕستەی ئاڵۆزدا ئاوەڵگوزارە وەك بە شێك لە ڕستەی سەرەکیدا بەهۆی لاڕستەوە فراوان دەکرێت. جیاوازییان لەگەڵ لاڕستەی بکەری و بەرکاری لەوە دایە کە لاڕستەی دیار خەریی ئاوەڵگوزارەیی جگە لەوەی کە دەبێتە دیار خەری ئاوەڵگوزارەکە، لە هەمان کاتیشدا بەشێکە لەو ئەرکەی کە ئاوەڵگوزارە کە دەیبینێ بۆیە، کە ئاوەڵگوزارەکە لابرا لاڕستەکە ئەرکەکە دەگرێتە ئەستۆ وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

**105- پار، کە شەڕەکە تەواو بوو، ئاسایش بەرقەرار بوو.**

**106- ئەو کاتەی، کە دیل بووم، نەمدەزانی، چارەنووسم بەکوێ دەگا.**

**(گێلە پیاو ل 225)**

**107- ساڵی ڕابردوو، کە ناوچەکە ئازاد کرا و دوژمن شکا و دێیەکە ئاوەدان کرایەوە، ئاوارەکان گەڕانەوە.**

لە خوارەوەدا ڕستەکان شیدەکرێنەوە:

- پار کە شەڕەکە تەواو بوو ئاسایش بەرقەرار بوو.

ڕستەکە لە بنجدا بەم جۆرەیە:

1- ئاسایش بەرقەرار بوو.

2- (پار) ئاسایش بەرقەرار بوو.

3- ئاسایش [پار (کە شەڕەکە تەواو بوو) ] بەرقەرار بوو.


شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕ ←——— گ ن + ئا گ + گ ک

گ ن ←——— ن

ئا گ ←——— ن ک + لا

گ ک ←——— ک




وەك لە درەختەكەدا دەردە كەوێت، كەرە سەی دوو بارە كراو لا براوە و ( كە )ی گەیەنەر بەكار هاتووە و بە پێی یاسیێكی تر ئاوەڵگوزارەكە دەگوێزرێتەوە پێش گرێی ناوی و ڕستەكە لەم شێوەیەدا دەردەكەوێت:

- پار، كە شەڕەكە تەواو بوو، ئاسایش بەرقەرار بوو.

**106- ئەو كاتەی، كە دیل بووم، نەمدەزانی، چارەنووسم بەكوێ دەگا.**

**(گێلە پیاو - ل 225)**

شیكردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕستەكەی سەرەوە لە بنجدا لە دوو ڕستە پێك هاتووە:

1- من (ئەو كاتە) دیل بووم.

2- من (ئەو كاتە) نەمدەزانی چارەنووسم بە كوێ دەگا.

(ئەو كاتە) ئەركی (ئاوەڵگوزارەی كاتی) دەبینێت لە هەردوو ڕستەی (1 و 2) دا.


ڕ ⟵ گ ن + ئاگ +گ ك

گ ن ⟵ ج

ئا گ ⟵ ئا گ ك + ئا خ +لا

گ ك ⟵ ڕ

پەیوەندی نێوان بەشەكانی ڕستەكە لەم خشتەیەدا ڕوون دەكەینەوە:




ڕستەكە لەم شێوەیەدا دەردەكەوێت:

- ئەو كاتەی، كە دیل بووم، نەمدەزانی، چارەنووسم بە كوێ دەگا.

- ساڵی ڕابردوو، کە ناو چەکە ئازاد کرا و کە دوژمن شکا و کە دێیە کە ئاوەدان کرایەوە، ئاوارەکان گەڕانەوە.

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

لە بنجدا ڕستەکە پێك هاتووە لە:

1- ساڵی ڕابردوو ئاوارەکان گەڕانەوە.

2- ساڵی ڕابردوو ناوچەکە ئازاد کرا.

3- ساڵی ڕابردوو دوژمن شکا.

4- ساڵی ڕابردوو دێیەکە ئاوەدان کرایەوە.

- لە ڕستەکەدا لاڕستەی (2 و 3 و 4) تێهەڵکێشی ڕستەی (1) کراوە.

- (کە) ی گەیەنەر بەکار هێنراوە.


ڕ ←——— گ ن + ئا گ + گ ك

گ ن ———→ ن

ئا گ ———→ ئا گ ك + لا

گ ك ———→ ك

پەیوەندییەکە لەم درەختەدا ڕوون دەکرێتەوە:




ئەمجا بە پێی یاسای گوێزا نەوە وەك لە درەختە کەدا دەر کەوتووە، کەرە سەی دوو بارە کراو لا براوە و (ئاوەڵگوزارە کە) گوێزراوە تەوە پێش گر ێی ناوی و لەم شێوەیەدا دەرکەوتووە:

- ساڵی ڕابردوو، کە ناو چەکە ئازاد کرا و دوژ من شکا و دێیە کە ئاوەدا کرا یەوە ئاوارەکان گەڕانەوە.

لە ڕستەکانی (105) و (106) و (107) دا (پار، ئەو کا تەی، ساڵی ڕا بردوو) وەك ئاوەڵگوزارەی کات بەکار هاتوون و پەیوە ندیی کاتی ڕوودان لە ڕ ستەکەدا

دەستنیشان دەکەن و لاڕستە دیارخەرییەکانی (کە ناو چەکە ئازادکرا، کە دوژمن شکا، کە دێیەکە ئاوەدان کرایەوە) یان بۆ دەگەڕێتەوە.

لێرەدا دەبێت، تێبینی ئەوە بکەین، ئەگەر ئاوەڵگوزارەکان لە ڕستەکەدا لا بران، لاڕستەکانی (کە شەڕەکە تەواو بوو، کە د یل بووم) لە ڕ ستەی ئاڵۆزی (105) و (106) داو هەر سێ لاڕستەی (کە ناوچەکە ئازادکرا، کە دوژمن شکا، کە دێیە کە ئاوەدان کرایەوە) لە ڕستەی (107) دا، دەتوانن ئەرکی ئاوەڵگوزارەکانی ( پار، ئەو کاتەی، ئەو کاتەی) ببینن و پەیوەندیی کاتی ڕوودان دەستنیشان بکەن، بێ ئەوەی کار لە ڕێزمانێتی ڕستەکە بکەن. ئەو کا تە لاڕ ستەکان وەك لاڕ ستەی دیار خەری ئەرك نابینن، بەڵکو تەنیا ئەرکی نیشاندانی کات دەبینن و بە ندیێتییان بە ڕ ستە سەرەکییەکەوە نامێنێ. هەر چەندە ناتوانن وەك ڕ ستەیەکی سادە ڕەفتار بکەن، بەڵام لە دەرەوەی ڕستەی سەرەکین و پەیوەندیی سینتاکسی دروست ناکەن، بەڵکو بە پێی ئەو ئەرکە دەستنیشان دەکرێن، کە لە ڕ ستەکاندا دەیبینن. ئە مە لەلا یەك لەلا یەکی ترەوە وەك دەردە کەوێ بە شێوەیێکی گ شتی ئەم دیاردە یە لە گەڵ ئاوەڵگوزارەی کاتدا دەبێت.

## 4- ئەرکی دیارخەری:

دیار خەریش وەك بە شێکی نا سەرەکی ڕ ستە ئەرکی وە سف کردن و ڕوون کردنەوە و بە دەستەوەدانی زانیاری دەربارەی گرێی ناوی ڕستە دەبینێت.

دیارخەر دەشێ (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، گرێی ناوی و گرێی بەند ......) بێت وەك:

**108- براکەی نەوزاد لە سلێمانییە.**

**109- هاوڕێی من لە کۆڕەوەکەدا ون بوو.**

**110- کچە بالاْ بەرزەکەی خواست.**

**111- نەسرینی کچی پوورم لە زانکۆ دەخوێنێ.**

**112- بڕیارە بەپەلەکەی ئاژاوەی بۆ دروست کرد.**

لە ڕستەکانی (108، 109، 110، 111، 112)دا، ( ناو، جێناو، ئاوەڵناو، گرێی ناوی و گرێی بەند) بوونەتە دیارخەری گرێی ناوی ڕستەکان.

لە ڕستەی ئاڵۆزیشدا (لاڕستەی دیارخەری) تێهەڵکێشی ڕستەی سەرەکی دەبێت و ئەرکی دیارخەری سەرەی گرێی ناوی ڕستەکە دەبینێت. بە شێوەیێکی گشتی ئامرازی (کە) لە نێوان هەردوو ڕستەکەدا (ڕستەی سەرەکی و لاڕستە) بەکار دەهێنرێ.

لە بەشی داهاتوودا بە وردی باس لە ئەرکی لاڕستەی دیارخەری دە کەین کە ناوکی باسەکەیە.

# بەشی چوارەم

# پێناسە و سروشتی لاڕستەی دیارخەری

# بەشی چوارەم

## پێناسە و سرووشتی لاڕستەی دیارخەری

### لاڕستەی دیارخەری:

(هەر پێکهاتێك یەکێك لە بەشەکانی ڕستەیەکی نزمتر بێت کە گرێیەکی ناویی دەرەوەی خۆی بناسێنی، ئەوە لاڕستەی دیارخەری تێهەڵکێشراوە)[1].

**113- سەرۆك ئەسپەکەی ڕاگرت و ئەوانی تریش کە بەدوایەوە بوون ڕاوەستان. (گێلە پیاو- ل 226)**

کەواتە لاڕستەی دیارخەری ئەو لاڕستەیەیە کە تێهەڵکێشی ڕستەی سەرەکیی ڕستەی ئاڵۆز دەبێت و سەرەی گرێی ناوی ڕستەکە دەناسێنێ[2].

### سرووشتی لاڕستەی دیارخەری:

لاڕستەی دیارخەری لە ڕستەی ئاڵۆزدا شوێن سەرەی گرێی ناوی (دیارخراو) دەکەوێت و وەسفی دەکات. سروشتی لاڕستەی دیارخەری لە چەند خاڵێکدا دەستنیشان دەکەین:

1- لاڕستەی دیارخەری وەك دیارخەروایە، تا کە جیاوازیان لە یەکترلەوەدایە: دیارخەر لە چوارچێوەی گرێی ناویدا دەوری خۆی دەبینێ و لاڕستەی دیارخەری وەك ڕستەیێك دەکەوێتە دەرەوەی گرێی ناوی ڕستەکە. وەك:

**114- گوارەی زێڕ جوانە.**

**115- گوارەکەی نەسرین، کە زێڕە جوانە.**

لە ڕستەی (114)دا (زێڕ) وەك ناوێك ئەرکی دیارخەریی گرێی ناوی (گوارە) دەبینێت و دەبێتە تەواوکەری. لە ڕستەی (115) دا لاڕستەی (کە زێڕە) ئەرکی لاڕستەی دیارخەریی سەرەی گرێی ناوی (گوارە) دەبینێت.

[1] Muhammad Ma'ruf 1997 p253.
[2] Http://www.uwplatt.edu/~ciesield/Adjectivals.htm

2- لاڕ ستەی دیار خەری ئا سایی دانە یەکی بە ئارەزووە. وا تە. دە شیٚ، لا ببریٚ، هەروەکو چۆن دیار خەر لە ڕ ستەی سادەدا لادەبر یٚت. بیٚ ئەوەی کار لە ڕێزمانێتی ڕستەکە بکات. وەك:

**116- کچە جوانەکە هات.**

**117- ئازاد ،کە مامۆستایە قوتابییەکانی خۆش دەوێت.**

لە هەردوو ڕ ستەی (116 و 117)دا (جوانە کە) و ( کە مامۆ ستایە) کە ئەرکی دیار خەری سەرەی گر ێی ناوی دەبینن، لابردنیان کار لە ڕێز مانێتی ڕستەکان ناکات.

3- لاڕ ستەی دیار خەری هەمیشە دوای ئەو گرێ یە دە کەوێت کە زاد یاری دەر بارەی چەند لا یەنێکی شاراوەی دەخا تە ڕوو و دەبێ تە دیار خەری، ئەم گرێیەش دەشیٚ (ناو، جێناو، ئامرازی نیشانە......... هتد) بێت. وەك:

**118- نەوزاد، کە یەکەمی پۆلەکە بوو، خنکا.**

**119- ئەو، کە دوێنیٚ لێرە بوو، ئەمرۆ لە بەرچاو ون بوو.**

**120- ئەوانەی، کە دەست ڕۆیشتوون، بە درێژایی ساڵ مانگا نە بۆ مەلایێك ئەبرنەوە. (کودەواری ل25)**

لە ڕ ستەکانی (118) و (119) و (120)دا لاڕ ستەکانی ( کە یە کەمی پۆلەکە بوو، کە دوێنیٚ لێرە بوو، کە دەست ڕۆیشتوون) وەك لاڕستەی دیار خەری ئەرکی وە سفکردن و پێنا سینی گر ێی ناوی ڕ ستەی سەرەکی ( نەوزاد، ئەو، ئەوانە) دەبینن. دەشیٚ، لاڕستەی دیار خەری یەکسەر دوای سەرەکە نە یەت و لێی بترازیٚ و شوێنی خۆی بۆ دوای کارە کە بگوێزێتەوە. وا تە، دەکر یٚت هەموو لاڕستەکە بە دوای ڕستەی یەکەمدا بێت، بیٚ ئەوەی کار لە ئەرك و ڕێز مانێتی لاڕستەکە بکات. وەك لە:

**121- پەڵپ و بیانووی وا ئەگرن، کە لە وزەی ماڵی کوڕەکەدا نەبێ.**

**(کوردەواری- ل 8)**

لە ڕستەی (121)دا لاڕستەی دیارخەریی ( کە لە وزەی ماڵی کوڕە کەدا نەبێ)، کە سەرەی گرێی ناوی (پەڵپ و بیانوو) ڕووندەکاتەوە و لە دوای ڕستەی یەکەم (ڕستەی سەرەکی) یەوە هاتووە.

4- لاڕستەی دیارخەری هەرگیز سەربەخۆ نابێت، بەڵکو هەمیشە پەیوەندییەکی سیمانتیکی و سینتاکسی لەگەڵ گرێیەکی ناوی ڕستەیەکی تردا دەبێت. وا تە، لاڕستە دیارخەرییەکە وەك ڕستەیەکی لاوەکی ئاماژە بە گرێیەکی ناوی دەرەوەی خۆی دەکات و دەبێتە بەشێك لە ڕستە سەرەکییەکە[1]. لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵدەدات کە ئایا ئەم پەیوەندییەی نێوان لاڕستە و ڕستەی سەرەکی چۆن دروست بووە؟ چ هۆکارێك لاڕستە دیارخەرییەکە دەکات بە بە شێك لە ڕستە سەرەکییەکە؟ لە کاتێ کدا کە دە شێ، لاڕ ستەکە لە ڕووی ژ مارەی دا نە مۆرفۆلۆژییەکانەوە فراوانتر بێت لە ڕستە سەرەکییەکە. وەك:

**122- ئەو درەی، کە هێزی پۆلیس و ئاسایش بە دوایدا هەموو ماڵەکانیان پشکنی، شارەکەی بەجێ هێشت.**

لە ڕستەی (122) دا لاڕستەی دیارخەری (کە هێزی پۆلیس و ئاسایش بە دوایدا هەموو ماڵەکانیان پشکنی) لە ڕووی چاڵە سینتاکسییەکان و ئەو دانە مۆرفۆلۆژییانەی کە بەشداری ڕۆنانیان کردووە، زۆر فراوانترە لەوەی کە لە ڕستە سەرەکییەکەدا هەیە، کەچی بۆتە بەشێك لە (ڕستە سەرەکییەکە) کە بەقەبارە لە خۆی بچووکترە، ئایا ئەم بنەما سینتاکسییانە چین کە ئەم پەیوەندیی ئاوێتە بوونە لەناو ڕستە سەرەکییەکەدا دروست دەکەن؟

[1] Muhammad Ma'ruf 1997 p253.

بۆوەلاً می  ئەم پر سیارانە دە  شێ لێکدانەوە  یەك بخەی نە ڕوو و ب نەما سینتاکسییەکان دەستنیشان بکەین:

## بنەما سینتاکسییەکانی پەیوەندیی ئاوێتە بوون: -

### 1- بوونی ئامرازی گەیەنەر:

ڕێزماننووسان بەشێوەیێکی گشتی[1] پێیان وایە کە ئامرازە گەیەنەرە کە دەبێ تە هۆی دروست بوونی ئەم پەیوەندییەی کە لە نێوان ڕستەی سەرەکی و لاڕستە دیاخەرییەکەدا دەبینرێت و بوونی ئامرازە کە لە گەڵ لاڕستەکەدا دەبێ تە هۆی لەدەستدانی سەربەخۆیی ڕستەکە و بەندکردنی بە ڕستەیەکی ترەوە. ئەمانە وای بۆ دەچن کە ئامرازە گەیەنەرەکە بەشێکە لە پێکهاتەی لاڕستە دیارخەرییەکە. وەك:

**123- تەماشای ئەو هەورانەم دەکرد، کە ڕووی ئاسمانییان داپۆشیبوو.**

**(جەمیلە ل 76)**

لە ڕستەی (123)دا بوونی گەیەنەری ( کە) بۆ تە هۆی ئەوەی کە (ڕووی ئاسمانییان داپۆشیبوو) لە پلەی ڕستەیی بهێنێتە خوارەوە و سەربەخۆیی نەمێنێ. لێرەدا دووبارە پرسیارێکی تر سەرهەڵدەدات کە ئا یا ئەرکی ئامرازە کە ئەوە ندە کاریگەر و بەهێز دێت کە ڕستەیێك بکاتە لاڕستە و سەربەخۆییەکەی نەهێڵێ و ئاوێتەی ڕستەیێکی تری بکات؟ دەشێ بەکارهێنانی بە ئارەزوو بێت؟

سرووشتی ئەم ئامرازە بە شێوەیێکە، کە لە زۆربەی کاتدا بە ئارەزووی قسەکەر دەشێ، بەکاربێت یا بەکارنەیەت. وەك:

**124- ئەوانەی، کە تۆ باسیان دەکەی، لێرە نین.**

**125- ئەو گەنجە جوانەی، کە دوێنێ لەلامان بوو، ئەمڕۆ لە زێیەکەدا خنکا.**

---

[1] کوردستان موکریانی و ئیبراهیم عەزیز هی تر.

لە نموو نەی (124) و (125)دا ئامرازی ( کە) وەك گەیە نەر لە لاڕ ستە دیارخەرییەکانی (کە تۆ باسیان دەکەی، کە دوێنێ لەلامان بوو) بەکار هاتووە، بەلادانیشی دیاردەی ئاوێتە بوونەکە واتە (گەیاندنی لاڕستە بە ڕ ستەی سەرەکی) وەك خۆی دەمێنێتەوە. وەك:

أ- ئەوانەی تۆ باسیان دەکەی لێرە نین.

ب- ئەو گەنجە جوانەی دوێنێ لەلامان بوو، ئەمڕۆ لە زێیەکەدا خنکا.

لە نموونەی (أ، ب)دا ئامرازی ( کە) لادراوە، بەبێ ئەوەی کار لە ڕێز مانێتی ڕستەکە بکات، چونکە لە ئاستی ژێرەوەدا جێگیرە.

لێرەدا ئەو گومانەمان لا دروست دەبێت، کە ئامرازەکە هۆی سەرەکی درو ست بوونی ئاوێتە بوونەکە نەبێت، بەڵکو هەندێ باری تر بوبێتە هۆی دروستبوونی.

دەشێ، وا لێك بدرێتەوە کە ئامرازەکە ئەگەر دەریش نە کەوێ، ئەوا لە ڕۆ نانی ژێرەوەدا بوونی هەیە و قسەکەر یا خوێنەر هەست بە بوونی دە کات، بەلاَم ئەوەی گومانمان لا دروست دە کات، ئەوە یە کە گرنگی و ڕۆڵی ئاوێتە بوونە کە ئەوە ندە گەورە و کاریگەرە، کە شایانی ئەوە نییە، لە ڕۆنانی سەرەوەدا ون بێت. ئێمە وای بۆ دەچین کە تەنیا ئەم ئامرازە نییە کە ئەو ئەرکە ببینێ و بەندێتییەکە دروست بکات.

## 2- بوونی نووسەك(Clitics)[1]:

ڕایەکی تر وای بۆ دەچێ کە پەیوەندی نێوان لاڕستە و ڕستەی سەرەکی بەهۆی ئەو نووسەکەوە دروست بووە کە لە لاڕستە دیارخەرییەکەدایە و دەگەڕێتەوە بۆ گرێیەکی ناوی لە ڕستەی سەرەکیدا. لەم بارەیەوە محەمەد مەعروف دەڵێ:

**126- کتێبەکەی، کە دەیبینیت، لە نووسینی منە.**

---

[1] نووسەك/ ئەو مۆرفیمانەن کە ژینگەی دیاریکراویان نییە، پۆلی ڕێزمانی جیاجیا هەڵدەبژێرن. وەك (ناو، ئاوەڵناو، گرێ ..... هتد) و پێوەی دەنووسێن. وەك: (جێناوە لکاوەکان، ت، م ..... هتد).

[ڕستەی (126) لە دوو ڕستە پێك هاتووە، ڕستەی (کە دەیبینیت) تێهەڵکێشی ڕستەی سەرەکی (ئەو کتێبە لەنووسینی مـنە) کراوە. وەك دەیدینن، هەر یەك لەم ڕستانە ڕستەی تەواون. واتە، خاوەنی کەرەسە پێویستییە ڕەسەنەکانن کە بکەرو کارە و هیچیان بۆشاییان تێدا نییە. ئەوەی، کە بەیەکتریا نەوە دەبەستێ، بوونی بۆشایی نییە لە پێکهاتەی ڕستەکەدا، بەڵکو بوونی نوسەکێکە لە ڕستە تێهەڵکێشراوەکەدا کە دەگەڕێتەوە بۆ گرێی ناوی ڕستەی سەرەکی][1] بەم پێیە ئەوەی بۆتە هۆی دروستکردنی پەیوەندی ئاوێتەبوون لە نێوان هەردوو ڕستەکە نابێت بۆشایی سینتاکسی بێت بەڵکو بوونی نووسەکەکەیە.

لەبارەی ئەم بۆچوونەش دەشێ ئەم تێبینیانە بخەینە ڕوو:

أ- ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو نووسەکەی کە محەمەد مەعروف ئاماژەی بۆ دەکات لە چوار چێوەی لاڕستە دیاخەرییەکەدا کار دەکات، واتە ئەرکێکی ناوخۆیی هەیە لە سنووری لاڕستەکەدا کە دیاریکردنی ڕێککەوتنی نێوان بکەرو کارە و لە هەردوو ڕستەکەدا (ڕستەی سەرەکی و لاڕستەی دیارخەری) (کتێب) (با سلێکراو) ەکەیە لە ڕستەی سەرەکیدا وەك (بکەرە) ە. واتە (کتێبە کە لە نووسینی منە) لە لاڕستەی دیارخەریشدا هەر هەمان کتێب بەلاّم بە شێوەی (کتێبە کە تۆ دەیبینیت) ە کە بە یاسای لوتکاندن (Topicalization) چۆتە پێشەوە واتە لە بنەڕەتدا (تۆ کتێبە کە دەبینیت) بووە، کە ئەرکی بەرکاریی دەبینێت. کەواتە (کتێب) لە هەر ڕستەیەکدا ئەرکی خۆی دەبینێت با هەر هەمان کتێبیش بێت.

---

[1] Muhammad Ma'ruf – 1997- p255.

کتێبەکە لە نووسینی منە (کتێبەکە تۆ دەیبینیت).

6 5 4 3 2 1

6 Ø کە + Ø 3 2 1

ئەمجا بە پێی یاساکانی گوێزانەوە ڕستەکە ئەم شێوەیە وەردەگرێت:

1 + ی + کە + 6 + 2 + 3 وا تە، (کتێبە کەی، کە دەیبیز یت، لە نووسینی منە).

ب-ئە گەرپ شت بە ئەرکی نوو سەك ببە ستین و بیکەین بە بنەما بۆ دەستنیشان کرد نی لاڕستەی دیارخەری، ئەوا ئەوکا تە تووشی هە ندێ کێشەی تر دەبیـنەوە، وەك تێکەڵ کرد نی جۆرە کانی تری لاڕستە لە گەڵ لاڕستەی دیارخەری، چونکە لە جۆرە کانی تریشدا نوو سەکەکان هەمان ئەرك دەبینن و لە چوارچێوەی لاڕستەکەدا کاری خۆیان ئەنجام دەدەن. ئەو کاتە ناتوانین جیاوازیی نێوان ئەم ڕستانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

**127- نازانرێ، کە کاوە لەبەرچی دواکەوت.**

**128- ئەوە ئەو هۆنراوەیەیە، کە تازە دامناوە.**

**129- دیارە، کە ئەو نایەت.**

**130- چۆتە بازاڕ، کە سێو بکڕێ.**

**131- بە زگێ برسی و بە زگێ تێرین،**

**لێمان ناگەڕێن، کە خۆش ڕابوێرین.**

**(هەندێ ئامرازی سینتاکسی...... هتد ل 60)**

**132- بە خێری نۆزدەساڵت تەمەنە و هێشتا بەوەت نەزانیوە، کە چای شیرین مانای خۆشەویستییە.** **(هەندێ ئامرازی سینتاکسی...... هتد ل 57)**

**133- بەردێك، كە نەزان بیخاتە ناو ئاو،**

**دەرنایێ بەسەد عاقڵی بەناو.**

**( هەندێ ئامرازی سینتاكسی...... هتد ل 59 )**

لەم نموونانەی سەرەوەدا تەنیا لە ڕستەی (128 )دا لاڕستەی (كە تازە دا مناوە ) دیارخەرییە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەی گرێی ناوی كە ( هۆنراوە ) یە. ئەوەی لـ ێرەدا تێبینی دە كرێ، ئەوە یە، كە نوو سەك لە هەمووﻻ ڕستەكاندا ئەو ئەر كە ناوەكی یە دەبینێت و ناتوانین، جیاوازی لاڕستەی دیارخەری و جۆرەكانی تری لاڕستە بەهۆی نووسەكەكانەوە دەستنیشان بكەین. بۆ نموونە لە ڕستەی (132 )دا (كە چای شیرین ما نای خۆشەوی ستییە ) هەمان نوو سەكی تێدا یە، بەلاّم نەبۆ تە دیار خەری هیچ یەكێك لە كەرەسەكان.

لە ڕ ستەی (126 )دا محە مەد مەعروف دە لێ (نوو سەكەكە لە ڕ ستە تێهەڵكێشراوەكەدایە و گرێ ناوییەكە لە ڕستەی دەرەوە لە ڕووی ڕێزما نەوە هەردوو ڕستەكە پڕن، بەلاّم لە ڕووی واتاوە ڕستە تێهەڵكێشراوەكە تەواو نییە، چونكە وا تای نووسەكەكە واتا ئەو گرێ ناوییەی ئاماژەی بۆ دەكات لە دەرەوەیە )[1].

دەبێ، تێبینی ئەوە بكەین، كە دوو نووسەك لەم ڕ ستانەدا هەن، یەكێكیان لە چوار چێوەی لاڕ ستەكەدا كار دە كات و ئەوی تریش لە چوار چێوەی ڕ ستەی سەرەكیدا. لەلایەكی تری شەوە بە بۆ چوونی وە چەییەكان (تەولیدی یەكان ) ئە گەر ڕستە لە ڕووی ڕێزمانەوە پڕ بێت، ئەوا لە ڕووی واتاییەوە بەتاڵ نابێت.

جگە لەمەش بە پشت بەستن بەو دۆنەما واتای یەی نوو سەك نا مان گەیەنێ تە وەلاّمێ كی یەكلا كەرەوە. كۆ مەڵێ گرف تی تر دێ نە ئاراوە، وەك: تێ كەڵ كرد نی جۆرەكانی لاڕستە و بوونی دوو نووسەك، یا گەڕانەوەی دوو نووسەك بۆ دوو كەرەسە. وەك لەم نموونانەدا دەردەكەوێت:

---

[1] Muhammad Ma’ruf - 1997 p255.

**134- تۆ، کە هاوڕێی منی، کارەساتەکەت دیت.**

لە بنجدا ڕستەکە لەم دوو ڕستەیە پێك هاتووە:

أ- تۆ کارەساتەکەت دیت. (ڕستەی سەرەکی)

ب- تۆ هاوڕێی منی. (لاڕستە)

تۆ کارەساتەکەت دیت (تۆ هاوڕێی منی).

| 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2 | 3 | Ø + کە | 5 | 6 |

ئەمجا بە پێی یاسای گوێزانەوە لاڕستەکە دەچێتەوە شوێنی خۆی و بەم جۆرە دەردەکەوێت:

- تۆ کە هاوڕێی منی کارەساتەکەت دی.


شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕ ← گ ن + گ ك

گ ن ← ج + لا

لا ← ئا گە + ڕ

گ ك ← ڕ




لە ڕستەی (134)دا دوو نووسەك بەرچاو دەكەوێت: یەكێكیان لە ڕستەی سەرەكی (تۆ كارەساتەكەت دیت) دایە و ئەوی تریان لە لاڕستەی دیاخەری (تۆ كە هاوڕێی منی) دایە و هەردووكیان بۆ یەك كەرەسە دەگەڕێنەوە كە ( تۆ) یە و (بكەر) ە لە ڕستەكەدا.

**135- خۆیان لەو كەسانە دەبوارد، كە قسە سەیرەكانیان دەكرد.**

لە ڕ ستەی (135)دا هەردوو نوو سەكەكە هەر یە كەیان بۆ كەرە سەیەك دەگەڕێتەوە، كەچی لاڕستەكە دیارخەریشە.

شیكردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕ ⟵ گ ن + گ ك

گ ن ⟵ ج خ

گ ك ← گ ب + گ ك


گ ب ← ئا پ + گ ن

گ ن ← گ ن + لا

گ ن ← ئا ن + ن

لا ← ئا گ + ڕ

گ ك ← ك


ڕ
گ ک
گ ن
گ ک
گ ب
گ ن
ئا پ
ج خ
ک
لا
گ ن
ڕ
ئا گه
ن
ئا ن
دەبوارد
قسه سەیرەکانییان
که
کەسانە
ئەو
لە
خۆیان
دەکرد

ئەمجا بە پێی یاسایێکی گوێزانەوە لاڕستەکە دەگوێزرێتەوە دوای کارەکە و لەم شێوەیەدا دەردەکەوێت:

- خۆیان لەو کەسانە دەبوارد کە قسە سەیرەکانیان دەکرد.

**136- دەنگی هەناسەی ئەوژنەی دەبیست، کە لە پەنای دانیشتبوو.**

ڕ ←——— گ ن + گ ك


گ ن ←——— ج

گ ك ←——— گ ن + گ ك

گ ن ←——— گ ن + لا

لا ←——— ئا گە + ڕ

گ ك ←——— ك




ئەمجا بە پڕێی یا سایێکی گوێزا نەوە وەك لە درەختە کەدا د یارە، لاڕستەکە دەگوێزرێتەوە دوای کارەکە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:

- دەنگی هەناسەی ئەوژنەی دەبیست، کە لە پەنای دانیشتبوو.

لە ڕستەی (136) دا :

1- ئەو دەنگی هەناسەی ئەو ژنەی دەبیست.

2- ئەو ژنە لە پەنای دانیشتبوو.

لە هەردوو ڕستەکەدا نووسەکەکان لە چوار چێوەی ڕستەکاندا کاردەکەن. واتە، لە ڕستەی یەکەمدا (ی)ی (ئەو ژنەی) بۆ (ئەو) کە بکەرە دەگەڕێتەوە، لە ڕستەی دووەمیشدا بە هەمان شێوە (ی)ی (لە پەنای) بۆ کەسی سێ یەمی تاك دەگەڕێتەوە کە بەرکارە.

**137- بەرنامە کورت و نوێیەکانیان گەلاّ لە کرد، کە لە گەڵ هەل و مەرجی ئەو سەردەمەدا دەگونجان.**

یاسای داڕشتنی بەم جۆرە دەبێت:


ڕ ←——— گ ن + گ ك

گ ن ←——— ج

گ ك ←——— گ ن + ك

گ ن ←——— گ ن + لا

لا ←——— ئا گە + ڕ




ڕستەی (137) لە دوو ڕستە پێك هاتووە:

1- ئەوان بەرنامە کورت و نوێیەکانیان گەلاڵە کرد.

2- بەرنامەکان لەگەڵ هەل و مەرجی ئەو سەردەمەدا دەگونجان.

لە ڕستەی یەکەمدا نووسەکی (یان) دەگەڕێتەوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ، کە (ئەوان) ە و بکەری ڕستەکەیە.

لە ڕستەی دووەمدا نووسەکی (ن) کە بە کاری (دەگونجا)دا لکاوە، دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ (بەرنامەکان) کە بکەری ڕستەی دووەمە و ڕێککەوتن دیاری دەکات.

کەواتە، لە هەردوو ڕستەکەدا نووسەکەکان ئەرکێکی ناوخۆیی و لە چوار چێوەی ڕستەکاندا دەبینن و هەر یەکەیان بۆ کەسێك دەگەڕێنەوە.

**138- تۆ ئەو کتێبەت خوێندەوە، کە من کڕیم.**

ڕستەی (138) لە دوو ڕستە پێك هاتووە.

- تۆ ئەو کتێبەت خوێندەوە.
- من ئەو کتێبەم کڕی.

بە هەمان شێوە لە ڕستەی (138) دا لە لاڕستەی دیارخەری (کە من کڕیم) نووسەکی (م) دەگەڕێتەوە بۆ (من) کە لە چوارچێوەی ڕستەکە دایە و پەیوەندی بە دەرەوەی لاڕستەکە نییە و نووسەکی (ت) لە ڕستەی (تۆ ئەو کتێبەت خوێندەوە) بۆ بکەری ڕستەی سەرەکی (تۆ) دەگەڕێتەوە و پەیوەندی بە لاڕستەکەوە نییە، بۆیە لێرەدا ناتوانین، بڵێین: نووسەکی (م) بۆ بکەری یا بەرکاری ڕستە سەرەکییەکە دەگەڕێتەوە. ئەم ڕستانە و دەیان ڕستەی تری لەم بابەتەوا مان لێ دەکەن کە بە دوای لێکدانەوە یەکی تردا بگەڕێین بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان لاڕستەی دیارخەری و ڕستەی سەرەکی.

## 3- <u>بوونی بۆشاییی سینتاکسی:</u>

ئەمەش وەك لێکدانەوەی سێیەم بریتییە لە بوونی بۆشایی سینتاکسی لە لاڕستە دیاخەرییەکەدا.

لێرەدا دەشێ، بڵێین: کە لاڕستەی دیارخەری لە ڕووی ڕۆنانەوە پڕ نییە، بەڵکو بۆشاییەکی سینتاکسی تێدایە، ئەم بۆشاییە سینتاکسییە وا دەکات کە پێویستی بە ڕستەیێکی تر یان یاریدەدەرێکی دەرەکی ببێت، بۆ ئەوەی ڕۆنانە کە تەواو بکات و بۆشاییەکە پڕ بکاتەوە، بەمەش دەبێتە بەندی ئەو کەرەسەیەی کە ڕۆنانەکەی تەواو کردووە. بۆ نموونە:

**139- ئەو گوڵەی، کە لە سەر مێزەکە بوو، وشك بوو.**

لە ڕستەی (139)دا لاڕستەی دیارخەری ( کە لە سەر مێزە کە بوو) لە ڕووی ڕۆنانەوە تەواو نییە، بەڵکو پێویستی بە بکەرێك هەیە. ئەم بکەرەش لە ڕستە سەرەکییەکە وەردەگرێت. واتە،

ئەو گوڵەی، کە (ئەو گوڵەی) لە سەر مێزەکە بوو، وشك بوو.

دەشێ، وا لێك بدەینەوە کە ئەم ڕستەیە لە بنچینەدا دوو ڕستەی سادە بووبێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- ئەو گوڵە لە سەر مێزەکە بوو.

ب- ئەو گوڵە وشك بوو.

لێرەدا ڕستەی (أ) تێهەڵکێشی (Subourdination) ڕستەی سەرەکی (ب) کراوە، ئەمجا وشە دووبارە بووەکان بە یاسای (هەمان لابردن)[1] لادەبرێن. واتە، لە هەردوو ڕستەکەدا (ئەو گوڵە) دووبارە بۆتەوە، یەکێکیان لا دەبرێت و ئەوی تر یان دەمێنێتەوە و (کە)ش وەك ئامرازی گەیەنەر بەکارهاتووە.

یاسای داڕشتنی لەم درەختەدا ڕوون دەکرێتەوە:


ڕ ⟵ گ ن + گ ك

گ ن ⟵ گ ن + لا

---

[1] جێی ئاماژە پێکردنە کە زاراوەی (هەمان لابردن) بەرامبەر بە (Equdelation) دانراوە لەگەڵ مامۆستای بەڕێز پ. وریا عومەر ئەمین.

گ ک ← ک




لە ڕستەی لێكدراودا هەمان دیاردە بە دی دە كەین كە بكەرێك بۆ دوو ڕستە بگەڕێتەوە، ڕستەكانیش سەنگی خۆیان لە دەست نادەن.

وەك:

**140- ئازاد هات.**

**141- ئازاد ڕۆیشت.**

**142- ئازاد هات و ڕۆیشت.**

لە ڕستەی لێکدراو دا بکەر لە ڕستەی دووە مدا نەتواوە تەوە، بەڵکو لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەرنە کەوتووە، بەڵام لە ڕستەی دیاخەرێدا یەکێك لە کەرە سەکان ئاوێتەی کەرەسەکەی تر دەبێت و ناتوانرێ، دووبارە بکرێتەوە:

***143- ئازاد هات و ئازاد ڕۆیشت.**

***144- ئەو گوڵەی، کە ئەو گوڵەی لە سەر مێزەکە بوو وشك بوو.**[1]

ئەمە نەك تەنیا بۆ بکەر بەڵکو بۆ بارە کانی تری وەك ( بەرکار، تەواو کەر.... هتد)یش ئەم بۆشاییە دروست دەکرێت. بۆ نموونە:

**145- ئەو نانەی، کە دەیخۆیت کۆنە.**

یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە دەبێت:

ڕ ———← گ ن + گ ك


گ ن ———← ج

گ ك ———← گ ن + ك

گ ن ———← گ ن + لا

---

[1] دەشێ لەم بارەدا کرداری تێکەڵکردنی ڕستەی لێکدراو و لاڕستەی دیار خەریی لە ڕستەی ئالۆزدا بە دوو کرداری ما تماتیکی کۆکرد نەوە و لێکدان بچوێنین، لە کۆکرد نەوەدا بەهاکانیان دەمێنێ و لە لێکدا ندا بەهایەکی تازە وەردەگرن. وەك: (س+س= 2س). کەچی لە لێکدا ندا کردارە کە شێوەیێکی تر وەردە گرێ. وەك: (س×س= $س^2$). لێرەدا (س) (وەك ڕستەی ئالۆز خۆی دە نوێنێ) لە کردەی لێکدا ندا ئازادی خۆی (بەها بنەڕەتییەکەی) لە دەست داوە.




لە ڕستەی (145)دا بە ئاسانی دەتوانرێ ئاماژە بە بکەرەکە بکرێت لە لاڕستە دیارخەرییەکەدا (کە تۆ دەیخۆیت). وا تە، بکەرە کە زیندوو بکەینەوە[1]، چونکە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا هەیە، بەڵام ناشێ، بە هەمان هێز و دڵنیاییەوە بڵێین: بەرکارە کە کرتاوە.

ئەم بنەمایە دەشێ، وەك ڕێوەرێکی ورد بۆ جیا کردنەوەی لاڕستەی بکەری و بەرکاری و جۆرە کانی تریش بەکاربهێنین. بۆ نموو نە، لە لاڕستەی بکەری و

[1] قەیس کاکل  2002 ل 175- 176.

بەرکاریدا بۆشایی سینتاکسی لە ڕستە سەرەکییەکەدا هە یە، کە چی لە لاڕستەی دیارخەریدا بۆشاییەکە لە لاڕستەکەدا هەیە. وەك:

**146- دیارە کە نایەت. (بکەر)**

**147- دەزانم کە دێت. (بەرکار)**

لە هەردوو ڕستەی (146) و (147)دا بۆشایی سینتاکسی لە ڕستەی سەرەکیدا دەبید نرێ: لە ڕ ستەی (146)دا بـ کەر و لە ڕ ستەی (147)دا بەرکار دوا خراون. دەتوانرێ، لەم ڕستانەدا گەیەنەری (کە) لابرێت. لێرەدا ڕەفتاری گەیەنەری ( کە ) ئاسایی نییە، چونکە هەر ئامرازێکی تروەربگرین، ئەم لا بردن و فڕێدا نە ناگرێتە خۆی. واتە، لانادرێت. وەك[1]:

**148- نازانم کەی دەچێت بۆ ئاهەنگەکە؟**

لە ڕستەی (148)دا ناتوانین: ئامرازی ( کەی ) لا بدەین، کە چی لە دوو بارە کردنەوەکەدا دەتوانین :لاڕستەکە لادەین. وەك:

**149- دەزانم، کە دەچێت، بەڵام نازانم کەی؟**

ئەم بۆچوونە وەڵامی ئەم پرسیارەشمان دەداتەوە کە ئامرازی ( کە )ی گەیە نەر بۆچی توانای لادانی بە ئارەزووی هەیە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: ئامرازی گەیەنەری (کە) وەك نیشانەی لێکدانی ما تماتیکی (×) ئەرك دەبینێ. خوێنەر لە زۆربەی بارەکاندا بەبێ بوونی نیشانەی (×) تەنیا بە بینینی ئەنجامەکە دەزانێ کە کردەکە لێکدانە و کۆکردنەوە نییە[2].

---

[1] ساجیدە عەبدوڵا  1994 ل 48.

[2] بۆ نموونە ئەگەر هەردوو ژمارەی (3 ، 5) جارانی یەکتر بکرێن و نیشانەی (×) ی بۆدا نەنرێت، تەنیا بە بینینی ئەنجامەکە دەزانرێ کە کردەکە لێکدانە. وەك:

$$\begin{array}{c} 3 \\ \underline{5} \\ 15 \end{array}$$

# بەشی پێنجەم

## جۆرەکانی لاڕستەی دیارخەری بەپێی ئەرکی سەرەو یاساکانی دارشتنیان

# بەشی پێنجەم

# جۆرەکانی لاڕستەی دیارخەری بەپێی ئەرکی سەرە و یاساکانی داڕشتنیان

لاڕستەی دیارخەریی لە ڕستەی ئاڵۆزدا ئەرکی دیاخەری سەرە دەبینێت. سەرە لە ڕستەی سەرەکیدا وەك کەرەسەیەکی سەرەکی ئەرکی جیاجیای وەك (بکەری و بەرکاری و .....) دەبینێت. لاڕستە دیارخەرییە کەش دەگەڕێتەوە بۆی و ئەرکی دیارخەریی دەبینێ بە پێی ئەرکی سەرەکە.

لە خوارەوەدا جۆرەکانی لاڕستەی دیارخەری بە پێی ئەرکی سەرە دەستنیشان دەکرێت:

## 1- <u>لاڕستەی دیارخەریی بکەری و یاسای داڕشتنی:</u>

لەو ڕستە ئاڵۆزانەی کە سەرەی گرێی ناوی ڕستەی سەرەکی، ئەرکی بکەری دەبینێت، لاڕستەی دیارخەریی پێوە بەند دەبێت و بۆی دەگەڕێتەوە و دەبێتە دیارخەری. واتە، پەیوەندی یەکی ئەرکی بە سەرەکەی دەبەستێتەوە، ئەویش پەیوەندیی (دیارخراو + دیارخەر)ە. سەرەی گرێی ناوی (دیارخراو) لە ڕستەی سەرەکیدا دەشێ لە گرێی ناوی بە هەموو جۆرەکانییەوە پێك هاتبێ وەك:

**150- ئەو کوڕەی، کە زۆری دەخوێند، خەڵاتی یەکەمی وەرگرت.**

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ئەو کوڕەی | زۆری | دەخوێند، (ئەو کوڕە) | خەڵاتی یەکەمی | وەرگرت.

| SI | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
|---|---|---|---|---|---|
| SC | 1 + ی | که + 2 + | Ø ( Equ ) + | 4 + | 5 |

ئەو کوڕەی، کە زۆری دەخوێند، خەڵاتی یەکەمی وەرگرت.


لە ڕستەی (150)دا لاڕستەی دیارخەری ( کە زۆری دەخوێند ) تێهەڵکێشی ڕستەی سەرەکی (خەڵاتی یەکەمی وەرگرت ) کراوە، (ئەو کوڕە ) وەك سەرە ئەرکی بکەریی لە ڕستەکەدا بینیوە. لاڕستە دیارخەرییەکەش بۆتە دیارخەری ( سەرە )کە، کە (بکەر)ە، پەیوەندییەکە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوون دەکرێتەوە:

ڕ ⟵ گ ن + گ ك

گ ن ⟵ گ ن + ئا خ + لا

گ ك ⟵ ڕ

ڕ




**151- ئەویش، کە زیرەکترین قوتابی پۆلەکە بوو، دەرنەچوو.**

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

| دەرنەچوو | ئەو | بوو | زیرەکترین قوتابی پۆلەکە | ئەو | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | SI |
| 5 | + Ø + | 3 + | 2 + کە + | 1 | **SC** |

ڕ ← گ ن + گ ك


گ ن ← گ ن + لا


گ ن ← ج

لا ← ئا گە + ڕ

گ ك ← ك

پەیوەندی ڕستەی سەرەکی بە لاڕستە و یاساکانی گوێزانەوەیان لەم درەختەدا ڕوون کراوەتەوە:






لە ڕستەی (151)دا سەرەی گرێی ناوی کە (جێناو)ە. ئەرکی بکەری ڕستەکە دەبینێ و لاڕستەی دیارخەری (کە زیرەکترین قوتابی پۆلەکە بوو)ی بۆ دەگەڕێتەوە.

ڕستەیێکی تر:


**152- پێنج لاوی دیکە، کە دایك نەیدەناسین، وەژوورکەوتن.**


ڕ ← گ ن + گ ك

گ ن ← گ ن + لا

لا ← ئا گە + ڕ

گ ك ← ڕ






لە ڕستەی (152)دا گرێی ناوی (پێنج لاوی دیکە) وەك سەرە کار دە کات، ئەرکی بکەریی بینیوە و لاڕستەی دیارخەری (کە دایك نەیدەناسین) ی بۆ دەگەڕێتەوە.

## 2- لاڕستەی دیارخەریی بەرکاری و یاسای داڕشتنی:

سەرەی گرێی ناوی لە ڕستەی سەرەکیدا دە توانێ ئەرکی بەرکاری ببیذێت و لاڕستەی دیارخەری بۆ بگەڕێتەوە و لە ڕووی داڕشتنەوە پێوەی بەند بێت، بەرکاریش وەك سەرە دەشێ (ناو، جێناو .... هتد) بێت وەك لە:


**153- ئەو منداڵەی هێنا، کە لە هەموویان جوانتر بوو.**

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕ ⟵ ب + بە + ك

ب ⟵ ج

بە ⟵ گ ن + لا




ئەمجا بە پێی یاسایێکی گوێزانەوە لاڕستەکە دەگوێزرێتەوە دوای کارەکە.


**154- ئەو پاپۆڕەشی نغرۆکرد، کە بۆ بەندەری نادیار هەلّیدەگرێ.**

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕ ⟵ ب + بە + ك

ب ← ج

به ← گ ن + لا




لە ڕستەی (154)دا (ئەو پاپۆڕە) سەرەیە و لە لاڕستە دیارخەرییەکەی (کە بۆ بەندەری نادیار هەڵیدەگرێ) دوورکەوتۆتەوە کە یەکسەر لە بنجدا بە دوایدا دێ و بە یاسایێکی گوێزانەوە چۆتە دوای کارە کە. وا تە، لە بنجدا (ئا ستی ژێرەوە)ی بەم جۆرەیە:

- ئەو ئەو پاپۆڕەی نغرۆ کرد کە بۆ بەندەری نادیار هەڵیدەگرێ.

ئەمجا بە پێی یاسایێکی گوێزانەوە لاڕستەکە دەگوێزرێتەوە پێش کارەکە و ئەم شێوەیە وەردەگرێ:

- ئەو پاپۆڕەشی، کە بۆ بەندەری نادیار هەڵیدەگرێ، نغرۆ کرد.

ئەمجا بە یا سایێکی تری بە ئارەزوو لاڕستەکە دووبارە گوێزراوە تەوە دوای کارەکە.

- ئەو پاپۆڕەشی نغرۆ کرد کە بۆ بەندەری نادیار هەڵیدەگرێ.

## 3- لاڕستەی دیاخەریی دیارخەر و یاسای داڕشتنی:

چەند کەرەسەیەك بەشداری لە داڕشتنی گرێی ناوی وەك (ناو، جێناو.... هتد) دەکەن، لە گرێی ناویدا دە بێ سەرەیەك هەبێ و کەرە سەکانی تر وەك دیارخەر ئەرکی وەسفکردن و پێناسینی ئەم سەرەیە ببینن.

لە ڕستەی ئاڵۆزیشدا بە هەمان شێوە سەرەی گرێی ناوی ڕستەی سەرەکی ئەرکی جیاجیای وەك (بکەری، بەرکاری، دیارخەری، ئاوەڵگوزارەیی) دەبینێت و لاڕستەی دیارخەری ئەرکی دیارخەرێکی فراوانی سەرەکە دەبینێ و دەگەڕێتەوە بۆی.

دەشێ لاڕستەی دیارخەری بۆ ئەو ناوە بگەڕێتەوە کە دەبێتە دیارخەری گرێ ناوییەکە، بەڵام دەبێ، تێبینی ئەوە بکرێت، کە ئەم ناوە (دیارخەر) ە کە وەك ناو نابێتە دیارخەری سەرەکە، بەڵکو وەك گرێیەکی ناوی ئەرکی دیارخەریی دەبینێت.

وەك لەم یاسایەدا بەرجەستەکراوە:

گ ن ⟵ گ ن + گ ن ..........

بۆ نموونە:

**155- کچی پوورەکەم، کە خوشکی باوکمە زۆر زیرەکە.**

لە ڕستەی (155)دا (پوورە کەم) وەك ناو نەبۆتە دیارخەری سەرەی ( کچ)، بەڵکو وەك گرێیەکی ناوی ئەم ئەرکە دەبینێت. واتە، بە پێی ئەم یا سایەی سەرەوە دەتوانین پێکهاتەی ڕستەی (155) بەم جۆرەی خوارەوە دەستنیشان بکەین:

گ ن ——————◄ ن + گ ن

ن ——————◄ کچ

گ ن ——————◄ پوورەکەم

لێرەدا (پوورەکەم) وەك دیارخراو (سەرە) ڕەفتار دەکات، چونکە سەربەخۆیی خۆی هەیە و لە دەرەوەی سەرەی یەکەمدا یە و دە توانێ دیارخەری تر وەربگرێ[1]، تەنانەت ناسیاری و نەناسیاریش وەردەگرێت، بێ ئەوەی کاریگەری لە سەر سەرە سەرەکییەکە هەبێت، وەك لە نموونەی (155)دا دەرکەوت. بۆ زیاتر ڕوونکرد نەوەش ئەمە دەخەینە ڕوو:

- **کچی پوورەکەم، کە خوشکی باوکمە زۆر زیرەکە.**
- **کچی پوورێکم، کە خوشکی باوکمە زۆر زیرەکە.**
- **کچی پوورە دڵسۆزەکەم، کە خوشکی باوکمە زۆر زیرەکە.**

لێرەدا دەردەکەوێت کە (پوورەکەم، پوورێکم، پوورە دڵسۆزەکەم) وەك گرێی ناوی لە دیارخراو و دیارخەر پێك هاتوون، ئەمجا ئەم گرێ ناوییا نە بەیە کەوە دە بن بە دیارخەری سەرەی گرێی ناوی ڕستەی سەرەکی کە (کۆڕی) یە.

لاڕستەی دیارخەریش دەگەڕێتەوە بۆ دیارخەرەکە کە پێك هاتووە لە (گرێیەکی ناوی و دیارخەرەکەی) شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی ڕستەکە بەم جۆرە دەبێ:

- **کچی پوورەکەم، کە خوشکی باوکمە زۆر زیرەکە.**

---


[1] بڕوانە قیس کاکل  2002- ل 168.

ڕ ← گ ن + گ ک

گ ن ← گ ن + لا

گ ن ← ن + نا + ج

گ ک ← ڕ




ڕستەیێکی تر:

**– کچی پووره دڵسۆزەکەم، کە خوشکی باوکمە زۆر زیرەکە.**

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:


ڕ ← گ ن + گ ک

گ ن ← گ ن + لا

گ ن ← ن + گ ن

گ ن ← ن + د

گ ک ← ڕ



## 4- لاڕستەی دیارخەریی ئاوەڵگوزارە و یاسای داڕشتنی:

ئاوەڵگوزارەش وەك بە شێكی نا سەرەكی بە شداری ڕۆ نانی ڕ ستەی سەرەكی ڕستەی ئاڵۆز دەكات و لاڕستەی دیار خەری وەك دیار خەرێكی فراوان دەگەڕێ تەوە بۆی. لەم لێكۆڵینەوەیەدا جۆرەكانی ئاوەڵگوزارە (كات، شوێن هۆ....... هتد) پۆل ناكرێن، چونكە ئەوەی لێرەدا مەبەستە تەنیا ئەوەیە كە ئاوەڵگوزارەش وەك بەشێكی ڕستە لەڕستەی سەرەكیدا لاڕستەی دیارخەرین بۆ دەگەڕێتەوە. وەك:

**156- لە باخچەكەدا، كە نزیك ماڵی براكەمە، یاری دەكەن.**

ڕستەكە لە بنجدا بەم شێوەیە بووە:

- ئەوان لە باخچەكەدا یاری دەكەن [ باخچەكە نزیك ماڵی براكەمە]

↓

Ø + كە


شیكردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕ ⟵ گ ن + ئا گ + گ ك

گ ن ⟵ ج

ئا گ ⟵ ئا گ ش + لا

گ ك ⟵ ن + ك




ڕستەکە لەم شێوەیەدا دەردەکەوێت:

- لە باخچەکەدا، کە نزیک ماڵی براکەمە، یاری دەکەن.

**157- لە سەر دۆشەگێکی گەورە، کە بۆ من دیاری کرابوو، دانیشتم.**


**(گێلە پیاو ل 293 )**

ڕ ← گ ن + ئا گ + گ ک

گ ن ← ج

ئا گ ← ئا گ ش + لا

گ ک ← ک




ڕستەکە لەم شێوەیەدا دەردەکەوێت:

- لە سەر دۆشەگێکی گەورە، کە بۆ من دیاری کرابوو، دانیشتم.


**158- ئەو شەوەی، کە زانیم شووی کرد، هەموویانم سووتاند.** **(گوڵی ڕەش ل99 )**

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕ ⟵ گ ن + ئا گ + گ ک

گ ن ⟵ ج

ئا گ ⟵ ئا گ ک + لا


گ ک ← ڕ
ڕ
گ ک
ئا گ
گ ن
ڕ
لا
ئا گ ک
ج
هەموویانم سووتاند
ئەو شەوە کە زانیم شووی کرد
ئەو شەوە
Ø
Ø + کە

## جۆرەکانی لاڕستەی دیارخەری بە پێی شوێنیان لە ڕستەی ئاڵۆزدا:

لاڕ ستەی دیار خەری وەك دیار خەر دەکەوێ تە دوای ئەو گریّ ناوی یە (دیارخراو)ە، کە دەبێتە دیارخەری، ئەمەش شوێنی سروشتی و گونجاوی خۆیەتی بەلاّم مەرج نییە هەموو کاتیّ بەوچە سپاوییە بێت، بەڵکو جاری وا دەبێت، لاڕستەکە هەمووی دەکەوێتە دوای ڕستە سەرەکییەکەوە، وا تە کارە کە دەکەوێتە نێوانیان.

بە شێوەیێکی گشتی لاڕستەی دیارخەری بە پێی شوێنی لە ڕستەدا بەم جۆرەی خوارەوە دەستنیشان دەکریّ:-

1- لاڕستەی دیارخەری دوای ڕستەی سەرەکی. (دەرەوە)
2- لاڕستەی دیارخەری دوای سەرەی گرێی ناوی. (ناوەوە)

## 1- لاڕستەی دیارخەری دوای ڕستەی سەرەکی (دەرەوە):

جاری وادەبێت لاڕستەی دیارخەری لە سەرەکەی دوور دەکەوێتەوە و هەموو لاڕستەکە دەکەوێتە دوای ڕستە سەرەکییەکە. بە شێوەیێکی گشتی لەو کاتا نەدا دەبێت:

أ- ئەگەر سەرەی گرێی ناوی بە شی گوزارەی ڕ ستەی سەرەکی بوو. (تەواو کەری کاری بوون) وەك:

**159- مۆڕفیم بچووکترین دانەی زمانە، کە واتای هەیە.**

ڕستەکە لە بنجدا پێك هاتووە لە:

1- مۆڕفیم بچووکترین دانەی زمانە.
2- مۆڕفیم واتای هەیە.

(مۆڕفیم) لە هەردوو ڕستەکەدا هەیە، بە پێی یاسایێك لە لاڕستەکەدا لادەبرێ و (کە)ی گەیەنەر بەکار دێت.

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:


ڕ ← گ ن + گ ك

گ ن ← ن

گ ك ← گ ك + لا

گ ك ← گ ن + ك

پەیوەندییەکە لەم درەختەدا ڕوون دەکەینەوە:



**160- شەرم و ڕیسوایی بۆ ئەو کەسانەیە، کە خەریکی ئەو کارانە دەبن.**

**(دایك- ل 62)**

ڕستەکە لە بنجدا پێك هاتووە لە:

1- شەرم و ڕیسوایی بۆ ئەو کەسانەیە.

2- ئەو کەسانە خەریکی ئەو کارانە دەبن.

(ئەو کەسانە) لە هەردوو ڕستەکەدا هە یە بە پێی یا سایێك لە لاڕستەکەدا لادەبرێ و (کە) ی گەیەنەر بەکار دێت.


شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕ ← گ ن + گ ك

گ ن ← ن + ئا بە+ ن

گ ك ← گ ك + ڕ

گ ك ← گ ب + ك




ب- ئەگەر سەرەی گرێی ناوی کە ئەرکی بەرکاری دەبینێ، کەوتبووە نێوان هەردوو بەشی کاری لێکدراو. وەك:

**161- باسی ئەو کارانەی دەکرد، کە بە نهێنی بۆ ئازادی کۆمەڵانی خەڵك دەکرێن. (دایك ل374)**

لە بنجدا ڕستەکە پێك هاتووە لە:

1- ئەو، ئەو کارانەی باس دەکرد.

2- ئەو کارانە بە نهێنی بۆ ئازادی کۆمەڵانی خەڵك دەکرێن.

لە هەردوو ڕستەکەدا (ئەو کارانە) دووبارە یە، بۆیە بە یا سای هەمان لا بردن لە لاڕستەکەدا لادەبرێت.


شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕ ⟵ گ ن + گ ك

گ ن ⟵ ج

گ ك ⟵ گ ك + لا

گ ك ⟵ گ ن + ك



کۆمەڵانی خەڵك دەکرێن

Ø + کە

ئەمجا بە پێی یاسایێك سەرەکە دەگوێزرێتەوە نێوان هەردوو بەشی کاری لێکدراوی (باس کردن ) و لەم شێوەیەدا دەردەکەوێت:

- باسی ئەو کارانەی دەکرد، کە بە نهێنی بۆ ئازادی کۆمەڵانی خەڵك دەکرێن.

هەروەها دە بێ تێبینی ئەوەش بکرێ، ئە گەر هات و، سەرەکە لە ڕستەی سەرەکیدا دووبارە بێتەوە، دیسان لاڕستەی دیارخەری دەکەوێتە دوای سەرە. وەك:

**162- خۆم یاسا دادەنێم، ئەو یاسایەی، کە بۆ هەموو کەس وەك یەك بێ.**

لە بنجدا ڕستەکە پێك هاتووە لە:

1- من خۆم یاسا دادەنێم.

2- ئەو یاسایە بۆ هەموو کەس وەك یەك بێ.


شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕ ⟵ گ ن + گ ك

گ ن ⟵ ج خ

گ ك ⟵ گ ك + لا

گ ك ⟵ گ ن + ك




دەبێ، تێبینی ئەوە بكرێ كە (ئەو یاسایە) لە ڕستەی سەرەكیدا دووبارە بۆ تەوە بۆ (تەئكید)ەو لە لاڕستەكە شدا بە پ ێی یا سای هەمان لا بردن لا براوە و لەم شێوەیەدا دەركەوتووە:

- خۆم یاسا دادەنێم، ئەو یاسایەی كە بۆ هەموو كەس وەك یەك بێ.

ج- ئەگەر هاتوو سەرەكە كەوتبووە كۆتایی ڕستەی سەرەكی:

ئە مەش لە كاتێكدا دەب ێت كە سەرەی گر ێی ناوی دەبێ تە دوا كەرە سەی ڕستەی سەرەكی و لاڕستەی دیارخەری بۆ دەگەڕێتەوە وەك:

**163- چاوەڕێی چاكە نەكەی لە كەسێك، كە نرخی هاوڕێیەتی نازانێ.**

ڕستەکە لە بنجدا پێك هاتووە لە:

1- تۆ چاوەڕێی چاکە لە کەسێك نەکەی.

2- ئەو کەسە نرخی هاوڕێیەتی نازانێ.

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:


ڕ ← گ ن + گ ك

گ ن ← ج

گ ك ← گ ك + لا

گ ك ← گ ن + ك

پەیوەندییەکە لەم درەختەدا ڕوون کراوەتەوە:



که + Ø

ئەمجا بە پێی یاسایێکی گوێزانەوە (کەسێك) دەگوێزرێتەوە بۆ دوای کارە کە و لە لاڕستەکەشدا بە پێی یاسای ( هەمان لا بردن) لا براوە و ( کە) گەیە نەر بەکار هێنراوە. ڕستەکە لەم شێوەیەدا دەرکەوتووە:

- چاوەڕێی چاکە نەکەی لە کەسێك کە نرخی هاوڕێیەتی نازانێ.

## 2- لاڕستەی دیارخەری دوای سەرەی گرێی ناوی (ناوەوە) :

شوێنی بنجی لاڕستەی دیارخەری دوای سەرەی گرێی ناوییە، چونکە لاڕستەی دیارخەری وەك دیارخەر وایە. واتە، ناوەکەی پێش خۆی وەسف دە کات، ناوە کەش دەشێ بکەر و بەرکار و گرێی بەند بێت. هەروەها زۆر جار گرێی ناوی دیارخەری خۆی لەگە ڵدا دەبێت، ئەوکا تە لاڕ ستە دیارخەرییە کە دەکەوێ تە دوای دوا دیارخەری سەرەکە. وەك:

**164- ئەو مالأنەی، کە بۆ سەیران هاتوون، هەرلەوێدا بە مێوانی ئەچن بۆ لای یەك.**

**(کوردەواری  ل 62)**

**165- باسی ئەو هاوڕێیانەی خۆی بۆ دەکرد، کە دوورخراونەتەوە. (دایك- ل396)**

**166- لەو ولأتەدا، کە بەردەلأنە، خانوو لە لادێکاندا لە بەرد دروست ئەکرێن.**

**(کوردەواری  ل 181)**

لە ڕ ستەکانی (164) و (165) و (166)دا لاڕ ستە دیارخەرییەکان یەک سەر کەوتوونە تە دوای سەرەکانییان کە بکەر و بەرکار و گرێی بە ندن لە ڕ ستەی سەرەکیدا.

لە کۆتاییدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لاڕستە دیارخەرییەکان بە شێوەیێکی گ شتی ئەم دوو ڕیزبوو نە دەگر نە خۆ یان. لە گەڵ ئەوە شدا جاری وا دەبێت،

لارستەکان دەتوانن، شوێنی خۆیان بگۆڕن، بێ ئەوەی کار لە ڕێز مانێتی ڕستەکە بکەن. بۆ نموونە:

**167- دەیویست ئەوخراپەیەی، کە دەرحەق بە دانیارکرد بووی، لە بیر خۆی بباتەوە.**

**(جەمیلە  ل 44)**

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا دە شێ، لاڕ ستەی دیار خەری بگوێزرێ تەوە دواوەی ڕستەی سەرەکی، بەم شێوەیە:

- دەیویست ئەوخراپەیە لە بیر خۆی بباتەوە، کە دەرحەق بە دانیارکردبووی .

بەهەمان شێوە لەم ڕستەیەی خوارەوەشدا:

**168- لەبەرسێبەری ڕیزە چنارێکدا لێی دانیشتم، کە ئەوەندە لە بڕەکە دوور نەبوو.**

**(جەمیلە  73)**

- لەبەرسێبەری ڕیزە چنارێکدا، کە ئەوەندە لە بڕەکە دوور نەبوو، لێی دانیشتم.

هەر بەم جۆرە لاڕستەی دیارخەری واش هەیە، ئەگەرگۆڕانکاری لە شوێنیدا بکرێت، کارلە ڕێزمانێتی ڕستەکە دەکات. واتە، ناجولێت. وەك:

**169- کەس نازانێ ئەوژیانە، کە وەك چەمێکی قوڕاو بە مەندی دەڕوا، دەڕژێتە کوێوە.** **(دایك  ل 12)**

*کەس نازانێ ئەوژیانە دەڕژێتە کوێوە، کە وەك چەمێکی قوڕاو بە مەندی دەڕوا.

# تەمومژی لە ڕستەی ئاڵۆزدا

تەمومژی وەك دیاردەیێکی زمانی بە شێوەیێکی گشتی لە ئاستی سیمانتیکدا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئاستەکانی تر دەستبەرداری دە بن. تەمو مژی لە ئا ستی مۆڕفۆ لۆژی (لێک سیکۆلۆژی)دا بە ندە بە هە ندێ کەرەسەی وەك هاوبێژی و فرە واتایی، لە ئا ستی ڕێزمانیشدا بە ندە بە پەیوە ندیی سینتاکسی نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی ڕستە[1].

بە گشتی تەمومژی لە زماندا ئەوەیە کە دەربڕینێك زیاتر لە واتایێك ببەخشێ[2].

لە زانستی زماندا دوو جۆرە تەمومژی لێك جیاکراوەتەوە:

أ- تەمومژی وشەیی کە بە هۆی هاوبێژی و فرە واتایی پەیدا دەبێ.

ب- تەمومژی سینتاکسی کە بە هۆی پەیوەندیی نێوان بەشەکانی ڕستە پەیدا دەبێت[3].

تەمو مژی ڕێز مانی کاتێك دەبێت کە چەند گرێیێك یان ڕ ستەیێك لە گەڵ ئەوەشدا کە لە واتادا جیاوازن، یەك سیما (شێوە) وەربگرن، ئە مەش دەبێتە هۆی بوونی زیاتر لە لێکدا نەوە و بۆ چوونێك بۆ وا تای ڕ ستەکە یا گرێیە کە. ئەم جۆرە تەمومژییە ناگەڕێتەوە بۆ تاریکیی تاکە و شەکان، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ پەیوە ندی نێوان کەرەسەکانی ڕستە. بۆ نموونە:

---

[1] جۆن لاینز، 1987- ل 24.

[2] وریا عومەر ئەمین، 1995 ژ 136.

[3] لە بەر ئەوە باسەکەی ئێمە لە ئاستی ڕێزماندایە، بۆیە باس لە تەمومژی ڕێزمانی دە کەین، چونکە زیاتر پەیوەندیی بە باسەکەوە هە یە. (بۆ زانیاری زیاتریش بڕوا نە طا لب حسین، 1998 و صباح رشید، 2000).

**170- ئەمانە بکوژن[4].**

تەمو مژی لە ڕ ستەی (170)دا دەگەڕێ تەوە بۆ ڕۆ نانی ڕ ستەکە و دوو جۆر لێکدانەوە بۆ ڕستەکە لە ئارادا هەیە:

- لە یەکێکیاندا (بکوژ) ناوی بکەرە و (ن) جێ ناوە وا تە (ئەما نە کار یان کوشتن و بڕینە)، ئەمانە (بکەر) ە.

- ئەوی تر یان وەك ئەوە وا یە، بڵ ێی: (ئ ێوە ئەما نە ب کوژن) کە تیا یدا (ئەمانە) دەبێت بە بەرکار.

لە ڕستەی ئاڵۆزیشدا بە هەمان شێوە دیاردەی تەمو مژی دەردە کەوێت و گەلێ ڕستەی ئاڵۆزی لێڵ واتا بەر چاو دەکەوێت و زیاتر لە لێکدانەوەیەك دەگرنە خۆیان . کەواتە (ئەگەر یەك ڕستە زیاتر لە مانایێکی بەخ شی، ئەوە ئەو ڕ ستەیە ز یاتر لە بنجێکی هەیە . یاسای گوێزانەوەی جیا لە سیمادا وەك یەکیان لێ دەکات)[1].

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی دیاردەکە چەند نموونەیێك دەهێنینەوە:

**171- ئازاد ئەو کوڕەی تێگەیاند کە خەمخۆری بوو.**

لە ڕستەی (171) دا لاڕ ستەی دیار خەری ( کە خەمخۆری بوو) تێهەڵکێ شی ڕستەی سەرەکی (ئازاد ئەو کوڕەی تێگەیا ند) کراوە. لاڕ ستە دیارخەرییە کە دوو جۆرە لێکدانەوە دەگرێتە خۆ، تەمومژییەکەش دەگەڕێ تەوە بۆ (ی) جێ ناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك کە بە وشەی ( خەمخۆر)ەوە لکاوە، کە دە شێ جارێکیان بۆ (ئازاد) بگەڕێتەوە و جارێکی تریش بۆ (ئەو کوڕە).

ڕستەکە دوو جۆر شیکردنەوە دەگرێتە خۆ:

یەکەم/ ئەگەر ڕستە ئاڵۆزەکە بەم شێوەیە لێکدرایەوە:

- ئازاد (ئازاد خەمخۆری ئەو کوڕە بوو) ئەو کوڕەی تێگەیاند.

---

[4] صباح رشید  2000 ل 33.

[1] وریا عومەر ئەمین  2004  ل 299 و 300.

واتە لە بنجدا ڕستەکە بەم جۆرەیە:

أ- ئازاد ئەو کوڕەی تێگەیاند.

ب- ئازاد خەمخۆری ئەو کوڕە بوو.

بۆ شیکردنەوە و دەستنیشان کردنی یاسای داڕشتنی ئەم هەنگاوا نە جێ بەجێ دەکرێ:

1- (ئازاد) کە لە گرێی ناوی ڕستەی سەرەکی دا بکەرە، لە لاڕستەکەدا بە یاسای (هەمان لابردن) (Equdelation) لادەبرێت.

2-(ئەو کوڕە) کە لە ڕستەی سەرەکیدا بەرکارە و لە لاڕستەکەشدایە، لادەبرێت، بەم شێوەیە:

ئازاد [ئازاد خەمخۆری ئەو کوڕە بوو] ئەو کوڕەی تێگەیاند.

1 2 3 4 5 6 7

ئازاد ∅+کە خەمخۆری ∅ بوو ئەو کوڕەی تێگەیاند

پەیوەندیی نێوان بەشەکانی ڕستەکە لەم درەختەدا ڕوون کراوەتەوە:


ڕ → گ ن + گ ك

گ ن → گ ن + لا

گ ن → ن

لا → ئا گە + ڕ

گ ك → گ ن + ك




ئەمجا بە پێی یاسایێکی گوێزانەوە لاڕستەکە دەگوێزرێتەوە دوای گرێی کاری و لەم شێوەیەدا دەردەکەوێت:

ئازاد ئەو کوڕەی تێگەیاند، کە خەمخۆری بوو.

دووەم/ ئەگەر ڕستەکە بەم شێوەیە لێکدرایەوە:

- ئازاد ئەو کوڕەی (ئەو کوڕە خەمخۆری ئازاد بوو) تێگەیاند.

واتە لە بنجدا ڕستەکە بەم شێوەیە بووە:

أ- ئازاد ئەو کوڕەی تێگەیاند.

ب- ئەو کوڕە خەمخۆری ئازاد بوو.

شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

(ئەو کوڕە) لە لاڕستەکەدا لادەبرێت بە پێی هەمان یاسای ڕستەکەی سەرەوە.

بە هەمان شێوە (ئازاد) یش.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئازاد | ئەو کوڕەی | (ئەو کوڕەی | خەمخۆری | ئازاد | بوو) | تێگەیاند. |
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 |
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| ئازاد | ئەوکوڕەی | Ø +کە | خەمخۆری | Ø | بوو | تێگەیاند |

پەیوەندیی نێوان بەشەکانی لەم درەختەدا ڕووندەکرێتەوە:


ڕ ← گ ن + گ ك

گ ن ← ن

گ ك ← گ ن + گ ك

گ ن ← گ ن + لا

گ ك ← ك




ئەمجا بە پێی یاسایێکی گوێزانەوە لاڕستەکە دەگوێزرێتەوە دوای کارەکە و لەم شێوەیەدا دەردەکەوێت:

- ئازاد ئەو کوڕەی تێگەیاند، کە خەمخۆری بوو.

بەم شێوەیە ئەم ڕستەیە (ڕستەی دووەم) لەگەڵ ڕستەی یەکەمدا بوون بە هاو سیما و بووە هۆی تەمومژی لە ڕستەکەدا، جاری وا دەبێت، تەمومژییەکە لە ڕستەی سەرەکیدا پەیدا دەبێت. وەك:

**172- دارا، کە پیاوێکی زۆر باش بوو، بەداخەوە مرد.**

ڕستەی (172) بە دوو جۆر لێك دەدرێتەوە:


یەکەم/ ئەگەر ڕستە ئاڵۆزەکە بەم جۆرە لێك درایەوە:

- دارا، کە پیاوێکی زۆر باش بوو، بە داخەوە (بە خەم و خەفەتەوە) مرد.

ڕستەکە لە بنجدا بەم شێوەیە:

أ- دارا پیاوێکی زۆر باش بوو.

ب- دارا بە داخەوە مرد.





شیکردنەوە و یاسای داڕشتنی:

ڕ ⟵ گ ن + گ ك

گ ن ⟵ ن + لا

گ ك ⟵ ئا گ چ + ك




ڕستەکە لەم شێوەیەدا دەردەکەوێت:

دارا، کە پیاوێکی زۆر باش بوو، بە داخەوە مرد.


دووەم/ ئەگەر ڕستەکە بەم شێوەیە لێك درایەوە:

بەداخەوە دارا، کە پیاوێکی زۆر باش بوو، مرد.

ڕستەکە لە بنجدا بەم شێوەیەیە:

أ- بەداخەوە دارا مرد. (مردنی دارا داخێکی گەورە بوو)

ب- دارا پیاوێکی زۆر باش بوو.




دارا  که پیاوێکی زۆرباش بوو، به داخه‌وه مرد

شیکردنه‌وه و یاسای داڕشتنی:


ڕ ← به ر + گ ن + گ ک

به ر ← گ ب

گ ن ← ن + لا

گ ک ← ک

پەیوەندیی نێوان کەرەسەکان لەم درەختەی خوارەوەدا ڕوون دەکرێتەوە:




ئەمجا بە پێی یاسایێکی گوێزا نەوە گرێی بە ندی ( بە دا خەوە ) گوێزراوە تەوە پێش کارەکە و لەم شێوەیەدا دەرکەوتووە:

- دارا کە پیاوێکی زۆر باش بوو، بەداخەوە مرد.

بەم جۆرە هەردوو ڕستەکە لە سیمادا وەك یەکیان لێ دێت.

ئەمە و گەلێ ڕستەی تریش لە زمانەکەدا بەرچاو دەکەوێت:

**173- کەروێشکەکە و دوو بێچووەکەی کە تۆ هێنابووت، بە تەڵەوە بوون.**

**174- ئەو قسانەی، کە تۆ کردت، زۆر دڵگیر بوون.**

# ئەنجامەکان

# ئەنجامەکان

1- بە شێوەیێکی گشتی لای زۆربەی ڕێزماننووسان سنورێکی یەکلا کەرەوە لە نێوان پۆلکردنی واتایی و پۆلکردنی ڕێزمانی (ئەرکی) لاڕستەکانی ڕستەی ئاڵۆز دەستنیشان نەکراوە. واتە ئەو لاڕستانەی کە چەمکی واتایی وەك کات، شوێن، هۆ... و.... ڕادەگەیەنن لەگەڵ ئەو لاڕستانەی کە ئەرکی ڕێزمانی جیاجیای وەك (بکەری و بەرکاری و دیارخەری و......) تێکەڵ کراون وەك تێکەڵکردنی لاڕستەی دیارخەری بکەری و بەرکاری لەگەڵ لاڕستەی کاتی و مەرجی، یا تێکەڵکردنی چەمکە واتاییەکان لەناو خۆیاندا وەك کاتی و مەرجی و.......

2- لە ڕێزمانی کوردیدا بە شێوەیێکی گشتی ئەوە چەسپاوە، کە سادەترین ڕستە لە گرێیەکی ناوی گرێیەکی کاری پێك هاتووە، ئەمە دەربارەی ڕستەی سادە. لە ڕستەی ئاڵۆزیشدا بە تایبەتی لەگەڵ هەندێ کاردا گرێی ناوی، کە (ئەرکی بکەری و بەرکاری) دەبینن لە ڕستەی سەرەکیدا وەك مۆرفیمی (سفر) دەردەکەون و بۆشایی لە ڕستەکەدا دروست دەکەن، لاڕستەکان ئەم بۆشاییانە پڕ دەکەنەوە.

3- لەناو ئامرازەکاندا (کە) وەك تاکە ئامرازە کە لەگەڵ لاڕستەی دیارخەریدا بەکاردێت. بەکارهێنانی لە زۆربەی کاتدا بە ئارەزووە و بە شێوەیێکی گشتی (ی)ی خستنە سەری لەگەڵدا بەکاردێت و ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە کە لابردنی (کە) دروستی کردووە، مەرجیش نییە تەنیا (کە)ی گەیەنەر ببێتە هۆی گەیاندنی لاڕستە بە ڕستەی سەرەکییەوە، بەڵکو باری تریش هەیە، کە دەتوانێ، ئەم ئاوێتە بوونە بە ئەنجام بگەیەنێ وەك بوونی بۆشایی سینتاکسی.

4- لارستە دیارخەرییەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەرەی گرێی ناوی ڕستەی سەرەکی بە پێی ئەرکە جیا جیا کان وەك (لاڕستەی دیارخەریی بکەری و لاڕستەی دیارخەریی بەرکاری و لاڕستەی دیارخەریی دیارخەرو لاڕستەی دیارخەریی ئاوەڵگوزارە).

لە لاڕستەی دیارخەریی دیارخەردا دەشێ لاڕستە دیارخەرییەکە بۆ ئەو ناوە بگەڕێتەوە کە لە ڕستەکەدا ئەرکی دیارخەری سەرەی بیذیوە (وەك گرێ یەکی ناوی) نەك وەك دیار خەر. وا تە، دە توانین، لەم یا سایەدا بەرجەستەی بکەین:

گ ن ⟵ گ ن +گ ن

5- شوێنی بنجی لاڕستەی دیارخەری دوای سەرەی گرێی ناوییە، بەڵام جاری وا دەبێت، لاڕستەکە لە سەرەکە جیا دەبێتەوە و کارەکە دەکەوێتە نێوانیان، بە بەکارهێنانی یا ساکانی گوێزا نەوە و دەستنیشانکردنی هەردوو ئا ستی (سەرە و ژێرەوە) دەتوانرێ، لاڕستەکە بگوێزرێتەوە شوێنی بنجی خۆی.

6- بە پێی ڕێبازی شیکاری و یاساکانی گوێزانەوە دەشێ، پەیوەندی نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی ڕستەی ئاڵۆز و جۆری لاڕستەکان یە کە یە کە دەستنیشان بکرێ و یاساکانی داڕشتنیان لە شیکردنەوەی درەختیدا ڕوون بکرێتەوە.

# سەرچاوەی نموونەکان


1- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، هەندێ ئامرازی سینتاکسی لە زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا، بەغدا، 1980

2- و / جەوهەر کرمانج، جەمیلە، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، 1981

3- حسێن عارف، گەلەگورگ، بەغدا، 1983

4- ڕەئوف بێگەرد، هەڵۆ، بەغدا، 1989

5- شێرزاد حەسەن، تەنیایی، بەغدا، 1983

6- و / عەزیز گەردی، داغستانی من، بەرگی یەکەم، بەغدا، 1979

7- و / عەبدوڵڵا حەسەن زادە، گێلە پیاو، بەغدا، 1978

8- و / کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی بە کەرەسەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، 1984

9- و / کریمی حسامی، دایك، بەغدا، 1978

10- محمد رضا باطنی، توصیف ساختمان دستوری زبان فارسی، 1348

11- و / نەژاد عەزیز سورمێ، ڕێگاوبان، بەغدا، 1983

12- هێمن، تاریك و ڕوون، 1974

# سەرچاوەکان

# سەرچاوە کوردییەکان

## یەکەم/ کتێب:

1- ئەورەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، 2004.

2- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتووخواز لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری لە دیالێکتە ناوەندییەکانی زمانی کوردیدا، بەغدا، 1980.

3- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، هەندێ ئامرازی سینتاکسی لە زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا، بەغدا، 1980.

4- ئەحمەد حەسەن ئەحمەد، ڕێزمانی کوردی، بەغدا، 1976.

5- تەوفیق وەهبی، دەستوری زمانی کوردی، جزمی یەکەم، بەغدا، 1929.

6- سەعید صدقی کابان، مختصر صرف و نحوی کوردی، بەغدا، 1928.

7- کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی سادە، بەغدا، 1986.

8- کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی کوردی، دەزگای ئاراس، 2000.

9- شێرکۆ بابان، ڕستەسازی و شیتەڵکاری زانستی، هەولێر، 1996.

10- سادق بەهائەدین، ڕێزمانا کوردی کرمانجی یا ژوری و ژێریا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ، بەغدا، 1987.

11- صالح حسێن پشدەری، کورتەیەك لە ڕێزمانی کوردی، بەغدا، 1958.

12- ك. ك. کوردۆیێڤ، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی د. کوردستان موکریانی، بەغدا، 1984.

13- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی چوارەمی ئامادەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 1981.

14- لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، 1976.

15- محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، 1974.

16- محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراووردا، بەغدا، 1981.

17- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی . زانکۆی سەلاحەدین، 1990.

18-محەمەد مەحوی، ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی، 2001.

19- نوری عەلی ئەمین، قەواعیدی زمانی کوردی لە صرف و نحودا، بەغدا، 1956.

20- نوری عەلی ئەمین، قەواعیدی زمانی کوردی لە صرف و نحودا، بەرگی دووەم، 1958.

21- نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، 1960.

22- وریا عومەر ئەمین، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، بەغدا، 1976.

23- وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر، 2004.

## دووەم / نامەی ماجستێر و دکتۆرا:

1- ئازاد ڕەمەزان عەلی، لە یاساکانی داڕشتنی ڕستەی مەرجی زمانی کوردی، نامەی ماجستێر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، 1999.

2- ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی، ڕیزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، 1996.

3- بەکر عومەر عەلی، بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، 1992.

4- حاتەم ولیا محەمەد، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجیی ژووروودا، نامەی ماجستێر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2000.

5- عەبدولاّ حوسێن ڕەسولّ، ناکردن لە کوردیدان نامەی ماجستێر، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، 1991.

6- عرفان مستەفا حەمە ڕەحیم، ڕستەی ئاوێتە لە زاری سلێمانی و هەورامیدا، نامەی ماجستێر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2003.

7- فەتاح مامە عەلی، هاودەنگ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر،1989.

8- قەیس کاکل تۆفیق، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، 2002.

9- طالب حسین عەلی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، 1998.

10- ڕەفیق محەمەد شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، 1997.

11- ساجیدە عەبدولاّ فەرهادی، ڕێزمانی بەندێتی، نامەی ماجستێر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، 1995.

12- ساجیدە عەبدولاّ فەرهادی، ڕستە و پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، 2003.

13- صباح ڕەشید قادر، هاوبێژی و فرە واتایی لە گیرەکدا، نامەی ماجستێر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2000.

14- شلێر ڕەسولّ بەرزنجی، ئاوەڵگوزارە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، 1989.

15- محەمەد فەتحوڵلاّ، کار تەواوکردن لە کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، 1988.

16- یوسف شەریف سەعید، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، 1990.

**سێیەم / گۆڤارەکان:**

1- ئێرنست مەکارەس، ڕستەسازی، وەرگێڕانی بۆ کوردی: محەمەد مەعروف فەتاح، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (115)، بەغدا، 1987.

2- جمال بابان، هەندێ لەو زاراوانەی واتایێك زیاتر دەبەخشن، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەشی یەکەم، بەرگی سێیەم، بەغدا، 1975.

3- غازی فاتح وەیس، لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری لە دیالێکتە ناوەندییەکانی زمانی کوردیدا و سینتاکس، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (91)، بەغدا، 1982.

4- غازی فاتح وەیس، لاڕستە لە زمانی کوردیدا، ئۆتۆنۆمی، ژمارە (2)ی ساڵی هەشتەم، ، بەغدا، 1984.

5- کوردستان موکریانی، ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی، ڕۆشنبیری نوێ، (124)، بەغدا، 1989.

6- کوردستان موکریانی، ڕستەی شوێنکەوتووی مەرج، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (125)، بەغدا، 1989.

7- محەمەد ئەحمەد سەعید، (کە) زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (82)، بەغدا 1980.

8- محەمەد ئەمین هەورامانی (کە) لە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردیدا، کاروان، ژمارە (12).

9- محەمەد مەعروف فەتاح، هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (125)، بەغدا، 1990.

10- محەمەد مەعروف فەتاح، سەرەتا لە جۆرێك لە ڕستەی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(128)، بەغدا، 1992.

11- محەمەد مەعروف فەتاح، نووسەککاری، گۆڤاری زانکۆ، ژمارە ( 7)، زانکۆی سەلاحەدین، 1999.

12- وریا عەمەر ئەمین، ئامرازەکانی بەستن، ڕۆژی کوردوستان، ژمار ە (67)، بەغدا، 1984.

13- وریا عومەر ئەمین، بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (121)، بەغدا، 1989.

14- وریا عومەر ئەمین، لێڵی لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە، (136)، 1995.

15- وریا عەمەر ئەمین، ڕستەی ئاڵۆزلە زمانی کوردیدا، باسێکی بلاًو نەکراوە، 1989.

***بە زمانی فارسی***

1- احمد قاضی، دستور زبان فارسی، انتشارات صلاح الدين ايوبی، چاپ اول، 1367.

2- عبدالعظيم قريب، ملك شعرای بهار، بديع الزمان فروزانفر، جلال همايی، رشيد ياسمی، دستور زبان فارسی، چاپ يازدهم، 1373.

3- محمد جواد مشكورن دستور نامة در صرف و نحو زبان پارسی، چاپ هفتم، 1350.

4- محمد رضا باطنی، توصيف ساختمان دستوری زبان فارسی، 1348.

## سەرچاوە عەرەبییەکان

1- توفيق وهبی، قواعد اللغة الكوردية، الجزء الاول، الباب الاول، 1956.

2- جون لاينز، اللغة والمعنى والسياق، ترجمة د. عباس صادق الوهاب، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العلمة، بغداد، 1987.

3- خليل أحمد عمايرة، فی نحو اللغة وتراكيبها، منهج و تطبيق، الطبعة الأولى، جدة، 1984.

4- عادل فاخوری، اللسانية التوليدية و التحويليية، الطبعة الاولى،1980.

5- فرديناند دی سوسير، علم اللغة العام ترجمة يوئيل عزيز، بغداد، 1985.

6- مازن الوعر، علم اللسانيات الحديث، مطبعة العجلونی، دمشق 1987.

7- ميلكا افيتش، اتجاهات البحث اللسانی، ترجمة د. سعيد عبدالعزيز مصلوح و د. وفاء كامل فايد، المطابع الأميرية، 1996.

8- ميشال زكريا، الالسنية التوليدية و التحويلية و قواعد اللغة العربية- الجملة البسيطة، بيروت، 1983.

9- نعوم تشومسكی، جوانب من نظرية النحو، ترجمة مرتضى جواد باقر،1985.

10- نوام تشومسكی، المعرفة اللغوية طبيعتها و اصولها و استخدامها، ترجمة و تعليق و تقديم د. محمد فتيحن الطبعة الاولى، 1993.

11- وفاء كامل فايد، البنيوية، عالم الفكر، مجلد 26، عدد (2) ديسمبر 1997.

# Reference:-


1- Andrew Radford – 1981 – Transformational Syntax – University- College of North Wales.
2- Assel Muhammad – Farrokhpey – 1999 – government and binding, Chomsky's Language theory, Tehran, sokhan.
3- Chomsky, N. (1965) aspects of the theory of the syntax. Cambridge mas mitt press.
4- Ernest N. McCarus, 1958, A Kurdish grammar Descriptive Analaysis of the Kurdish of Sulaimania, IRAQ, New York.
5- Geoffrey Leech a communicative grammar of English, Jon SAR tuik.
6- Jacobson, 1979, Transformational generative grammar.
7- K. Henge, 1989, Layers and operation functional grammar, JL, 25, No. 1
8- M. A. K Halliday, 1985, An Introduction of functional grammar, London Edward Arnold.
9- Muhammad Ma'ruf Fattah- Amsterdam, 1997, Generative grammar of Kurdish.
10- Radford, Transformational syntax, Andrew University, College of north Wales, first published 1981.
11- Richard A. Alden, fundamentals of grammar and writing.
12- Waria Omer Amin, Aspects of the verbal construction in Kurdish, London University, 1980.
13- Waria Omer Amin, some fundamental rules of Kurdish syntax structure, 1976.
14- http://users.ipfw.edu/jehle/courses/subjadj.htm

15- http://nweb.pct.edu/homepage/staff/evavra/kiss/wb/G07/sep/D17/Ex.htm
16- http://www.uwplatt.edu/~ciesield/adjectivals.htm
17- http://www.personal.kent.edu/~bkharvey/latin/clauses/dep_clause.htm
18- http://www.personal.kent.edu/~bkharvey/latin/relative_clauses.htm
19- http://www.personal.kent.edu/~bkharvey/latin/relative_subjunctiveclauses.htm
20- http://www.courses.cmich.edu/cdo440/grammar_review.html

## به زمانی فەڕەنسی

1- H. Mitter, J green wald and F. EgeA, 1980 Novel- itineratre, Grammatical, 3 Fernand
Nathan editeur

## سەرچاوەی نموونەکان


1- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، هەندێ ئامرازی سینتاکسی لە زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا، بەغدا، 1980

2- حسێن عارف، گەلەگورگ، بەغدا، 1983

3- ڕەئوف بێگەرد، هەلۆ، بەغدا، 1989

4- شێرزاد حەسەن، تەنیایی، بەغدا، 1983

5- محمد رضا باطنی، توصیف ساختمان دستوری زبان فارسی، 1348

6- هێمن، تاریك و ڕوون، 1974

7- و / جەوهەر کرمانج، جەمیلە، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، 1981

8- و / عەبدوللا حەسەن زادە، گێلە پیاو، بەغدا، 1978

9- و / عەزیز گەردی، داغستانی من، بەرگی یەکەم، بەغدا، 1979

10- و / کریمی حسامی، دایك، بەغدا، 1978

11- و / کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی بە کەرەسەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، 1984

12- و / نەژاد عەزیز سورمێ، ڕێگاوبان، بەغدا، 1983

# ملخص البحث

تحاول هذه الدراسة الموسومة (قوانين صياغة الجملة الوصفية التابعة فى اللغة الكوردية) تحديد القوانين التى تستعمل لصياغة هذه الأنماط من الجمل، اعتماداً على التحليل و التفكيك و حسب القوانين الانتقالية.

الجملة الوصفية التابعة نوع من انواع الجمل التابعة التى تعمل عمل الصفة للمكون الاسمي الذى تليه و ترتبط بالجملة الرئيسة و تعود عليها.

و قد عالج اللغويون الكورد الجملة الكوردية فى محاولات شتى و قدموا طروحات كثيرة بشأن ذلك إلا أن دراستهم تناولت بالدرجة الأولى (الجملة البسيطة) و لم يتطرقوا كثيراً الى الجملة المعقدة و تحليل مكوناتها بالنهج النحوي الجديد و صياغة القوانين المتبعة فى تركيب هذة الجمل المقتضبة.

هذا ما حدانى الى البحث في هذا الموضوع، و أهم مكوناتها هي اللهجة الكوردية الوسطى، و قد استند البحث الى الأمثلة القصصية و النتاجات المنشورة.

تتضمن هذه الأطروحة خمسة فصول مبدوءة بالمقدمة و مختومة بنتائج البحث، تتناول المقدمة عنوان الأطروحة و الغاية منها، و اطارها النظرى و منهجيتها مع ملخص للبحث باللغة الكوردية فضلاً عن معجم صغير ثم تطرق البحث الى تعريف بعض المصطلحات و المفاهيم النحوية المستعملة في البحث و خصصت قائمة لعرض بعض العلامات و الرموز المستخدمة فى البحث.

و يعرض **الفصل الاول** (مراجعة و تقيم مختصر للبحوث السابقة) اذ يقدم عرضاً لوجهات نظر اللغويين في هذا المجال مثل تحديد المصطلحات المترادفة للجملة الوصفية التابعة و تعريفها، و تصنيفها، و كيفية استعمال أداة الربط التي تربط الجملة التابعة

بالجملة الرئيسة، ثم بُين الخلط الذي وقع فيه بعض النحويين وححللت بعض الجمل التى حدث فيها هذا الخلط.

و خصص **الفصل الثاني** لـ (انواع الجمل من حيث التركيب) و قدم فيه ملخص لأنواع الجمل (البسيطة و المركبة و المعقدة) و عولجت مكونات الجملة المعقدة بشكل أوسع (الجملة الرئيسة و الجملة التابعة و أداة الربط) و توسيع الجملة بواسطة الجملة التابعة و كيفية تتابع هذه الجمل في جملة معقدة واحدة.

و **الفصل الثالث** يحمل عنوان (التصنيف الدلالي و التصنيف النحوي للجمل التابعة) برز لدراسة هذين التصنيفين و تحديد مجالهما و وضع حد فاصل بينهما مع بيان سلبيات التصنيفين و ايجابياتهما و توضيح الاسباب التي ادت الى تفضيل احد التصنيفين على الآخر. كما تطرق هذا الفصل الى تحديد وظائف الجمل التابعة (كالوظيفة الفاعلية و المفعولية و الوصفية و الظرفية).

و **الفصل الرابع** خصص لمعالجة (تعريف و الجملة الوصفية التابعة وطبيعتها) و تبيان التعريف الذي استعمله التركيبون و الذي يتفق مع طبيعة هذه الدراسة كما تم دُرّجت طبيعة الجملة الوصفية التابعة في بضع نقاط و وضحت الركائز النحوية التى تعد حسب آراء بعض النحويين من أهم أسباب التركيب و الاختلاط بين مكونات الجملة المعقدة مثل (أداة الربط، و اللواصق و الفراغ النحوي) و عُزز ذلك كله بآراء الباحثة و وجهة نظرها.

و **الفصل الخامس** و الأخير بحث (أنواع الجمل التابعة حسب الوظائف التي يؤديها الموصوف) كالوظيفة (الفاعلية و المفعولية و الوصفية و الظرفية) مع تحليل قوانين الصياغة لكل نوع و تحديدها، ثم حدّدت أنواع الجمل الوصفية التابعة حسب موقعها فى الجملة أي (الجملة التابعة الداخلية و الجملة التابعة الخارجية) و أُختتم الفصل

الخامس بتقديم عرض شرح وافٍ لموضوع (الغموض في الجملة المعقدة) و و قُدم تعريف للظاهرة كمدخل توضيحي لها ثم فسرت أنواعها في الجمل بصورة عامة و الجملة المعقدة بصورة خاصة و عُين قوانين صياغة هذة الجمل.

و وصلت هذه الدراسة الى طائفة استنتاجات مثبتة في (نتائج البحث) التي تليها قائمة للمصادر (باللغة الكردية و العربية و الفارسية و الانكليزية) و مصادر الأمثلة التي استخدمت في البحث ثم ملخص البحث باللغة الأنكليزية (Abstract) و العربية.

# ABSTRACT

The title of this thesis is “the formation rules of embedded qualifier sentences in Kurdish” it consists of Introduction and four chapters.

**The Introduction** states the title, the aim, the purpose, the limitation and the importance of the topic. It outlines some relevant principles of the theoretical framework used.

**Chapter one** is entitled “A general review and concise evaluation of previous works” It is a general review of the previous works about the embedded sentence in Kurdish. It is implemented through five dimensions namely a) – Terminology b) - Definition c)- Classification d)- The use of the Article e)- The confusion.

**Chapter two** is entitled “Sentence- Definition and Classification”. It deals with the definitions of the sentence, its types and components.

**Chapter three** is entitled “The classification of the types of the sentence” It deals with the semantic classification, grammatical classification and the functions of the embedded sentence.

**Chapter four** is entitled “Embedded sentence” it deals with the following topics a) - The definition and the nature of the embedded sentence b) - Qualifier embedded sentence c)- The nature of the qualifier embedded sentence d)- The syntactic principles and its relations concerning the existing of relative article, clitic and syntactic slots.

**Chapter five** is entitled “The types of embedded sentences” deals with the a) - Subjective qualifier embedded sentence b) – Objective qualifier embedded sentence c) - Qualifier embedded qualifier sentence d) - Adverbial embedded qualifier sentence e) - The positions of the embedded qualifier sentence f)- The ambiguity in complex sentence.

This thesis ends with some conclusions and a bibliography.

# THE FORMATION RULES OF EMBEDDED QUALIFIER SENTENCE IN KURDISH

## A THESIS

Submitted to the council of the College of Arts
University of Salahaddin as a partial
fulfillment of the requirements for the pH. D
degree in
Kurdish Language


**BY**

**SHLER RASUL BARZINJY**

**SUPERVISED BY**

**Professor. WARIA OMAR AMIN**


**2004 AD** **2704 K** **1425H**